ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

هاوکاری

التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

پێنج شه‌ممه ١٩٨٦/٦/٢٦ ژماره ٨٤٥

١٢ لاپه‌ره

به ٥٠ فلسه

الخميس ١٩٨٦/٦/٢٦ العدد ٨٤٥

له‌م ژماره‌یه‌دا
- کێشه‌ی چینایه‌تی له‌چێژوکی ته‌سیلی « ژاله » دا ل٩ .
- شانۆگه‌ری شاری ئه‌وین و سه‌رنجێك ل١٠ .

سه‌ره‌کی فه‌رمانده:

نیووی سوپای عێراق هێشتا نه‌گه‌یشتووه‌ته‌ باری جه‌نگی

سه‌رکرده: ره‌زامه‌ندی خواوگه‌ل باشترین یاداشته

سه‌ره‌کی فه‌رمانده نیشانه‌ی ئازایه‌تی به‌ پێوه‌به‌ری ده‌زگای موخابه‌رات و چه‌ند سه‌رکرده‌و لهاوڕێ یه‌کێ ده‌به‌خشێ

سه‌ره‌کی به‌ڕێز موهیب روکن صدام حسین سه‌رکرده‌ی گشتی هێزه چه‌کداره‌کان دووپاتی کرده‌وه که بناغه‌ی سه‌رکه‌وتنمان بڕوابوونمانه به‌مه‌سه‌له‌که‌و بناغه‌ی سه‌رکه‌وتنمان هه‌ستمانه به‌تێکرایی هه‌ر له قسه‌که‌ره‌وه تا هه‌موو سه‌رکرده‌کانی مه‌یدان و سه‌ربازه‌کان . ئێمه له کاتێك دا له پایه‌ی سه‌رکرده‌یی دێین خزمه‌تکاری گه‌لین ..

هه‌ستمان به‌رده‌وام له‌سه‌ر بنه‌ره‌تێك ده‌مێنێته‌وه که نیشانه‌یه‌ك هه‌ڵبگرم ئه‌ویش ئه‌و نیشانه رمزامه‌ندی‌یه‌یه که له ویژدانماندا جێگیر ده‌بێ سه‌بارەت به‌وه‌ی له به‌رده‌م خواوو له‌به‌رده‌م گه‌ل‌انو له‌به‌رده‌م بیروباوه‌ڕمان‌دا به‌جێی ده‌هێنین . ده‌قی وته‌که‌ی له لاپه‌ره (٣) بڵاوکراوه‌ته‌وه .

سه‌ره‌ك نیشانه‌ی ئازایه‌تی به‌ژماره‌یه‌کی زۆر له جه‌نگاوه‌ران ده‌به‌خشێ

سه‌ره‌کی به‌ڕێز موهیب‌روکن صدام حسین سه‌رکرده‌ی گشتی هێزه‌چه‌کداره‌کان نیشانه‌ی نیشتمانی .. له ناوتان‌دا ئازایه‌تی‌به ژماره‌یه‌کی زۆر له‌جه‌نگاوه‌ره پاڵه‌وانه‌کان جه‌نگاوه‌ڕێکم بینی جلی به‌خشی به‌هۆی ئه‌و قاره‌مانیتی‌یه گه‌وره‌یه‌ی له به‌رگری‌کردن له شه‌ره‌فو که‌رامه‌تو سه‌ربه‌رزیی نه‌ته‌وه دژی دوژمنی ره‌گه‌زپه‌رستی ئێران نواندویانه .

ئه‌مه‌ش ده‌قی وته‌که‌یه‌تی :

به خێرێین پیاوانی هێزه‌چه‌کداره‌کان‌و سوپای میللی‌و مه‌دنی له‌به‌ردایه له‌وانه‌یه یه‌کێك له پیاوانی ئاسایشی گشتی‌بێ له‌وانه‌ی له مانگێش دا جوامێرییان نواند وانه هه‌موان له گه‌ل عیراق .. ده‌ریایی‌و هێزی ئاسمانی‌و سواره‌ی سه‌ته‌یه‌کان‌و زه‌ڕه‌و توپ و ئه‌ندازیاری‌و پیاده گه‌وره‌ی به‌شه‌کان « یاخود به‌شه‌کانی‌تر زۆربه‌ی‌ن که وتمان پیاده گه‌وره‌ی به‌شه‌کانه » .. هێزه تایبه‌ته‌کان به‌شێکن له پیاده‌و هاونه‌ته کایه‌مو باری جه‌نگینی تایبه‌تی له پیاده‌یی‌یه‌وه و مرده‌گرێ به مه‌شق‌و به هه‌ڵبژارده‌یی له‌و ده‌رکه‌وتوو ـتره به‌ڵام له ناو جه‌رگه‌ی پیاده‌دایه .. وانیه ..

به‌ڵام پیاوانی ئه‌ندازیاری چرای زه‌وی حه‌رامن ،زه‌ڕێش توانایان له سنگیان‌دایه .. ده‌رباره‌یان نادوێین چونکه ئه‌وان توانای خۆیان ده‌زانن هه‌روه‌ك ئێمه ده‌یزانین که بۆچی پیاده به گه‌وره‌ی به‌شه‌کان ناو ده‌بڕێ .. که‌سێك ده‌ڵێ بۆچی له جه‌نگاوه‌ره‌کانی تر .

بڕوانه ل ١١

ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی ئاره‌زایی به‌رامبه‌ر کاری تێکده‌رانه دژی کوێت ده‌ده‌بڕێ

ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی ئاره‌زایی به‌رامبه‌ر ئه‌و کاره تێکده‌رانه ده‌بڕێ که له‌م دوایه‌دا تووشی کویت بوو. دکتۆر سه‌عدون حمادی سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌ن بڕوسکه‌یه‌کی بۆ به‌ڕێز احمد عبدالعزیز السعدون سه‌ره‌کی

بڕوانه ل ١١

وته‌ی هاوکاری

تا دێ توانامان زیاتر ده‌بێ

سه‌ره‌کی به‌ڕێز له کاتی به‌خشینی نیشانه‌ی ئازایه‌تی به به‌ڕێوه‌به‌ری ده‌زگای موخابه‌رات‌و ژماره‌یك له سه‌رکرده‌و هاوڕێکان سه‌بارەت به‌جه‌نگی عادیلانه‌مان دژی دوژمنی ره‌گه‌زپه‌رستی ئێران زۆر خاڵی راستی‌ی خسته‌رووو دوژمنی جارێکی تر وریا کرده‌وه که ده‌بێ له‌و راستیه بگا تا شه‌ڕ درێژه بکێشێ هه‌ر دوژمن خۆی لاواز ده‌بێ‌و داهاتی له کیس ده‌چێ‌و به‌رنامه‌که‌ی که له‌سه‌ر بنه‌ره‌تی زه‌وت‌ـکردنی خاك‌و فراوان‌کردنی خاکی خۆی داینا‌وه سه‌رناگرێ‌و ده‌که‌وێ ..

دوژمن گێله‌و نازانێ که عیراقی مه‌زن به‌یه‌کێتی گه‌ل عیراق‌و هێزه چه‌کداره نه‌به‌زه‌که‌یه‌وه یه‌ك‌دڵ‌و یه‌ك‌دەست‌و یه‌ك‌باوه‌ڕ ده‌جه‌نگێ‌و سه‌رکرده‌یه‌کی لێهاتوو رابه‌ری‌ده‌کا که کس نیه له‌م جیهانه‌دا له کارامه‌یی‌و بیرتیژی‌و به‌توانایی ئه‌م سه‌رکرده‌یه نه‌که‌یشتبێ .

به‌رامبه‌ر ئه‌مه له هه‌موو شارو گوندێکی ئێران‌دا پشتیوانی‌یه‌و به‌رهه‌ڵستکاران ئێران له بزوتنه‌وه‌و پارته رزگاریخوازه‌کانی ئێران هه‌موو ڕۆژێك زه‌بری گه‌وره گه‌وره له هێزه‌کانی خومه‌ینی ده‌ده‌ن‌و گه‌لانی ئێران به‌ته‌واوی‌و به‌وپه‌ڕی له‌خۆبور‌ـدنه‌وه هه‌موو ڕۆژێك داستانێکی نوێ دژی خوێن ڕێژه‌کانی قوم‌و تاران ده‌نوێنن له ئێران‌دا گه‌لانی ئێران تێکرا به‌فارس‌و ئازه‌رو کوردو عه‌ره‌ب‌و بلوچه‌وه

بڕوانه ل ١١

سه‌ره‌کی به‌ڕێز سه‌ر له‌یه‌کێك له سه‌ربازگاکانی مه‌شق‌پێ‌کردنی جه‌نگاوه‌ران ده‌دات

سه‌ره‌کی به‌ڕێز موهیب روکن صدام حسین سه‌رکرده‌ی گشتی هێزه چه‌کداره‌کان سه‌ری له یه‌کێك له سه‌ربازگه‌کانی مه‌شق پێ‌کردنی جه‌نگاوه‌ران‌دا کردنێکی دریژ ده‌باره‌ی مه‌شق کردن له سه‌ربازگه‌که دا گرت‌و سه‌بارەت به گرنگی‌ی په‌ره‌وی کردنی ڕێ‌و شوێن‌و نیزامی سه‌رباز‌ـی ئامۆژگاری کردن .

سه‌ره‌کی به‌ڕێز چاوی به ژماره‌یه‌ك له رابه‌ره‌کان کموت و به‌ڕێزی گوێی بۆ باس‌ـی ده‌قی ئامۆژگاری‌یه‌کانی سه‌ره‌کی فه‌رمانده له ژماره‌ی ئایینده‌دا بڵاو ده‌کرێته‌وه .

کوشتنی هه‌شتا که‌س له هێزه‌کانی ڕژێمی ئێران

به‌سه‌رپێرێ له پاریس بڵاو کرایه‌وه که جه‌نگاوه‌رانی پارتی دیموکراتی کوردستان له ئێران په‌لاماری دوو شوێنی سه‌ربازی ڕژێمی ئێرانیان له نزیك شاری پیران شاره‌وه داوه .

ئاژانسی هه‌واله‌کانی فه‌ره‌نسا له به‌رپرسیاری نووسینگه‌ی حزبه‌که‌وه ڕایگه‌یاند که له دوو هێرشه‌که‌دا هه‌شتا که‌س له هێزه‌کانی ڕژێمی ئێران کوژراون‌و ده‌ها که‌سیشیان برینداربوون .

لێپرسراوانی حزبه‌که وتیان سیانزده سه‌ربازی ئێرانییش به‌دیل گیراون‌و چه‌کێکی زۆریش گیراوه .

سوپای قاره‌مانمان له لێدانی دوژمن به‌رده‌وامه

دوژمنی نه‌فام‌و نه‌زان‌ـی‌ره‌گه‌زپه‌رستی ئێران که به‌دەستی خۆی چاڵی مردنی‌بۆ خۆی هه‌ڵکه‌نده‌وه به عه‌قلی پوچی لای وابوو که پاڵـماردانی عیراقی صدام حسین کارێکی زۆر ئاسان‌و ئاسایی‌یه ، نه‌یده‌زانی که زووو سه‌ری خۆی له دیوار ده‌داوله ماڵوێرانی به‌ولاوه هیچی بۆ نامێنێته‌وه .

ئه‌م دوژمنه ره‌گه‌زپه‌رسته که که‌وتۆته داوێکه‌وه چه‌ند ده‌کا نازانی خۆی لێ ده‌رباز بکا هێزه‌کانی له گشت به‌ره‌کانی جه‌نگ‌دا له لایه‌ن جه‌نگاوه‌ره دلێره‌کانمانه‌وه گه‌ماڕۆ دراون .. نه له ئاسمانه‌وه ده‌توانن فریایان بکه‌ون نه له ده‌ریاو نه له زه‌وـیه‌وه . له هه‌ر لایه‌که‌وه هێزێکی دوژمن چ له باکوورو چ له باشوورو چ له ناوه‌ند هێزێکی دوژمن‌بۆ فریاکه‌وتنی سوپاکه‌یان ده‌که‌وێته جووله. گورج ڕۆله نه‌به‌رده‌کانمان جووله‌ی لێ‌ده‌برن . خۆ هه‌ڵۆ ئازاکانمان هه‌ر ده‌ڵێی بۆ سه‌یران ده‌چن هه‌موو ڕۆژێك سه‌رو گوێلاکی سه‌ربازه به‌زبوه‌کانی دوژمن ده‌کوتنه‌وه سه‌دان ئامێرو ئامرازی جه‌نگی‌و بنکه‌و سه‌رباز‌گه‌و سه‌نگه‌ری لێ ده‌که‌ن به‌ته‌له‌برود .. له‌م هه‌فته‌یه‌دا هه‌ڵۆکانمان ده‌ستی گه‌وره گه‌وره‌یان له دوژمن وه‌شاند دوورگه‌ی خه‌رجیان ئاگر تێبه‌ردا نه‌یانهێشت هیچ که‌شتی‌یه‌کی نه‌وت‌به‌ر بکاته به‌نده‌ره‌کانی ئێران .. سه‌رـکرده‌ی هێزی ئاسمانی به هه‌موو ولاتانی جیهان ڕاگه‌یاند تا ته‌نانت ئاسمانی ئێرانیش بۆ هاتوچوکردنی فڕۆکه‌ی ولاتان قه‌ده‌غه‌یه‌و هه‌ر فڕۆکه‌یه‌ك ببینرێ ده‌خرێته خواره‌وه تا وه‌کو ئه‌و ڕۆژه‌مه چۆك داده‌داو به‌ئاشتی ڕازی‌ده‌بێ .. خۆ له چه‌ند ڕۆژێك له‌مه‌وبه‌ریش دا ئاگر تێبه‌ردانی زۆر له ناوچه‌ی نه‌وتی‌و پاڵێوگاکانی له لایه‌ن هه‌ڵۆکانمانه‌وه له به‌ر چاوه ..

تۆپ هاوێژه ئازاکانیشمان له زۆر به‌ره‌کانی جه‌نگ‌دا و به تایبه‌تی له ناوچه‌ی فاودا سه‌ریان له دوژمن شێواندوه و به تۆپه‌کانیان زه‌بری نه‌وه‌نده گه‌وره‌یان لێ داون که هه‌رگیز بیریان نه‌چێته‌وه .

هه‌روه‌ها له‌م هه‌فته‌یه‌دا جه‌نگاوه‌رانمان له به‌ره‌ی فه‌یله‌قی پێنجه‌م‌دا له گه‌شتێك‌دا ژماره‌یه‌کی زۆریان له چه‌کی دوژمن ده‌ست‌که‌وت که پێشتر له‌کاتی ڕاکردنی‌دا فریای گواستنه‌وه‌یان نه که‌وتبوو ..

دوژمنی به‌زیو ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش بۆ ده‌ربڕینی ڕقی دڵی خۆی ده‌وروپشتی خانه‌قین‌و بیاره‌ی به تۆپه دوورهاوێژه‌کانی تۆپ باران‌کرد ..

Institut Kurde de Paris

پرسە

کۆڕی زانستی عیراق پرسەی ئەندامی ئیشکەری مامۆستا موسی عبدالصمدرادەگەیەنێ کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠-٦-١٩٨٦ بەهۆی‌لەپڕوەستانی دلی بەرەو نیشتەجێی دوایی کۆچی‌کرد .

خوالێخوشبوو لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری هەولێر لەدایبك‌بووە ، دوای ئەوەی خوێندنی سەرەتایی‌و ئامادەیی تەواوکردوە ، چوەتە بەشی کۆمەڵایەتی لەزانستگای بەرزی مامۆستایان‌و بڕوانامەی لیسانسی بە پلەی شەرەف لە ساڵی ١٩٤٣دا وەرگرتووە ، لە پاشان‌دا لە بواری فێرکردنی ئامادەیی‌دا تا ساڵی ١٩٥٨ کاری کردوە، دوای ئەوە بە بەڕێوەبەری پەروەردەی لیوای هەولێر لە پاشان‌دا سلێمانی دامەزراوە، دوای ئەمە شوێنی پسپۆڕی یەکەمی بەڕێوەبەریی لە ساڵی ١٩٧٠دا گرتوەو لە دواییی‌دا بە ئەندامی ئەنجومەنی باسادانان هەڵبژێردراوەو دوایی بە ئەمینداری گشتی پەروەردەو فێرکردنی بەرز لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، لەوئیشەی‌دا مایەوە تا ساڵی ١٩٨٣ تاوەکو تەقاویت کرا. لەساڵی ١٩٧٩دا بە ئەندامی کۆڕی زانستی عیراق دانراوە .

لە ئیشەکەی‌دا لە وانەوتنەوەو بەڕێوەبەریی‌و کۆڕدا زۆر بەتەنگ ئەرکەکەیەوە بوو و بەڕاستی‌و بە بایەخەوەو بە بڕوابوونێکی زۆر بەخواو بەدڵسۆزیی بۆ نیشتمان‌و بەرێزلێنان لە ڕۆشنبیریی‌و لە بەهاکانی بیردەستی دابوە کارەکەی ..

خوالێخۆشبوو بەرەوشت بوو ، لە قسەی‌دا ڕاستگۆ بوو ، لە ڕەفتاری‌دا لە سەرخۆبوو حەزی لە چاکەو یاریدەدان دەکرد .

کۆڕ یادی شیرینی لە بیرناکاو داوا لە یەزدانی مەزن دەکەین کە سەبووری کەس‌و کاری بداتەوەو بیخاتە ناو ژمارەی ئەوانەوە کە لای خوایان هەر زیندوون

دکتۆر صالح احمد العلی
سەرەکی کۆڕی زانیاری عیراق

گرێدانا کونگرا بەرهەمی لدهۆکێ

لکات ژمێر (١٠)ی سپێدەهیا ڕۆژا ١٣-٥-٩٨٦ کونگرا بەرهەمی یا نیف ساڵی هاتە گرێدان لئێکەتیا پالێت دهۆکێ بچاف دێریا بەرێز نامق ڕەقیب سورچی پارێزگەرێ دهۆکێ و ئامادەبونا هەفال ئەمینداری نهێنیێ لەقا دهۆك یا پارتا بەعسا عەرەبیا هەفبشك و ئامادەبونا هەفال ئەمینداری نهێنیێ یێ مەکتەبا بالآیا مەلبەندی لدهۆکێ دیسا ئێکەتیا نەقابا پالێت دهۆکێ ووتارا ئێکەتیێ خاند و پاشێ بەرێز نامق سورچی پارێزگەرێ دهۆکێ «نوط العمل» پێش کێش کرن بو وان پالێت کفش دکاری دا و بەرێز ئەمینداریێ نهێنیێ یێ لەقا دهۆکی یا پارتا بەعسا عەرەبیا هەفبشك وبەرێز بەرپسیارێ مەکتەبا پالآیا مەلبەندی لدهۆکێ دیسا

بالآیا مەلبەندی لدهۆکێ و ئەندامێت لەقا دهۆکێ و کاربەدەست و بەرپسیارێت دهۆکێ و لپیشێ بەرێز «عبدالقادر مزوری» سەرەکێ «نوط العمل» پێش کێش کرن باشی بابەتێ کونگرێ دەست پێکر و دەست .

ب شروفە کرنا بابەت و چەند (نوط العمل) پێش کێش کرن‌و باشی هەفال عبدالقادر مزوری رابو «نوط العمل» ، ڕێزا ئێکی‌دا هەفال ناجی فیاض سەرەکێ ئێکەتیا قوتابیا و لاوا لدهۆکێ و هەفال ماهر الصراف ڕێڤەبەرێ بریسك و تەلەفونا و لدیماهیێ بەرێز سەرەکێ تەندروستی لدهۆکێ چەند کو تنێت بەرپسیار و کاربەدەستێت کارکەها و ڕێڤەبەریا لدهۆکێ کرن و ب بشکداریا بەرێز نامق ڕەقیب سورچی وهەفال مظهر مطنی المواد بەرپسیارێ مەکتەبا پالآیا مەلبەندی و هاتە دەست پێکرن بخاندنا ڕاپورتا ساڵی یا کارگەها داگرتنی و کارگەها بەروکێت کوردی و چەند کارگەهە و ڕێڤەبەریێت دهۆکێ و فێ کونگرێ قەکیشا بتر ژ جار کاتژمێرا و هاتە پێك ئینان لهولا ئێکەتیا نەقابا پالآ لدهۆکێ .

جسیم دوسکی

رژیما سوریی‌و تەنگاڤی‌یا ئابوری

نقیسینا بریندار مزیری

ئەچانسا دەنگ‌وباسێت فرنسی بەلافەکر ژ زار دەڤێ هندەك شارەزاو زێرەڤانێت رامیاری ئەوێت پیتە بسەروبەرێ دەولەتا سوریێ دکەن ئەڤەو گوت ڤێکاڤێ دەولەتا سوریا بسەرۆکایەتیا (حافظ اسد)ی یادتەنگاڤیەکا ئابوریدا دڤەرسەنگێت نەمانا درافیدا ژبەر وی پارێ دهێتە مەزاختن ژبەر چەبخانەو چەکێ لەشکرێ وان ل لوبنانێ ئو ئەوی دەستێ هاریکاریێ ئەوێ درێژ دکەت بۆ چەتێت بزاڤا امل یاکری‌گرتی لوی شەرێ دکەن دگەل چەکدارێت فەلەستینێ ئەوێت بەرەڤانی‌یێ دکەن ژ خیڤەتکەهێت فەلەستینێ لبیروتا ڕۆژئاڤا . .

ئەڤەو ژبلی کو ددەیندارن .. ئو ژلایەکێ دیڤە زێرەڤانێت رامیاری دیارکر کو ڤێ جارێ گەلەك ئالوزی کەتینە بەر سەرۆکێ رژیما سوریێ بجارەکێ ژبەر سەروبەرێ تەنگاڤیا درافی‌و ئەو کریارێت دهێنەکرن بۆ نەهێلانا وی و سیاسەتا وی .. یێ بەرێ سوریای دایە کێمپونەکا درافێ بیانی نەخاسمە ڤان ساڵێت دیماهیکێ .. ئو ئەو پارێ دەینای و هەلگرتی ئەفرۆکە «١٠٠» سەد ملیون دولار بتنێ مایە ئەوژیك تێرا چەند حەفتیەکا ناکەن ئەڤ چەندە رێبەرێت سوریێ دیارکر بێی کو ناڤێ وان بهێتە ئاشکراکرن .. و ژمارا دەینێت سورێ یێت دەرڤە نێزیکی (٤) چار ملیار دولارانە لدویف تەخمینا سالا «١٩٨٤» و فایدێ لسەر دەینێت بیانیا نێزیکی ٤- چار ملیون دولارانە و ئەو تشتێ دهێتریسە دەرفە یانکو بەرێ تشتێ نیف وی تشتی ناگریت ئەوێت ژ دەرفە دکریت .. و بەر پرسیارەکێ دبلوماسی لپاریس پایتەختا وەلاتێ فرنسا ئاشکەرا کریە کو ژ سالا نوی وەرە ئالوزیا درافی برژێما سوریێ کەتیە هەتاکو وەلێ هاتیە هندەك متاین فەڤ نینە وەك تشتێ خارنێ ل سویك و بازارا و ئەگەر هەبیت ببەرزە تێتە فرۆتن ئو ببهایەکێ گران و خزینا دەولەتێ ڤالا بویە ژبەر وێ مەزاختنا ل‌تشتێ لەشکەری دهێتەکرن و مای‌تێکرنا رژێمی سوریێ دشەرێت لوبنانێدا . .

چونکە مانا هێزێت سوریێ ل‌سەر ئاخا لوبنانێ هەر ڕۆژ ملیۆن لیرێت سورێ دهێنە مەزاختن ... ژبلی کو بهایێ دولارێ ئەمریکی ل‌سویکا رەش فێدویماهیکێ گەهشتیە «٢٠» لیرا کە چوار جارا هندی بهایێ رەسمی لێهاتیە .. و فرنکێ فرنسی هاتیەخارێ و بۆیە نیڤا بهایێ خو و بازرگانێت سوریێ‌و خودان کارخانە ئێگاڤی یێت مایە دەست ڤالا . ژبەر جنکی پارێ بیانی . بدەست وان ناکەفیت .. ئەڤ سەروبەرێ لاواز ل‌سوریا وەلێ هاتیە کو ل‌سەرێ مەها خزیرانێ دەستەکا دمولەتێت ئەوروبی هندەك هاریکاریێت تشتێ خارنێ دایە سورێ . .

ئەڤەو یاهەژی گوتنێیە کو ژ بنیاتێڤە سوریا دەولەتەکا بدات و دەرامەتە بەلێ ژبەر وێ رامیاریا ئابوریا خەلەت ئەوا ل‌ساڵێت حەفتیێ بکارهاتی ژ لایێ رژێما (حافظ اسد) ڤە بویە ئەگەرا تێکدانا ئابوریێ سوریێ‌و ئو پەیداکرنا دەولەتەکا هەژارو پێدڤی‌یێ تشتێت خارنێ بویە .

چاپخانە چۆن لە کەرکوك کرایەوە ؟

یەکەم چاپخانە لە کرکوك لە ساڵی ١٢٩٦ دا لە سەردەمی فیضی پاشادا دامەزرا ، ئەم چاپخانەیەش لە ڕێگای دەرباوە لە ئەستەمبولەوە گەیشتە بەسرا . بۆ چاپ کردنی فەرمانە ڕەسمیەکانی دەولەت .

وە لە ساڵی ١٣٢٦ دا (عون الله الکاظمی) موتەسەرف لە (مدرسة الصنائع) لە کەرکوك دا چاپخانەیەکی تایبەتی دامەزراند .

لە ساڵی ١٩١١ دا احمد مدنی ڕۆژنامەنووس چاپخانەیەکی دامەزراند بەناوی (الحوادث) ڕۆژنامەبەکیشی بەهەمان ناو لێ چاپ‌ئەکراو بەیەکەم ڕۆژنامەی سیاسی دانەنرا .

تا وەکو ساڵی ١٩١٨ لە بڵاوکردنەوەدا بەردەوام بوو لەدوایدا لە ساڵی ١٩١٨ فرۆشایە هێزی داگیرکەرو ڕۆژنامەی (انجرد)ی لێ چاپ کرا .

بەم جۆرە چاپخانەی « الحوادث » بو بەتاقە چاپخانەی شارو، شارەوانیش چاپخانەیەکی ئەمریکی هێناو چاپخانەی « الترقی » لە ساڵی ١٩٥٣ دا محمد امین عصری دامەزراند .

لە دوایدا چاپخانەی (التنویج) لە ساڵی ١٩٥٤ دا دامەزرا ئینجا چاپخانەی (الهلال) لە ساڵی ١٩٥٥دا وە لە ساڵی ١٩٥٨ دا شارەوانی کەرکوك چاپخانەی (الشمال)ی دامەزراند .

هەروەها لە ساڵی ١٩٦٧ چاپخانەی الجمهوریە دامەزرا .

● ناصر جرجیس ●

فؤاد حسین

دوای شەش ساڵی جەنگ ، دوای کەساسیی باری ئابوری‌و تێك‌چوونی بارودۆخی ناوەوەی ئێران‌و زیانی بێ‌شوماری مادی‌و مرۆیی‌و گەڕانی ئێران بەرەوپاشەوە بۆ سەدان ساڵو کوشتنی بارەکانی تری ژیان‌و کوژاندنەوەی چرای ڕۆشنبیری‌و سەرهەڵدانی دەیان گێرمەکێشەو تەنگوچەڵەمە نێو ئێرانیان‌دا .. دوای ئەمانە هەموو ڕەفسەنجانی ناچار بووە ڕۆژی هەبینی ڕابوردوو لە نوێژی هەبینی‌دا دان بە هەندێ لەم کێشەو گێچەڵانەدا بنێت‌و چەند چارەسەریەك بۆیان دەستنیشان‌بکات ، کە هەرگیز ئەم چارەسەریانە ناگەنە ڕاوەی کێشەکان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە باری ئابوریەوە هەیە .. ئێرانیان لە تاوی برسێتی‌و زەبری دەست کورتی‌دا دەنالێنن ، ڕەفسەنجانی داوای ئەوە لێیان دەکات یارمەتی دەولەت لە هەندێ پرۆژەدا بدەن‌و هاریکاریی خۆیان لەم بارودۆخە نالەبارەدا بنوێنن.. بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن پارەو پولن‌و دەسمایەدارن..

قسەکانی ڕەفسەنجانی دەنگی‌دایەوە ئەنجامەکەشی ئەوە بوو ڕەفسەنجانییان بە نەزان‌و نەفام گەوج دانەنەلەم . .

ڕەفسەنجانی هۆی کزی‌و لاوازیی ئابوریی دەستنیشان کردووەو ووتویەتی «ئەمەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەرتیل وەرگرتن‌و فەسادو ئابوریی تلیاق کە لێپرسراوە گەورەکانی دەولەت پێی هەڵدەسن» . ئیتر جەنگی ناڕەوایان کە بەسەر عیراقدا سەپاندوویانە پشت‌گوێ‌خستووەو ناوی نەبردووە ، کە هۆی سەرەکیی تالی‌ی ژیانی ئێرانیانە لە گشتی ڕۆژێکەوە ..

ڕەفسەنجانی ئەمە یەکەم جاری نی‌یە کە لە قسەکانی‌دا پێچاوپێچبکات‌و شتی هیچ‌وپوچ بگێڕێتەوە .. کەوا دەزانێت گەلانی ئێران‌و گەلانی تری جیهانی ناناسن‌و نازانن کە گەورەترین درۆزنە ... گەورەترین قاچاغچیەو خۆی بواردەوەتە خزم‌و کارەکانی خۆی‌و ئەوانی کەی ڕژێم بەکەیفی خۆیان دزی‌و تالان‌و قاچاخچێتی‌و بازرگانی بە تلیاق بکەن‌و ئاژاوە لە نێو ئێران‌دا بنێتەوە ..

وا دەزانێت گەلانی ئێران ئاگایان لە هیچ نی‌یە کە لە هەر دانیشتنێکی شەوانیان‌دا بە هەزاران هەزار تومان خەرج دەکەن .. لەولاشەوە گەلانی ئێران بۆ پارۆیەکی نان بەدارادەچن ..

خانەی هونەری پێشڕەوانی سلێمانی

بەرێز مامۆستا « حسین علی عبدالرزاق » بەڕێوەبەری خانەی پێشڕەوان لە سلێمانی ،لە دیدەنیەکدا باسی ئەو چالاکی‌و خۆئامادە کردنانەی بۆ کردین ، کە خانەی هونەری پێشڕەوان خەریکی جێبەجێ کردن‌و ئەو نەخشانەی بۆ دەستنیشان کردن ، کە خانەکە ڕێکی‌دەخات وتی :ـ

خانەی هونەری پێشڕەوان یەکێکە لەو خانانەی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان‌و لاوانی عیراق شان بە شانی لایەنە هونەریەکانی تری وەك یانەی ڕۆشنبیری‌و یانەی سینەماو شانۆو یانەی لاوان ..بەڵام کاروباری خانە تایبەت کارە بە هونەرەوە ، کە لە دوو بەشی سەرەکی پێك‌هاتوە موسیقاو ڕێگاوکانەکان ، ئەمانەش بەگوێرەی کارتیاکردن ، دەبێت بە چەند لقێکەوە لە بەشی موسیقا کەمان‌و ئیقاع‌و ئوکوردین ، جگە لە دوو تیپی هونەری خانە ، تیپی هەڵپەرکێ . بەشەکانی تریشی بریتین لە سیرامیك ، درومان ، هێڵکاری ، میکانیك دارتاشی .. کە هەر بەشە دەورەی تایبەتی خۆی بۆ دەکرێتەوە تیایاندا قوتابیان فێری ئەو شتانە دەبن بە گوێرەی ئارەزووی خۆیان دەورەکانی ئەمساڵ کە لە سەرەتای پشووی هاوینەدا دەستپێدەکات ، بەبۆنەی یەکی خوزیرانەوە لە ڕۆژی ١-٦-١٩٨٦ بەناوی دەورەی خۆمالێ بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بەردەوام دەبێت ، بۆ ئەم مەبەستە قوتابیەکی زۆر خۆیان ناونووس کردوە ، ئێمەش هەموو جۆرە پێویستەکمان ئامادەکردوە ، هەر لە مامۆستاو ڕاهێنەرو فێرکەرو کەرەسەی پێویست و هۆڵو ژوری تایبەت بۆ بەشداربوان ، سەرەتای کردنەوەی دەورەکانی ئەمساڵ بە ئاهەنگێکی قەشەنگ‌دەست پێدەکەین کە تیایدا خێزانی ئەو قوتابیانە ئامادە دەبن کە ناوی خۆیان نووسیوەو بەشداری دەورەکانمان دەکەن .

شێوەی دەوامی دەورەکانمان بە دوو دەوام دەبێت بەیانیان‌و پاش نیوەڕوان . پاش ئەوەی قوتابی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لەیەکی لەم دەورانە ، بڕوانامەی دەرچوونی پێدەدرێت پاش ئەوە ، بەشداری تیپی هونەری خانە دەکات ، بەشەکانی تریش بەسەر دەکرێنەوە ، بۆئەوەی پاش دەورەکە پەیوەندی نەبڕن‌و ئەوەی فێر بوون بیریان نەچێتەوە لە ورشەکانی خانە کاردەکەن ، هەروەها لەو لایەنە هونەریانەی یەکێتی قوتابیان‌و لاوان هەیەتی کاردەکەن . بۆ ئەوەی قوتابیان هیچ ماندوبونێکی ئەوتو نەکێشن ئوتوموبیلی تایبەتمان تەرخان کردوە بۆ گواستنەوەیان‌و هاتنیان بە شێوەیەکی ڕێك‌و پێك بەپێی هێڵی دانیشتنیان لەگەڕەکەکان ، ئاواتی هەر گەورەمان ئەوەیە کە بتوانین بەشێکی زۆر لەپێشڕەوان فێری ئەم لایەنە هونەریانە بکەین ، کە لە خانەکەماندا هەیە ، هەمیشە ئەوەمان لەیاد نەکردوە کە پیویستە شان بەشانی لایەنەکانی تری ڕۆشنبیری پەرە بدرێ بە توانای هونەری پێشڕەوان‌و گونجاندیان لەگەڵ خواست‌و ئارەزویاندا بۆ دروستکردنی وەچەیەکی ڕۆشنبیرو کارامە لەداهاتودا .

لقی سلێمانی

هاوکاری ل کومبەنیا تەئمین لدهۆکێ

خوێندەوارێ هێژا چاڤ‌پێکەتن نەهەما دکەل ڕەوشەنبیرا بەلکو هندەك‌دائرە پێتڤیە بۆ خوێندەوارا بدنە نیاسین کارو ئاستەنگێت وان ژی بزانین ..

هاوکاری ل کومبەنیا تەئمین ل باژێرێ دهۆکێ .. چاڤ‌پێکەتن دکەل سیدایێ هێژا (حسن رشید) جهکرێ ڕێڤەبەرێ کومبەنیا تەئمین لدهۆکێ ..

پ :ـ ئەرێ سەیدا مە دڤێت بزانین کاری دائراوە چیە ..؟

ب :ـ کارێ دائرامە کارێ تەئمینێ رادبیت‌و تەئمین دوو ڕەنگن تەئمینا گشتی «شامل» و تەئمینا پێتڤی (الزامی)و تەئمینا دژی ڕویدانێت ئوتومبیلاو سوتنێ و تەئمینا بازارگەهە و خارنگەهو ئوتێلا .. ئەفجا دەرباری تەئمینکرنا ئوتومبیلا تەئمینا «الزامی» یانکو ژوان دکریت دڤێت خو دانێت ئوتومبیلا چ یێت باری‌بن یان یێت تایبەتی‌بن یان یێت کرێ‌بن دڤێت هەرسێ هەیڤێت ئەولی ژ سالێ بهێن دائیرا کومبەنیا تەئمینێ بو تەئمینکرنا ئوتومبیلێت خوو ئەگەر لڤان هەرسێ هەیڤێت ئەول نەهین بێ کومان پاشی (ضریبە) دێ پتر لێ هێت نما تەئمینا گشتی‌یا «شامل» خو دانێ تومبلێ یان بازارگەهە یان ئوتێلێ یێ بکەیفا خویە فێ ڕەنگێ تەمینێ بکەت یان نەء لێ ئەگەر خودانێ تەئمینا گشتی خودانی بخوکر فایدێ فێ گەلەك زەرەرە ژیا ئیلزامی ..؟

پ :ـ تە چ هەیە بێژی جماوەری ب ریکا ڕۆژنامە هاوکاری ..

ب :ـ ب‌ڕاستی مە گەلەك پێ خۆشە ئەز ب ریکا (هاوکاری) خوشتڤی بێژمە هەمی شوفیرا ئوتومبیلێت خو تەئمین بکەن‌و داخوازا دکەم ژ هەمی خودانێت ئوتێلاو خارنگەها و بازارگەها کو بزو یترین دەم ڤان جها تەئمینی بکەین‌و داخوازێ

بروانە ل ١١

محمد ئوسمانا
تایێ دهۆکێ

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە بەڕێوەبەری دەزگای موخابەرات و هەندێ لە فەرماندەو هاوڕێیاندا

بەخێرهاتنی دلێرە پاڵەوانەکان دەکەین .. هاوڕێیان و فەرماندەکان .. چاوپێکەوتنتان هەموو پاڵەوانێتیی پیاوان لە بەرەدا تازە دەکاتەوەو لە دەروونمانا لە سەربازێکی سادەوە تا فەرماندەو بەڕێوەبەران .

وێنەی ئەمڕۆیش لایەکی گرنگ دووپات دەکاتەوەو وەڵامی لایەکی گرنگی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆ عیراق توانی خۆی ڕاگرێ بەرامبەر ئەو هێرشە دواکەوتووە گومان لێکراوە پڕکینەیە کە لە ڕۆژەڵاتەوە دێ .

وەڵامەکە ئەوەیە .. چونکە عیراق بە هەموو مانای دەورە شارستانیەکەیەوە بە هەموو مانای شەرەف و نیشتمانپەروەری گەلەکەیەوە تێکرا چووە شەڕەوە نەك هەر بە هێزە چەکدارەکەی و لە پلەی هێزە چەکدارەکانیشا هێزە چەکدارەکان بە هەمان گیانەوە چوونە شەڕەوەو بە یەکێتیی یەکی بەردەوام و ئاوێتەبوونێکی تەواوی یەکتری لەنێوان هەموو سنف و چەکەکانیانا .. هێزە چەکدارەکان بە گیانی یەك پیاوەوە شەڕیان کردو بە یەك دەستو یەك دل بۆ لێدانی دوژمن و بڕاندنەوەی و ڕێگەگرتن لەوەی کە عیراق داگیرکا ..

ئەمەیش لایەکی گرنگە چونکە ئەم وێنەیە لایەکی گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژیانەی ڕاستی تواناو گیانی نەتەوە دەردەبڕێ لە ڕووبەڕووبوونی دوژمنانی دەرەوەدا .

ئەگەر هێزە چەکدارەکانی عیراق هەر بەتەنیا دوور لە قوولایی یەکە گرنگەکەیان و پێوەندیی گەرمیان بەگەلەوە شەڕیان بکردایە سەرنەدەکەوتن و ..

ئەم جەنگە چەندە درێژە بکێشێ .. ئەنجام سەرکەوتن هەر بۆ عێراقە

ئەگەر دەستدرێژی بکرایەتە سەر گەلێك کە هێزێکی چەکداری مەشق دادراوو ڕێك و پێك و پڕباوەڕی نەبوایە بە مەسەلەی گەلەوە بە یەك ئیمان و لەسەر یەك ئاست لەگەل گەلدا نەژیایە بە هەموو ماناو بارودۆخ و توانایەکیەوە سەرکەوتن بۆ عیراق نەدەبوو وەك ئەوەی ئیستا سوپاس بۆ خوا هەیە .

سەیردەکەی جووتیار بە بێلەکەی شەڕدەکا چونکە کشتوکاڵ دەکاو کشتوکاڵ لە بارودۆخی شەڕدا پەرەدەسێنێ زیاتر لە کاتی پێش شەڕ .

سەیردەکەی هەموو عیراقی یەکان وان .. کرێکار لە کارگاکەیاو پیاوانی دلسۆز لە هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێناندا لە کارگاو شوێن ئیشەکاندا خزمەتگوزاری بۆ هێزە چەکدارەکان و گەل پێشکەش دەکەن .

حزبیش دەوری سەرکردایەتیی نەخشەکێشراوی خۆی دەبینێ بەگوێرەی ئەو دەورە مێژوویی یەی کە دەیگێڕێ لە بنیاتنانی عیراقێکی تازەداو لە ئەنجامی ڕەزامەندیی و حەزی جەماوەری گەلیشدا بووە بە سەرکردە وەك خزمەتکارێکیش دەجووڵێتەوە لەوکاتەدا کە سەرکردایەتیی جەماوەری گەل دەکا بۆ پێشەوە بەجۆرێکی ئاشکراو دیاری وا کە لە سنووری نیشتمانی عیراقیماندا دوورو نزیك دانی پیانێ .

دەزگا تایبەتیی یەکانیش کە چاوی چاودێری کردن بۆ سەیرکردنی هەموو جووڵانەوەیەکی دوژمنانە کە بۆ کەلکردن یا پەکخستنی هێزی تەکاندان دەکرێن وەك ئەوەی کە نەخشەی بۆ کێشراوە بۆ ڕووبەڕوونی دوژمن چالاکیی یەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و ڕێك و پێك دەچن بەڕێوەو بنەمای پشت بەستنیان چاوی گەلە .

من بە دوورو درێژی ئاگام لە زۆر مەسەلەی گرنگ و گەورەیەو .. دەزگا تایبەتیی یەکان ئاگاداری جم و جووڵی خراپکارانەی ڕەتلی پێنجەم دەبوون بەهۆی کۆششی دلسۆزو جوامێرانەی هاوولاتیانی ئەم وڵاتە گەورەیەوە بەو زانیاریانەی کە پێشکەشیان دەکردو پیاوانی دەزگا تایبەتیی یەکانیش بەهۆی ئەو شارەزاییو توانایەی کە هەیانە ئەو زانیاریانەی هاوولاتیانیان شی دەکردەوەو ئەنجامی وایان لێ هەڵدەکراند کە خزمەتی ئارامی و سەقامگیری و گەشەکردنی وڵات بکا .

کە وابوو عیراق بەوجۆرە شەڕی کردو سەرکەوتو .. سوپاس بۆخواو هەرچەندەیش کاتی شەڕ درێژە بکێشێ بەم گیانەوە سەردەکەوێ کە بریتییە لە باوەڕ بەوەی کە یەك ئاڵا هەمیشە دەبێ سێبەری بکێشێ بەسەر خاکی عیراقدا لە سەرەوەیەوە تا خوارو .. گەلی عیراق بە سەربەرزی بژی وەك بەشێکی زیندووی هاوکار لەگەل مێژووی نەتەوەو قەوارەو ئیستاو پاشەڕۆژیا .

هەروەکو چۆن گەلو هێزە چەکدارەکانی بەم گیانی هاوبەشییەوە شەڕدەکەن کە عیراقی پاراست ، هەروەها دوژمنانیش هەر لەو سەنگەرەدا نین کە تفەنگی خومەینییەکانی لێوە دەتەقێ لە بەرەدا بەڵکو هەموو ئەوانەی کە یاری بە خواردەمەنی گەل دەکەن بەشێکن لەو پرۆسێسی دژایەتییەو ئەوانەیش کە لە خەتی پشتەوە ئەرکی خۆیان باش جێبەجێ ناکەن و سەعات بە سەعات سوود لە کات و ەرناگرن و ئەمانە لە ئەنجامدا ئەگەر لە دڵیشدا وانەبن خزمەتی نەخشەی دوژمنان دەکەن و .. هەریەکێ لە ئێمە لە قسەکەرەوە بگرە تا سادەترین عیراقییەك ئەگەر بکەوێتە گفتوگۆیەکی ساکار لەگەل خۆیا حاڵ چۆن دەبێ ئەگەر عیراق بەم گیانەوە ڕانەبەڕیابە .. حاڵ چی دەبوو ئەگەر سەرکردەی ڕەوت حزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیست بە تێکۆشەرە ئازاکانیەوە خزمەتکاری گەل و سەرکردەیشی نەبوایە لە هەمان کاتدا .. حاڵ چی دەبوو ئەگەر عیراقییەکان ئاگاداری ئەوە نەبوونایە کە نیازە یا لە نیازە ڕاستییەکانی دەستدرێژییەکەی خومەینی نەگەیشتنایە لە ئێرانا .

پێویستە لەسەرمان بێدارتر بینو خۆ یە کەمتر بزانین

لەو باوەڕەدام هەر یەکێ لە ئێمە گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە بارودۆخی عیراق ڕەنگبوو بارو دۆخێکی تر بوایە غەیری ئەوەیە کە ئیستا تیایاین .. بەڵام پێویستە لەسەرمان هەرکاتێ هەست بەوە بکەین کە بەهێزین لەمەوبەر بێدارتربینو .. کاتێ کە هەست بە هێزمان بکەین پێویستە لەسەرمان زیاتر خۆمان بە بچووکتر بزانین لەمەوبەرو .. دەبێ خۆمان ماندوو کەین بۆ ئەوەی بزانین دەبێ چی زیاتر پێویستە هێزو توانا بیکەین بۆ ئەوەی خۆمان لە هەموو هێزو توانایەکی زیاتر بپارێزین کە دەچێتە ناو ڕێزی دوژمن لە هەموو ڕێ تێ چوونێکدا .

ئائەمە ئەو گیانەیە کە شۆڕشی مەزنی تەموز لەسەری چووە لە ١٧ - ٣٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ وە تا ئەمڕۆژەی ئیستامان .

کاتێ کە دەگەینە قۆناغێ لە قۆناغەکانی توانایی داوای زیاتر دەکەین .. هیچ ڕۆژێکیش وامان لێك نەداوەتەوە توانایی بریتییە لەو ڕەگەزە ماددییە کارێگەرانەی کە لە دەستمانان .. یا ئەوانەی کە لە بەردەممانان یا لە چوارچێوەی تواناماندان بەڵکو ئەو حاڵەتەیە کە فراوانترو بەرینترە لەمەو دەکشێ بۆ سەر هەموو ڕەگەزەکانی ژیان بە هەموو مانا بەرزو شەریفەکانیەوە لە ڕەوشتی چاك و توانای ئابوورییو لە گیانی میللەتدا کە بنەڕەتەو لە ڕەگەزەکانیتری توانایيدا بە ڕەگەزە ماددییەکانیشەوە .

● گەل سەرچاوەمانە ●

هەمیشە هەرچی داوای توانایی زیاترمان کردبێ ڕوومان کردوەتە گەل لە تێکەڵاو بوونو پێوەندیی و خۆکۆکردنەوەدا بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییە نیشتمانیی و نەتەوایەتییەکان چونکە گەل سەرچاوەمانەو پێکهێنەری لایەکی گرنگی ئەو ڕەگەزانەی چاکەیەیە کە لە دەروونمانایەو .. ئەو نموونەیەمانە کە سەرکردایەتیی دەکەین و لێیەوە فێری دووربینی دەبین و .. ئەرکە سەرکردایەتییەکەیشمان پشت گوێ ناخەین بۆ پێکەوەنانی ئەو دووربینییە سەرکردایەتییەی کە گەل لێی ڕازی بێ .. لەویشەوە فێری سەبر دەبین لەو کاتەدا کە ئەوەمان لەبیر ناچێ کە چ سەبرێ پێویستە بمانبێ بەوجۆرەی کە بگونجێ لەگەل ئەو پایە سەرکردایەتییانەی کە چ لە دەوڵەت یا حزبدا گرتوومانە .

ئازایەتیشمان لەوەوە وەردەگرین لەکاتێکدا کە ئەوەمان لەبیرناچێ کە چ ئازایەتییەکمان پێویستە کە لەگەل پایەو جێوڕێو ئەرکماندا بگونجێ لە باڵاترین شوێنی سەرکردایەتییەوە تا نزمترین ئەڵقەیەك کە پێوەندی هەبێ بە گەلەوە بەشێوەیەکی کاریگەرانە بە مەبەستی هاندانو کۆکردنەوەو هۆشیارکردنەوەو بنیاتنانو شەڕکردن .

هەمیشە سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەم ئەڵقانە بە یەکترەوە بەسترابن بە پرۆسێسێکی کارلەیەککەری بەردەوامەوەو باشترین ئەنجامی وای لێ دەرچێ کە ئاواتی ئێمەو ئاواتی گەل دەربڕێ بە ڕێگای ئەو بیروباوەڕانەدا کە هەموومان باوەڕمان پێیەتی ..

لەمەوبەر بە ئیمانێکی تەواوەوە بە ئەنجامگیری قسەمان دەکردو کاتێ کە دەڵێم بە ئیمانێکی تەواوەو مەبەستم ئیمانی ڕووت نیە بەڵکو بەوجۆرە بووین پشتمان بە دیاردەو ڕەگەزو کۆششو توێژینەوە دەبەست کە دەمانکرد یا لە ناوخۆمانا تێی دەگەیشتین یا لەناو دوژمنداا .

دەڵێم .. دەمانوت ڕەمانە لە قازانجی عیراقدا دەبێ نەك بە پێچەوانەی ئەمەوە کە وەك دوژمن باسی ئەمەی دەکردو لەمەدا بەتەواوی پشتمان بە زانست بەستبوو خەیاڵاوی نەبوونو .. ئەوە دەزانن دوژمن چەندە هیوای بە کات بەسەرچوون بەستبوو و لەمەدا پشتی بە گریمانێکی هەڵە بەستبوو چونکە لە بنەڕەتدا حاڵەتێکی پێچەوانەی چەرخەو بەوجۆرە پێچەوانەی کاتە .. ئەو قانوونەی لە تێڕوانینیا پشتی پێدەبەستێ بۆ ژیانو بۆ بیرکردنەوە لە ئەتەوەو گەلو پێوەندیی لەنێو ئەتەوەو گەلاندا بۆ ئەم چەرخە ناشێ .

● پشت بە فێڵوفرو تەڵەکەبازی دەبەستن ●

کەوایە بێ گومان بۆ ئەم کاتو چەرخە دەستناداو لەم تێڕوانینەوە بۆی دەچوو یاخود وا فەرزدەکرا ئەو ڕەگەزانەی کە کەمترین ڕادەی توانای ئەوەیان تیابێ کە هەست بەوە بکەن کە لەم واقیعەوە حاڵ دەبێ چۆن بێ بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێکی تەواوی وا کە زەمانە لە قازانجیانا نیە چونکە ئەوان پشت بە فرۆفێڵو تەڵەکەبازیو خەواندنی موگناتیسی دەبەستن بە بووژاندنەوەی غەریزەی تایبەتی لای ناوەندێ لە گەلەکانیان کە لەسەر وێرانکردنو کوشتنو خۆنواندن وەستابێ بەهۆی دوژمنایەتی کردنەوە لەگەل خەڵکیترو .. بەهۆی سەرپێشۆڕکردنی خەڵکیو بەهۆی تێکشکاندنی خەڵکی بەم جۆرە دیاردانەو هۆکاری وا بۆ قانوونی ئەم چەرخە ناشێن کە قانوونی ژیانی تازەیەو مرۆڤایەتی تیایا بەیەك دەگا لە ڕۆژەڵاتو ڕۆژاوایەوە لەسەر یەك ڕووبەر .

کەوایە ئاشکرابوو ئەو قانوونەی کە پشتی پێدەبەستن لە دوژمنایەتی کردندا لەگەل عیراقو لە وا تێگەیشتندا کە توانای ئەوەیان هەیە قۆڵی عیراق بابدەنو بێنە خاکیەوەو داگیری کەن قانوونێکی هەڵەیەو قانوونێکی دژ بەچەرخە .. کەوایە کات لەگەڵمانە چونکە ئێمە لەوکاتەدا کە لە پێشەوەی چەرخەوین لەدەوری سەرکردایەتیمانا ئێمە باوەڕمان بە قانوونی چەرخی تازەی سەرەکیی هاوبەش هەیەو تیۆریو ڕەفتارو پێوەندیمان لەگەل گەلەکەماناو پێوەندیمان بە نەتەوەمانو پێوەندیمان بە گەلانی تەرەوە بە گەلانی ئێرانیشەوە لەم قانوونەوەو لەم بۆچوونەوە هەڵقوڵاوە ..

لەبەرئەوە گومانمان لەوەدا نەبوە کە کات لەگەڵمانە ..

دەیانوت بەدرێژایی کات ئابووریی عیراق وێران دەبێو لەم بۆچوونەدا پشتیان بە هاوسوێندییە بەدەکەیلن بەستبوو لەگەل هەندێ لە خایەنەکانی نەتەوەداو بەوەی کە بەرهەمهێنانی نەوتمانو فرۆشتنی بە ڕێگای کەنداوەوە ڕاوەستاوە .. بەڵام ئەوەیان لەبیرچووبو کە شەڕی درێژ لەگەل مێشکی پیاوانێکی وادا کە باوەڕی بە مەسەلەکەیانو بە گەلەکەیان بێ دەتوانێ دەلاقەی تازە هەڵبژێرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ژیان بە هەمان جۆری توانای ئەو دەرگایانەی کە دایانخست یاخود تواناترو کاریگەرتریش ..

گەلی ئێران ساختەی تیۆریو ڕەفتارەکەیان دەردەخا

هەروەها ئەوەیشیان لە بیرچوو کە حیسابانی پێویست بکەن بۆ ئەوەی بزانن کە توانایی عیراق لە زیادبوونایەو کاردەکاتە سەر ئەو ئەڵقانەی کە نەیدەتوانی بەوشێوەیەی کە پێویستە بەدرێژایی کات کاریان بکاتە سەرو مەبەست بەمەیش ئەڵقەکانی ئابووریی یەکەیانە لەناو ئێراناو . ئەوەیان لەبیر نەبوو کە بەدرێژایی کات گەلی ئێران ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە تیۆریو ڕەوشتەکانی ساختەیەو وردە وردە لێیان دووردەکەوێتەوەو گەلی عیراقیش زیاتر باوەڕدەکا بەڕاستیی ڕێسازو بۆچوونو هەڵوێستەکەی ..

ئێمە ئەم قسەیەمان بۆخۆمان هەڵنەگرتووە بەڵکو سووربووین لەسەر ئەوەی کە دوژمنیشمان بیزانێ بەهیوای ئەوەی یارمەتیی بدەین بۆئەوەی حیسابێ بکا تا بگاتە ڕێگای ئاشتی لە جیاتی بەردەوامبوون لەسەر ڕێگای شەڕو زەمارەیەك نامەمان ئاراستەکردو بەدرێژی وەڵامی ئەوەمان ڕوونکردەوە کە بۆچی زەمانە دژی عیراق نیە بەڵکو لەگەل عیراقدایەو .. ئەم شیکردنەوەیەمان ئاراستەکرد لە چەند نامەیەکدا کە بۆ گەلانی ئێرانمان ناردو گومانم نیە کە لایان وابوو ئەمەجۆرە هەڵخەڵەتاندنێکە تاکتیکی بەڵام واقیع دەریخست کە ئەم بۆچوونانە ڕاستو زیاترین .

برایانو هاوڕێیانم بناغەی سەرکەوتنتان باوەڕتانە بە مەسەلەکەتان ، بناغەی سەرکەوتنتان هەستی هەموومانە بەوەی کە لە قسەکەرەکەوە تا هەموو سەرکردە شارستانیو سوپایییەکان کە ئێمە لەوکاتەدا کە پایەی سەرکردایەتی بەدەستمانەوە دەبێ ئێمە هەر خزمەتکاری گەلین و هەمیشە هەستمان ئەوە دەبێ کە بەرزترین مەدالیا ئەو مەدالیایەیە کە لە دڵمانایەو بریتییە لە ڕازیبوونمان لە ڕەفتارمان لە بەردەم خواو لە بەردەم گەلانو لە بەردەم بیروباوەڕا ..

ڕاستە مەدالیاو نیشان ئاشکراکردنێکە لە بەردەم گەلداو لە بەردەم ئازایانو لە بەردەم جەنگاوەراندا کەوا ئەم ڕەفتارە بەم ڕەفتارەیە کە بە نموونەیی دادەنرێ بۆ فەرماندەو جەنگاوەرانو ئامبرەکانیتر بەڵام ئەگەر نەخوازە ئەو ڕۆژێ لەڕۆژان ئەوەمان لەبیرچێ کە ئەم مەدالیاو نیشانانە لەسەر ئاڵایەك خۆیان گرتووەتەوە کە باڵاترە لێیانو ئاڵای هەستکردنە بە ڕەزامەندیی سەقامگیر بە پتەوی لە دەروونمانا ئەوکاتە لە حاڵەتێکی ناهاوسەنگییا دەبین ئەگەر هەمیشە ئەمەمان لەبیر نەبێو .. هەمیشە ئەوەیشمان لەبیربێ کە لە مێژوومانا قەرزاری ئەوە دەبین کە بە ئەڵقەی شەرافەمەندی لەسەرمان دەنووسرێ لە مێژووداو بە ئارامی عیراقو بەسەرکەوتنی عیراق یەکەم بۆ شەهیدانو دووهەم بۆ جەنگاوەران لە ساکارترین تفەنگ هەڵگرو نارنجۆك هەڵگرەوە لە حیجاباتەکان یا لە خاکی حەرامدا تا ئەو ناوچە ئیدارییانەی کە چی یارمەتیو توانایەکمان بوێ دەماندانێ بۆ ڕووبەڕووبوونی هێرشبەران و ئێمە قەرزاری هەموو ئەو پیاوانەینو بەناوبانگەوەو لەجیاتییان مەدالیاو نیشان هەڵدەگرینو بۆ گەلی ئاشکرا دەکەین کەوا ئێمە سەرکردایەتیی ئەو پیاوانە دەکەین کە گیانی خۆیان بەخت کردو بە دڵسۆزیو دەروونێکی زیندووەو سوورین لەسەریان و لەسەر خۆیانیان ..

● توانای شەڕکردنمان زیادبووە ●

بەڵام کاتێ کە پێویست بێ خۆیتمان یا خۆیتنیان بڕێژین لە پێناوی پاراستنی شەرەفی گەورەدا دووڵی تیا ناکەینو سێودووی تیاناکەینو گەلی عیراقی مەزنیش هاوڕێیانو برایان هەموو شتێکی وای پێشکەش کردووە کە سەرکردەیەك ئاوا ئێبگاو بەیارمەتیی خوا هەموو شتێکی وا پێشکەش دەکا کە سەرکردەیەك بیەوێ کە سەرکردایەتیی شەڕێکی

بڕوانە لە ١١

Institut kurde de Paris

خاندنا هندەك تاوانێت رژێما سوری

● مەحمەد عارف هاشم ●

گەلەك ب زەحمەتە کو ئەم بشێن د گوتارەکا بچویك‌دا بکەینە بەحسێ تاوانێت رژێما حافظ اسد بەرامبەر عیراقێ‌و شورەشا فەلەسطین‌و دەولەتێت عەرەبی ، چنکو کریارێت ڤێ رژێمی ژ نفیسینێ مەزنترن‌و پترن‌و ئەگەر ئەم دیروکا حاکمێ سورێ یا خویناوی بخوینین دێ بینین ئەڤ مروڤە دگەل کەسێ یێ دروست نینەو ڤی حاکمی خێرا کەسێ و چ مللەتا نەڤیایە بەلکو هەمی دەما دوژمنێ خیرخازاو ئاشتی خازابویە !!

ڤێجا وەك مە گوتی حافظ اسدێ خائین دوژمناتیا وی دگەل عیراقێ یا کەفنە و ڤێ رژێمی گەلەك کریارو تاوانێت مەزن دگەل مللەتێ عیراقێ یێ مەزن یێت کرین .. ژوانا :

١ ـ راوەستانا وی دژی خومالیکرنا نەفتی لعیراقێ .. حاکمێ سورێ بەری چەندە سالەکا رابو ب گرتنا بوریا نەفتێ ئەوا لناڤ ئەردی سورێ‌را دچیت ؟

ئو پشتی هەمی عەرەبا گوتی‌یە حاکمێ سورێ و هزار هیڤی و داخاز ژێ کرین پیچەك شەرم کرو هێلا نەفت بچیت .. لێ دەمێ شەرێ مە دگەل رژێما ئیرانێ دەسپێکری جارەکادی حافظ اسد رابو بوریا نەفتا عیراقێ گرتەڤە و نەهێلا نەفت بچیت لناڤ ئاخا سورێ‌را ؟؟!!

ئەڤە هەستاوی‌و بەرێخوداناوی بو مروڤایەتیی و جیرانێ !!

٢ ـ ل سالا ١٩٧٦ رژێما سوری‌یا تاوانبار و بێ وێژدان رابو ب گرتنا ئاڤا روبیارێ (فرات) و نەهێلا ئاڤا فراتی بگەهیتە ناڤ ئەردێ عیراقێ یێ جیران و بڤێ کریارێ رژێما ئەسەدی هزارەها جوتیار بێ بەهرکرن ژ مفایێ ئاڤا فراتی و زیان گەهاندە شورەشا چاندنی لعیراقی !!؟

٣ ـ یارمەتیدان و پشتکرنا هندەك خوفروش و کرێ گرتیا لناڤ عیراقێ ب هەمی رەخا و تەرخانکرنا ئیزگەو تەلەڤزیون و روژنامێت سوری بو مەدحێت ڤان خو فروشا (عملاء) و فرێکرنا هندەك خوفروشێت دی بو ناڤ عیراقێ دا دەلەمێتا بەڤینن و بێ گوننەها بکوژن !!؟

لوبنانێ دابەش‌کەن (تقسیم) و هوسانێ هێزیت رژێما اسد ل لوبنانێ دبەردەوامن لسەر وێرانکرنا لوبنان و ئەگەر (اسد) راست دبێژیت کو وی بەرژەوەندیا (مصلحة) لوبنان دڤیا ئەو نەرادبو ل سالا « ١٩٨٢ » هێزێت خو ڤەکێشت ل ژێریا لوبنان دا هێزێت ئیسرائیلی بهێن لوبنانێ داگیر بکەن !!

بەلێ حافظ اسد درەوا دکەت و ئەوی بەرژەوندیا لوبنانێ نەڤیت و وی کورێت لوبنانێ هەمی بەردانە ئێك و شەرەکێ نافخوێن (حرب اهلیه) ل لوبنانێ دامەزراند دیسان زبیرا مە نەچیت تاوانێت ڤێ رژێمی دژی شورەشا فەلەسطین ..

ئەگەر بەرێ خو بدەینە ئیزگە و روژنامە و راگەهاندنا ڤێ رژێمێ دێ بینین مشە دکەتە بەحسێ شورەشا فەلەسطینی لێ بەروڤاژی یانکو کەسێ وەك ڤێ رژێمێ دربێت مەزن نەدانایە شورەشا فەلەسطینی و مللەتێ فەلەسطینی چنکو حافظ ئەسەد ئەوە یێ [جولان] ل سالا (١٩٧٣)ێ کریە دیاری و تەسلیمی هێزێت دوژمنێ زایونی کری ..

هەروەسا ئەسەد ئەوە یێ سالا (١٩٨٢)ێ هێزێت خو ڤەکێشای و هێلای هێزێت دوژمنێ زایونی بهێن لوبنانێ و شورەشا فەلەسطین پویچبکەن !!

ئەسەد ئەوە یێ هزارەها پیلان و پێکول کری بو تێکدانا ئێکەتیا نیشتیمانی یا فەلسطین و ئەوە ئەوێ ب دەهان هەول دای بو کوشتنا بەرپرسیار و کادرێت شورەشا فەلەسطین و ئەسەد ئەوە یێ خەباتکەرێت رێکخراوا رزگارکرنا فەلەسطین (منظمة التحرير الفلسطينيه) ل ئاخا سورێ دەرکری و هەتا ئەڤرو ژی ئەڤ خائینە هەر یێ بەردەوامە لسەر ڤان کریارێت دوژمناتی دگەل شورەشا فەلەسطین .

ب شێوێ گشتی رژێما حافظ ئەسەد رژێمەکا دوژمنکارە (حاقد) دوبرە ژ هزر و بیرێت خێر خازێی یان مروڤایەتی یان جیرانێتی یان ئێکەتیا عەرەبی و لدویف ڤان کریارێت خویناوی ئەم نەشێن بێژینە ڤێ رژێمێ رژێمەکا عەرەبی .. بەلکو رژێما حافظ ئەسەد رژێمەکا کرێ گرتی و خوفروشە بو دەجال خومەینی و بنگەهێ زایونی و نهو ڤێ رژێمێ هەمی ئیزگە و روژنامە و راگەهاندنا خو یا تەرخان کری بو مەدحێت رژێما عەجەما یاتەعداکەر و هەمی شیانا خو ئەسەدی یاتەرخانکری بو تێکدانا ئێکەتیا عەرەبی و نەهێلانا شورەشا فەلەسطین و وێرانکرنا لوبنان و خزمەتا دوژمنێ زایونی و سەرکەفتنا دەجال خومەینی و دوژمناتیا عیراقا مەزن .

بەلێ بلا ئەسەد و قەذافی و دەجال خومەینی و دوژمنێ زایونی بزانن کو ئێکەتیا کورێت عیراقێ ب کورد و عەرەب و کێماتیڤە گەلەك ژ پیلانێت وان مەزنترە .. و ئەگەر هەڤالێت خومەینی باوەر نەکەن بلا بهێن سەحکەنە مەیدانا شەری دا ببینن کورێت عیراقێ چ بسەرێ هێزێت عەجەما ئینانە .

له لێکۆلینەوەیەکی نوێی‌نەتەوە یەکگرتوەکان‌دا

لەساڵی ٢٠٢٥دا دوولەسەر سێی دانیشتوانی جیهان لە شاردا دەژین

لە هەموو ناوچەکانی جیهان‌دا تاوەکو ئێستا کۆچکردنی دانیشتوان‌بەرەو شار بەردەوام لە زۆربوونەدایە ، ئەگەر هاتوو ئەم زۆربوونی دانیشتوانە بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا نیوەی زیاتری دانیشتوا ـنی جیهان لە ساڵی ٢٠١٠لە شاردا دەژین .

ئەمە لە لێکۆلینەوەیەکی نوێ‌دا هاتووە کە لەم دواییەدا لە نەتەوە یەکگرتوە ـکانەوە دەرچووە ، دەلێت نزیکە ٤٢٪ی دانیشتوانی جیهان ئێستا لە شاردا دەژین ،بەلام لە ساڵی ١٩٧٠دا ٣٧٪بوو ، ئەمە ئەوە دەگە ـیەنێت کە ٢٪ی دانیشتوانی جیهان لەگەل هاتنی ساڵی ٢٠٢٥دا لە شاردا دەژین .

هەروەها لە راپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان‌دا هاتووە دەلێت زۆربەی زۆربوونی دانیشتوان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەـ کان‌دا ڕوودەدات کە ئەمانیش زۆربەی وڵاتانی جیهانن بێجگە لە ئەمریکای ژوورو یابان‌و ئەوروپاو ئوستراڵیاو نیوزلەندەو یەکێتی سۆڤیەت

لە ساڵی ١٩٧٠ەوە دانیشتوانی شارەکانی وڵاتا ـنی جیهانی سێیەم لە زۆربوونداەو گەیشتووەتە ١ر٢ ملیار کەس کە پێشتر ٦٦٦ ملیۆن کەس بوو ،ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەل ژمارەی ئەو خەلکانەی کە لە شاردا دەژین لە وڵاتە پیشەسازییەکان‌دا بەرێژەی ٢٢٪ی زیادکردوە لە نێوان ئەم ٢٥ ساڵەی دواییەدا ، هەروەها سەرژمێری دانیشتوانی شارەکانی وڵاتە پیشەسازییەکان گەیشتوەتە ٩٤٠ ملیۆن کەس کە پێشتر ٦٩٥ ملیۆن کەس بوو .

هەروەها لێکۆلینەوەکە ڕوونی کردوەتەوە کە ئەم ڕێژەی زۆربوونەی ئێستا بەردەوام بێت ژمارەی دانیشتوانی شاری وڵاتە تازەپێگەیشتوەکان لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەگاتە ١ر٩ ملیار کەس‌و لە ساڵی ٢٠٢٥دا دەگاتە ٣ر٩ ملیار کەس .

ڕاپۆرتەکە دەستنیشانی ڕوبێوی شارە گەورەکانی کردوەو دەلێت ئێستا زۆر لە شارە گەورەکانی جیهان کەو ـتوونەتە وڵاتە تازە پێگە ـیشتوەکانەوە ئەم شارانەش بەخێرایی زۆر دەبن بەشێوەـ یەك پێشتر بەو جۆرە نەبووە .

بۆ نموونە شاری مەکسیکۆ پایتەختی وڵاتی مەکسیك گەورەترین شارە لە جیهان‌دا ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ١٨ر١ ملیۆن کەس‌و وا چاوە ـڕوان دەکرێ لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا ژمارەی دانیشتوانی بێتە نزیکەی ٢٦ر٣ ملیۆن کەس ، لەپاش ئەو شاری ساوپاولوی بەرازیل دێت ژمارەی دانیشتوانی دەبێتە ٢٤ ملیۆن کەس بێجگە لە شاری مەکسیکۆو ساوپاولو وا چاوەڕوان دەکرێ گەورەترین شار لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا لە جیهان‌دا بەم شێوەیە دەبێت (لە گەورەوە) تۆکیۆ ، کەلکەتا ، بۆمبای ، نیۆیۆرك ، سینۆل ، شەنگەهای ، ریۆدۆجانیرۆ ، دەلهی ، بۆینس ئایرەس ، قاهیرە ، جاکاتا ، بەغدا ، کەراچی ، ئەستەمبول ، لۆس ئەنجلۆس ، دەکاو مانێلا ،

هەروەکو زانراوە ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ساڵی ١٩٧٠دا ٢ر٢٥٪ بوو بەلام ئەمڕۆ لەو شارانەدا نزیکەی ٣٨ر١ی دانیشتوانی جیهانی تیا دەژی هەروەها واش چاوەڕوان دەکرێ ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٢٥دا بگاتە ٥٢٪ .

ئامادەکردنی

هێرش محمد امین

لە ڕۆژنامەی (الثورە)

ژمارە ٥٨٤١

له ههنده‌ران / چ باسه!

ئەنگۆلاو خەباتێکی درێژخایەن لە پێناوی سەربەخۆیی دا

● عەزیز حەریری ●

ئامادەی کردووە

لەم چەرخەی ئێستاماندا بەشێکی زۆری گەل‌و نەتەوەکانی سەرزەمینە لەداوی پر لە تەلەکەبازی ئیستعمارو ئیمپریالیەت ئاڵاون ، وە بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە کەوتوونەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و خواروی کیشوەری ئەفریقیا ، جا هەرچەندە ئەو وڵاتانە لە بارێکی پر لە میحنەت‌دا دەژین ، بەلام لەگەل ئەوەشدا ملیان بۆ ئەو بارو زروفە کەچ نەکردووە کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە لەسەر دەستی ئیمپریالیزمی جیهانی‌و وڵاتە دەستدرێژکارەکان . بەلکو بەوپەڕی باوەر بەخۆبوونەوە هەر لەکۆنەوەو تاوەکو ئێستایش کۆشش‌یان بەردەوامە بۆ ئەوەی ئیمپریالیزم لەڕەگ‌و ڕیشەوە هەڵکەن‌و ، ژیانێکی پر لە ئاسوودەگی‌و سەربەستی بۆخۆیان بڕەخسێنن ، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش ، ئەوەتا هەندێ لەو شۆڕشانەی کە بەرامبەر بە داگیرکەرە دەسڵت درێژکارەکان لە زوربەی کیشوەرەکاندا بەرپابوون ، سەرکەوتن‌و لەنگەری هێزەکانیان گۆڕیووە . ئەگەرچی هێشتا گەلانی دیکە هەن چاوەڕوانی ڕۆژی دیاری‌کراوی خۆیان دەکەن .

کۆماری ئەنگۆلای میللیش یەکیکە لەو وڵاتانەی کە دراوسێی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خواروی ئەفریقیایەو سنووریان بەسەر یەکەوەیە ، ئەم وڵاتەیش بۆ ماوەیەکی زۆر بەدەست داگیرکردنەوە نالاندی‌و زۆر باری نالەبارو پر لە چەوساندنەوەی بینی ، بەلام گەلە قارەمانەکەی بەهوو لە تێکۆشانە درێژخایەنەکەی خۆی لای نەداو ، بەهەموو هێزو توانایەکی‌یەوە بەرهەڵستی‌ی ئەو داگیرکردنەی کرد کە ئیستیعمارو ڕەگەزپەرستەکان بەسەریانیدا سەپاندبوو ، تاوەکو لە کۆتایی ساڵی « ١٩٧٥ »دا توانی سەرکەوێ‌و سەربەخۆیی دەستگیر بکات‌و ، لەژێر چەپۆکی داگیرکەرە خوێنمژەکاندا دەربچێت .

وڵاتی ئەنگۆلا لەڕووی بەروبووم‌و داهاتی سروشتی‌یەوە ، وڵاتێکی دەوڵەمەندەو گەورەترین دارستانەکانی کیشوەری ئەفریقیا کەوتوونەتە ئەم وڵاتە ، هەروەها کانزایەکی زۆری هەیە ، تەنانەت زێڕو نەوتیشی هەیە ، ڕێژەی دەستکەوتی ئەو نەوتەیش کە هەیەتی لە ساڵێکدا دەگاتە « ٢٠ » ملیۆن بەرمیل . ئەمە جگە لەوەی کە پسپۆڕەکان لە ڕاپۆرتەکانیان‌دا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لە دووا ڕۆژدا وڵاتی ئەنگۆلا دەبێتە یەکێك لەو وڵاتانەی دونیا کە نەوت دەنێرنە دەرەوە بۆ فرۆشتن . چونکە نەوتێکی یەکجار زۆری لە ژێر زەویدا هەیە . هەروەها دەستکەوتی کەرتی نەوتی‌ی ، واتە ئەو پارانەی لە نەوتەوە دەستی کەوتووە لە ساڵی ١٩٨٤دا لە دوو ملیار دۆلار ڕەتی کردووە .

لەتەك بوونی نەوتیشدا ، کەرتی کشتوکاڵیش دەوری‌ر دیارو ئاشکرای خۆی هەیە لە بوژاندنەوەی ئابووری نیشتمانی ، هەرچەندە کۆسپ‌و تەگەرەیەکی زۆریش ڕێگەی لە پەرەسەندنی باری کشتوکاڵی وڵاتەکە گرتووە ، بۆ نموونە : تاوەکو ئێستاش کەرەستە سەرەتاییەکان لە کشتوکاڵدا بەکاردێن‌و ، دەوڵەتیش لەم ڕۆژگارەدا توانای ئەوەی نی‌یە یارمەتی جووتیارە بچووکەکان بدات ، بۆ ئەوەی بتوانن ئامێری تازەبابەت لە ئیش‌وکاری کشتوکاڵی‌دا بەکار بهێنن ..

لە کەرتی ڕاوکردنی نێو دەریاشدا ، هەر دیسان ئەم وڵاتە بەروبوومێکی چاکی دەست دەکەوێ لەو ماسی‌و مەرجانەی کە بۆ وڵاتانی دەرەوەی دەنێرێ‌و ، لە کەرتی بازرگانیدا بەکاری دەهێنێ ، کە ئەمەیشیان کارێکی باش دەکاتە سەر بوژاندنەوەی باری ئابووری وڵات .

بەلام وەنەبێ ئەم وڵاتەو گەلە نەبەردەکەی کە بەخۆین‌و ئارەقەی نێوچەوانی ڕۆلە تێکۆشەرەکانی هەولی ئەوە دەدات پاشەڕۆژێکی گەشەدار بۆخۆی بنیات بنێ ، هەروەها بە هاسانی بەرەو پێشەوە بچێ ، نەخێر ، ئەم گەلە چاونەترسە ڕۆژ نی‌یە ڕووبەڕووی دەست درێژکاری‌یەکی تازەی بێ شەرمانەی ڕەگەزپەرستەکانی خواروی ئەفریقیا نەبێتەوە ، ئەلبەتە ئەم جۆرە ڕەفتارانەیش هەر لە ئیمپریالیزم‌و سەهیۆنیزمی جیهانی‌و ڕەگەزپەرستەکان دەوەشێتەوە ، کە مەبەستیانە ڕەوڕەوەی کاروانی بەرەو پێشەوەچووی گەلان بوەستێنن‌و ، نەش‌و نەما کردنی وڵاتە تازە پێگەیشتوو و ، ساواکان ڕاگیر بکەن ، بەلام ، گەلە نەبەزەکەی ئەنگۆلا هەمیشە وەکو شوورەیەکی پۆلایین بەرەو ڕووی هێزە شەڕفرۆشەکان بۆتەوەو ، بەرامبەر هێرشە درندانەکانیان دەوەستێ ، بۆ ئەوەی هەموو پیلانە گلاوەکانیان پوچەڵ بکاتەوەو سەربەستی‌و سەربەخۆی‌یەکی هەمیشەو تا هەتایی بۆ ئەنگۆلای خۆڕاگر زامن بکات ..

بڕوانە ل ١١

Institut kurde de Paris

لە پشوی هاوین دا

چالاکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی عیراق لقی سلێمانی

یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوانی عیراق لقی سلێمانی لە خۆئامادەکردنێکی تەواو بە توانادایە بۆ بەجێهێنانی کارو پرۆگرامی پشوی هاوینە بەشداری کردنی قوتابیان .

لەو چالاکیە زۆرانەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە ، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو چالاکیانەو شێوەکانی ڕێکخستنی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەل بەرێز سەرەکی لقی یەکێتی قوتابیانو لاوانی سلێمانی بە وەکالەت هەڤال « منذر عبودي سعيد » پێ ڕاگەیاندین وتی :

پشوی هاوینی ئەمسال گورانکاریەکی یەکجار گەورەو دیاری پێوە دەبینرێت لەچاو ساڵانی پێشوو ، بۆ ئەم مەبەستەش ، ئەندامانی یەکێتیمان هەموو تواناو بروایەکی خۆیان یەك خستوە ، بۆ سەرکەوتنی کارنامەی پشوی هاوین ، بێگومان لە کاتێکا وڵاتە ئازیزەکەمان لە شەڕی بە زۆر داسەپاوی ڕژێمی ئێرانی داخ لە دڵدا ، بە بەردەوامی سەرکەوتن بەدەست دەهێنی لەگشت بەرەکانی جەنگدا ، ئێمەش قوتابیانو لاوان کەمتەرخەمیمان نەکردوە ، بەرامبەر ئەرکی سەرشانی خۆمان چ بە بەشدار کردنمان لەبەرەکانی جەنگدا ، چ پێشخستنی باری زانستەو زانیاریو گوش کردنی قوتابیان بۆ هەموو کارێکی پر مەبەستو پیرۆز ، دیارە کە ئێمە خاوەنی مامۆستای هەر پایە بەرزو بەتوانای وەك هەڤال تێکۆشەر صدام حسين بن « خوا بپارێزێ » ، کاری ئەم ساڵی لە چوارچێوەی سەرکەوتنە پر لە شانازیو ئازایەتیو دلێری سەربازە بە وەفاکانماندا دەبینینەوە .

هەر لەسەرەتای پشوی هاوینەوە ، ئوردوگای سەربازی بۆ قوتابیان دەکرێتەوە ، کە تیایدا قوتابیان فێری هەموو وانەکانی بەرگری کردنو ڕۆشنبیریو رامیاری دەبن ، جگە لەبەکارهێنانی چەکو تەقەمەنی ، ئەمەش لە ئوردوگای سەرچنار لەسەرشێوەی چەند بەشێك قوتابیان مەشقی تیدا دەکەن هەر بەشە ١٠ دە ڕۆژ دەخایەنێت . لە ڕووی وەرزشیەوە ، ئەمساڵ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٨/٢٨دا فێستفاڵێکی گەورەی وەرزشی لە یارێگەی بەرێوەبردنی ناوخۆی سلێمانی سازدەکرێت تیایدا پێشرەوانو قوتابیانو لاوان بەشداری دەکەن . پێشبڕکێی هەموو تیپە گەلیەکانی سلێمانی تیا ساز دەکرێت .

هەروەها شەش پێشانگای وێنەی فۆتۆگرافی دەکەینەوە ، جگە لە چوار پیشانگای تایبەتی زانیاری پێشرەوانو قوتابیانو لاوان . هەر لە پشوی هاویندا بەرنامەیەکی کارگەریمان هەیە ، کە تیایدا چەند دەورەیەك دەکرێتەوە بۆ قوتابیان لەوانە دەورەیەك بۆ فێربوون قوناغەکانی دروستکردنی چیمەنتۆ لە کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی . ئەمە سەرەڕای بەشداری قوتابیانی کچان لە پێشخستنی بەرهەمو کارکردن لە کارگەی جلوبەرگی ئامادەی ژنان لە سلێمانی ، هەروەها بەشداری کردن لەگەل کارگەی جگەرەو سەردانی پێشرەوان بۆ کارگە بەرهەم هێنەرەکانی تر ، جگە لە ئامادەکردنی گۆڕەپان بۆ یاری کردنی تیپە میللەکان بە گەلە کاریو ڕێکخستنی قوتابخانەکانو

چاکردنەوەی کورسیە شکاون بۆ ساڵی تازەی خوێندن . بەسەرکردنەوەو بەشداری کردنی ئەو دەورانەی کە بۆ فریاکەوتنی خێرا ئامادە دەکرێت چ لە لایەن بەرگری شارستانیەوە چ لە لایەن کارگیرایەتی تەندروسیەوە .

ئەمساڵ لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە ، پێشبڕکیەکی گەورە ئامادە دەکەین ، کە تیایدا قوتابیانی دەربەندخانو چەمچەماڵ بەشداری دەکەن ، لە هۆڵی فارابی لەسەر پرسیارو وەڵامو ئاستی ڕۆشنبیریان ، هەروەها بەیەکگەیشتنەوەیەك لە نێوان پێشرەوانی عەرەبەتو سلێمانی .. ئەمە جگە لە کۆڕی شیعر خوێندنەوەو ووتار بۆ گشت لیژنەکانی پێشرەو قوتابیانو خەڵاتکردنی ئەو قوتابیانەی ئەنجامی سەرکەوتوو بەدەست دەهێنن .

شان بە شانی لایەنی هونەریو کردنەوەی دەورەی تایبەت بۆ فێربوونی مۆسیقاو کاری کەلی ، لە ڕۆژانی ٢٢ ـ ١٩٨٦/٧/٢٣ ، لەناو باخچەی گشتی سلێمانیدا میهرەجانێکی هونەری ڕێك دەخەین بۆ کارە هونەریەکانی یەکێتیمان بە گۆرانیو مۆسیقاو هەڵپەڕکێو نواندن .

ئەمە جگە لەوەی یەکێتیمان خۆی ئامادەکردوە بۆ ئەوەی بەشداریەکی گەورە بکات لە یاوو بیرەوەری ئاهەنگەکانی تەموزی پیرۆزدا .

هەر بەو بۆنەیەوە ، سەردەدەین لە سەربازە دلێرەکانمان لە بەرەکانی جەنگ .

یاد کردنەوەی خێزانی شەهیدانمانو

سەردانیانو پێشکەش کردنی دیاری بە ڕۆڵەی ئەو بەشەرەفانە کە لە هەموان شکۆدارترن ، هەروەها ڕێکخستنی گەشتو سەبران بۆیان بۆ شوێنە گەشتگوزاریەکانی دەوروپشتی سلێمانی ئەمە سەرەرای ئەوەی یەکێتیمان یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوانی عیراق لقی سلێمانی بەشداری ئەو دەورانە دەکات کە دەکرێتەوە بۆ بەهێزکردنی قوتابیانو خۆئامادەکردنیان بۆ تاقیکردنەوەی دەوری دووەم ، ئەمە جگە لەگەل چالاکی تر کە لەم پشوی هاوینەدا جێبەجێ دەکرێت هیوادارین لە کاتی خۆیدا بەسەریان بکەنەوە سوپاستان دەکەین بۆ ئەم دەرفتە .

■ لقی سلێمانی ■

چفاتا مللیو

چارەسەرکرنا ئالوزییێت ولاتیا

د چاف پێکەفتنەکێ دا لگەل مامۆستا (محمود علی طه) سەرەکێ جفاتا گەلی یا مەلبەندی لدهوکی بومە دیار کر کار و بارێت جفات پێ ڕادبت و خزمەتێت پێشکێش د کەت بو وەلاتیا و هوسا مە چەند بسیار ژێکرن و بەرسڤا مەدا :

پ ئەرێ جفاتا گەلی چ خزمەتێ پێش کێش دکەت بو جماوەری .

ب جفاتا گەلی تێتە دانان نوێنەر بو گەلی لگەل دەولەتێ وکفتو گو و ئالوزیو کرفتارییێت جماوەری د کەهینتە دەولەتێ جفاتا گەلی گەلەکا کرنگە د دەولەتێ دا و قوماندارییا پارتو شورەشێ چاف دێریەکا مەزن د دەتە ڤێ جفاتێ . جفاتا گەلی رادبت ب خونا و سمینارا لپارێزگەهێ و لدەڤەرێت پارێزگەهێ لقەزا و ناحیا بوجماوەری و د وان سمینارا دا کوهێ خو د دەتە ئالوزیو ئارێشێت جماوەری و جفات بدەورێ خو رادبت بو بلندکرنا ڤان ئارێشا و ئالوزیا بو قوماندارییێ ژ بو چارەسەر کرنێ چارەسەر کرنەکا دیمقراطی . یا بەرهەف لگەل بیر و باومرێت پارت و شورەشێ ڤێجا لڤێرێ جفاتا گەلی تێتە دانانا نوێنەریێ بوگەلی د دەولەتێدا

پ ئەرێ دەوری جفاتێ چ یە بەرامبەر جماوەری نو کەلێ مە پێ ڤی شەرێ بیروز د کەت .

ب ش کار و بارێت جفاتێ هشیار کرنا گەلی ژبو پشکدارییێ د شەری دا و ژبو پاراستنا وەلاتێ خو بریکا پشکدارییێ دگەل ڕێزێت لە شکەرێ میللی و پێش کێش کرنا زێری و مالی ژبو پالڤە دانا سەرکەفتنا گەلێ مە جفاتا گەلی بڤی تشتی رادبت د خونە وسمینار ێت خودا و تێکەهاندنا گەلی بو ئابوریێ ژ بو پاراستنا ئابوریا نیشتیمانی ودیار کرنا درەوێت دوژمنا و کەفتەبەرستا دژی وەلاتێ مە بێ خوشتڤی.

پ ئەرێ جفاتا گەلی چ چاف دێری دایە مالیت شەهیدا و ئێخسیرا و بەرزەبویا .

ب لناف بەینا هەردەم ئەم رادبین بسەرەدانا بومالیت وان و کوهێ خو ددەینە وان و کێماسییێت وان و دیاریا ئەم پێش کێش دکەین جفاتا مە جاف دێریەکا تایبەتی د دەتەسالیت شەهیدا وئێخسیرا وبەرزەبویا .

پ ئەرێ دەورێ جفاتی چ یە دشەری قادسیا صدام دا

ب دەورێ جفاتا مە کەلەکێ دیارە دشەرێ مەیێ پیروزدا و بشکداریەکا دیار مە یا هەی ب بشکداریێ لگەل لەشکەری میللی دا وێت پێش کێش کرنا زێری و مالی وچفاتا مە شەهیدێت داین دشەری مەیێ پیروزدا و ئەم دێ دبەر دەوام بین ژ بو پاراستنێ و دانێ هەتا عیراقا مە بسەردکەفیت بسەرکەفتنا دیماهیێ لژێر ئالایی پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤبشك بسەروکاتیا سەروکی هێژا صدام حسین خودی بپارێزێت .

جسیم دوسکی

لە دیدەنی کتێبخانەی گشتیی رانیەدا

وەکو هەموو خوێندەوارێکی دی .. زۆرجار هاوشوێی کتێبخانەی گشتیی رانیەمان کردووە ، بەڵام بە ووردی لەهەموو لایەنەکانی ئەمشوێنە ئاگادار نەبووین ، جابۆئەوەی ئێمەو خوێنەرانیش کەمێك لەدیوی ناوەوەی شارەزابین ، حەز مان کرد بەسەری بکەینەوەو لە دیدەنی یەکدا لەگەل بەرێوەبەرەکەی بەرێز کاك «ئەحمەد مەمەند»دا چاوپێکەوتنێکمان سازکرد تاکوباسی ئەو سیما ترازیدییە بکەین کە ئەو کتێبخانەیە هەژارەی بێ ناز خستۆتەوە!!

بەرلەهەموشتێك دەمەوێ بڵێم : سەرەڕای ئەوەی کە بینای ئەم کتێبخانەیە تازەیە ،بەڵام بەزەحمەت ئەم دیدارە مان بۆ تۆمارکرا .. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە باران بوو ژووری بەرێوەبەرو هەندێ لە ژوورەکانی تر دڵۆپەیان دەکرد !! جگەلەوە تەنها تاکە فەرمانبەرێکم دی ئەو کارانەی گرتبووە ئەستۆ کە لەڕاستیدا ٥ـ٦ کەسی دەوێ ، لەگەل ئەوەشدا برای ناوبراو بەرێك وبێکی و بە شێوەیەکی درووست کارەکانی ئەنجام دەدا . شایانی باسە کە ئەو برایە ڕۆژی دوو دەوام دەکات بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی بێ کەسی .

ئەمەو لەهۆڵی خوێندنەوەی گشتیی دا ، چاوگی گەرم بوونەوەو فێنك بوونەوە بۆ زستانو هاوین نیە ! خوێنەران ناچارن بچنە ژووری بەرێوەبەر بۆ خوێندنەوە چونکە هەر ئەوێ گەرمی لێیە !.. بەڵام نایا ئەو ژوورە بچووکە جێگەی سەدان خوێنەر دەبێتەوە ؟! کە ڕۆژانە هاتووچۆی ئەم مەلبەندە دەکەن . . و مێشکی تینووی ڕۆشنبیریو زانیاریان لەوێدا زاخاو دەدەن .

دوای کەمێك دانیشتن کە وتینە گفتوگۆ لەبارەی ئەو کتێبخانەیەی لەساڵی «١٩٧٧»ەوە لەرانیە کراوەتەوە :ـ

● ژمارەی ئەو چاپەمەنیانەی لەم کتێبخانەیەدا هەن چەندە ؟ ئایا بەشی پێویستی خوێندەواران دەکات ؟..

ـ سەرجەمی هەموو کتێبو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی کتێبخانەکەمان دەگاتە «٢٧٣٨» دانە کە «٢٠٧١» دانە لەو سەرجەمە سەرچاوەی عەرەبین ، ئەو «٦٦٧» دانەش کە دەمێنێ سەرچاوەی زمانەکانی کوردیو ئینگلیزی و تورکمانیو زمانەکانی ترن. هەروەکو «٧» کتێب ئینگلیزیەو تورکمانی «١٠» کتێب دەبن !! لێرەدا دەردە کەوێ کە ئەم ژمارە کەمەی چاپەمەنی یەکانمان زۆر زۆر کەمترە لە پێویستی خوێنەرو دیدەنی کەرەکانمان .. ئومێد دەکەین لەئایندەدا یەکێتیو ڕۆژنامەو گۆڤار لەگشت زمانەکان دەولەمەندمان بکەن ..چونکە ئێمە لەساڵی ١٩٨٠ بەدواوە هیچ جۆرە چاپەمەنی یەکمان بۆ نەهاتووە ، هەر چەند ئێمە زۆر جار بە داوای ڕەسمی داخواری کتێبمان کردووە بەڵام بێسوود بووە.

● تاکو ئێستا کێ یارمەتی کتێبخانەی داوە بە بەخشینی چاپەمەنیو چەند ژمارەیان بۆ کردوون بە دیاری ؟

ـ لەساڵی ١٩٨٠ دا مامۆستا «شاکر فتاح» نزیکەی «٣٩٥» کتێبی کرد بە دیاری بۆمان .. هەروەها مامۆستای بەرێز (مصلح مصطفى جلالى) بەرێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی «٢٥١» کتێبی بەخشی بە کتێبخانەکەمان . بێگومان ئێمە لەناخی دڵمانەوە ستایشی ئەم دوو بەرێزەو کەسانی تری دڵسۆز دەکەین کە یارمەتی کتێبخانەکەمان دەدەنو بەسەرمان دەکەنەوە لە هەستی پاکیانەوە جۆرکەی دڵسۆزی خۆیان بۆ بەراکردنی ڕۆشنبیری خوێنەری کورد هەلبەستووە .. ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە هەر بەناوی ئەو بەرێزانەوە شوێنی تایبەتیمان بۆ تەرخان کردوون لەناو کۆگای کتێبخانەکەماندا .

● کاردانەوەی هەستی خوێندەواران چۆنەو ژمارەی خوێنەران تێکڕا ڕۆژانە دەگاتە چەند کەس ؟

ـ وێڕای ئەو گیروگرفتانەی هەمانە ، کەچی خوێندەوارانی ئەم شارە لە خوشکانو برایان هەمیشە لەگوڕو تاسە دان بۆ سوود وەرگرتنو خۆ ڕۆشنبیرکردن لە سەرچاوەکانی ئەم مەلبەندە ڕۆژی ١٠٠ـ١٥٠ کەس دیدەنی مان دەکەنو بە پەرۆشەوە لە دانراوە ئەدەبیو زانستیو فەلسەفی و وەرزشیەکان دەپرسن.. خۆ ئەگەر کەمی سەرچاوەو پێویستیەکانی ترمان بۆ چارەسەرکرابا ئەوا خوێنەرانی ئاشنامان دەبان جار لەو ژمارەیە پتردەبنو ئێمەش شادمانتر دەبووین کە خزمەتی ڕۆلەکانمان بکەین لەو ڕێبازەدا ..

لەکۆتاییدا کاك (ئەحمەد) سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاری کرد بۆ ئەم لا لێکردنەوەیە .

ـ نیازی ـ

لە هەولێر

نموونەیەکی

پێشکەوتووی بوونن

● شێرزاد ـ لقی هەولێر ●

یەکێك لە دەزگا چالاکەکانی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردستاندا ، مەلبەندی چاندنی تەوتنو چاك کردنی تووتنە ، کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە هەولێر دامەزراوەو کاروباری تووتن بەشێوەیەکی دیار لە ناوچەکەدا ڕادەبەرێنیو ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئەنجامی بایەخدانی گەورەو کۆششی کارگێرانی لە پێشکەوتندایە ..

لەوەتەی ئەم مەلبەندە دامەزراوە ، هەست بە بەرهەم زۆر بوون دەکرێت ..

جگە لە هەنگاوی پێشکەوتوو لە ڕووی کشتوکاڵو تووتن ... بۆ ئەم مەبەستەش چووینە سەردانی مەلبەندەکەو لەوێ چاومان کەوت بە بەڕێز جمیل عبداللطیف بەرێوەبەری تووتنو لە وەڵامدا دەست نیشانی گەلێك خاڵی ڕووناکی کرد .

● مەلبەندەکەو .. ڕۆڵی ڕووناك ..

بەڕێزی ووتی ، گرینگی دامەزراندنی ئەم مەلبەندە بریتیە لە پێشکەوتنی کشتوکاڵو بەرهەم هێنانی تووتن بە شێوەیێکی زانستیو تەکنەلۆژی ، ئەویش بەم ڕێگایانە کە لە مەلبەندی تووتن ئەنجام دەدرێت .

١ ـ هەوڵدان بۆ زیاتر بوونی بەرهەمی تووتن ـ واتە تووتنی ناوخۆیی ـ و زیاتر بوونی مەودای بەرهەم هێنانی زەوی .

٢ ـ دانانی نەخشەو بەرنامەی کارکردن بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی زانستی .

٣ ـ پێشکەشکردنی پێشنیارو بەرنامەی هێنانو بەجێهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ پێشکەوتنی تووتن .

٤ ـ دامەزراندنی یەکەی ڕابەری کردنو خزمەتگوزاری لە هەموو ناوچەکانداو دابین کردنی پێویستی پەیبنو پێویستیلر .

٥ ـ ئامادەکردنی تووتن بەو شێوەیە کە بۆ جگەرە دروستکردن بسازێ .

٦ ـ بەجێ هێنانی یاسای ڕێکخستنی تووتنو ، هاوکاری کردن لەگەل لایەنە پەیوەندی

بروانە ل ١١

Institut kurde de Paris

ئـــــەم وڵاتـــــە

جلال ملا حسن خۆشناو

کوردستانە شیرینەکەم
شاخو کێوو دۆڵو دەشتت
وەك خۆی ماوەو
نەگۆڕاوە
ڕۆڵەکانت شورەو پۆلان
شۆرە سواری وا نەقولان
لەمەیدانی سەر بەرزیتا
وەکو پلنگ
لەبەرەی جەنگ
دەست بە تفەنگ
گشت بەیەك دەنگ
لەپێناوی ئەم وڵاتە
گیانو مالیان لا خەلاتە
کەواتە چۆن !!!
چۆن ئەهێڵن
ئۆردوی عەجەم
لە کوردستان تێبپەڕێ
خاکی پاکی باپیرانمان
بە پۆستاڵە ڕەشەکانیان
بژاکێنن
گرو گاڵو خەنەی لێوی
منالانی ئەم وڵاتە
بخنکێنن
باڵی ڕەشی یەکجار شوومیان
بیری کۆنی ژەهراوییان
لەم وڵاتە
بچەسپێنن
ڕەوەوی مێژووی
ئەم گەلە
لە عیراقی کوردو عەرەب
بوەستێنن

* * *

لەکۆنەوە تاکو ئیستا
لاوی ئازای
ئەم وڵاتە
گشت هێرشو گشت لافاوێ

چاو چنوکی
لە مەیدانی جەنگی ڕەوا
ڕایان مالیو ڕائەماڵن

* * *

ئەم وڵاتە
لە ڕووی دوژمن
ئاگرێک هەمك ئاگرەکەی
باوە گوڕ گوڕ
کەداگیرسا ناکوژێتەوە
تا لافاوی ئاخۆندانی
قومو تاران
بەیەکجاری
ئەسڕێتەوە
ئەسڕێتەوە

* * *

ئەم وڵاتە
لە کوردستان هەتاکو فاو
جەنگاوەران وەکو شێران
گرتوویانە سەری مەیدان
نە بە ڕۆژو نە بەشەو
چاوی کەشیان ناچێتە خەو
بۆیە دوژمن ئەی شێواوە
شاڵاوی پەرشو بڵاوە
تێنوو تەوژمی براوە

* * *

دەڵێیان دەن
دەڵێیان دەن
زۆر ڕەوایە
هەرچی چەکی کوشندەیە
دژ داگیر کەر بخەینە کار
تائەبنە پەندی زەمانە
ئەو ئاخوندە بێ مێشکانە
ریسوا ئەبن بەیەکجاری
لە سەر شانۆی
ئەم جیهانە

جارێك هەیڤ ڕاوەستا

شیعری : سەلاح فائیق
لە دیوانی « مقاطعات واحلام »
و/د. نافع ئاکرەیی

ئەو ئافرەتەی لە بیرەوەری « دی ساد »دا
نوستۆی زیاتر لە یەك پرسیارە
لە مێشکمدا
بەلەمێکی پڕ لە کێبە
بەرەو دولێکی بێبن دەروات
لە مێشکمدا
ئەسپنو جنێو بە مێزەکانی قومار دەدەن
هەروەها کەسێکی تێدایە
هوزانێك دەخوێنتەوە کە کەس نەینوسیبی
لەو دەڤەی بە ڕۆژهەلات ئالودەبووی
کە جلو بەرگی شینیان دەسوتێنو
هەموو وێنەکانی پیری
بەلام « هەرەم » شتێکی ترە
جارێك هەیڤ لە پشتیەوە ڕاوەستا
پاشان بە سەر ئاسو کەوتو
بیست وشەی روناك کرد

* * *

هەموو سەرو چاوەیەك هیشك دەبێتو لە ناو
جەنگەلدا هیندێ مەلی شەپرزە بەجێ دێلێو
ڕۆژ ئاوای لە دەوری کانەکاندا لە چەرین
بەجێ دێلێ .

وەرن پاشماوەی وشەکان پارچە پارچە بکەین
ئەم هەر دوو مناڵە رزگار بکەین .. ڤیانو ژیر ..
هیچ جێگایەکیان نیە .. جگە لە ناو
بیرچوونەوە نەبێ .

سودفە .. هیچ بەش وپارچەی تری نیە .. ؟
ڕاستی خانویەکە ...
هەموو مەلێك ئێواران هەرەشەی دەباتە سەر ..
تا هاوارەکانی خۆی بشارێتەوە
ئەو سیپەرەی لە پشت ئافرەتێکدا وەستاوە
ئەم واتەیەی دەدات .. ؟

* * *

ئەو ئافرەتەی لە بیرەوەری « دی ساد »دا درێژبووە
بو ئەو پیاوەی کاغەزەکانی دەپێچی .. دەگرنژی
ون بوونێك وەکو گوڵێکی لە ناو دەڤدا بەزربوویە
مەوکیبەکی ون بووی دایکان
ئەو تیپە ترسنوکەکانی بلندیان دەوێ
میللەتێکی بە وڕێنە .. هەیڤ بەدوای هەیف قوتدەدا
ئەمەیە دەوشانەوەی گیان لە ناو کەللەی سەردا ..؟
ئەو : من نەبوکی درێژم هەیەو
« خوشیو ئارامی قەسوەتو توندی ناهێڵم » .

* * *

پاشماوەی تێکچوونی هوزانفانەکان
لە ناو ئودەی منداڵ ...
دلوپی حەیا چوونو فەزیحەتن
لە جەنگەلێکدا ... لە ڕەگەکان دەگەڕێن
گۆرگێکی کەسیرەو ماندوو دەبینم .. دوورەدەکەوێتەوە
دلی مرۆڤێك لە ناو دودانەکانی دایە

* * *

ڕاستیەو ... شتێکی سەرسورمانەر نیە
خۆت بکەوە ... بەرامبەر ئەم دەریایە
تەماشای ئەستێرەکان بکە
جێکای سوزانیەکانە ..
بە سوتنی درختە بلندەکانی شاد ببە .

* * *

لە ماڵی یان لە ناو گردەکاندا
ئەستونی پشتت لە گەلتایەو
بۆنی ئەسپەکان
هەموو شتێك وەك پێکەنین .. ئازادەو
بلاوەو قەدەغە نیە
گیان لەبەرێکیتر لە ناو چابخانە دەردەپەرێت
هەورێکی ڕەش لە ناو قاپێکی شیردا دەتاوێتەوە
ژنێکی بە مەمکەکانی بەختەوەر
لە ژیرو بیرەوەریدا دەردەچێت
کرنوش دەباتو بە سەر پیاوێکی ناو بەلەمدا نەوی
دەبێت لەپشت ئەوان
لە ناو سەهولدا ... ڕاوچیەك پێدەکەنێ
سەگێك و سێبەرەکەی ...
ناڵێن دەکەن

لندن ١٩٧٧/٧/١

صلاح فائیق : هوزانفانێکی عیراقیە و لە شاری کەرکوك لە دایك بووە و نهو ژی ڕۆژنامە نووسە لە گوڤاری « الدستور » ، لە لندن کار دەکات .

دیوانەکانی صەلاح ئەمانەن :

١ ـ « الرهائن » ساڵی ١٩٧٠ لە دیمشق‌دا دەرچوە .
٢ ـ « تلك البلاد » لندن ١٩٧٨ .
٣ ـ « ئاگرێکیتر شەر لە گەل شار دەکات » .. بە ئینگلیزی ساڵی ١٩٧٩ .
٤ ـ « طریق الی البحر » پاریس ١٩٨٣ .
٥ ـ مقاطعات واحلام ، لندن ١٩٨٤ .

بۆ مێژوو

محەمەد عەلی قەرەداغی

لای هەموان ڕوونە کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا ڕۆشنبیری کوردی شەقڵو ڕەوتێکی نوێی بەخۆیەوە دیوەو ، بزووتنەوەیەکی دیاریی لە لقە جۆراوجۆرەکانی‌دا دەبینرێتو ، ئەم بزووتنەوەیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەکردنو نەشو نمادایە . لەگەل ئەم بزووتنەوەو نەشو نمایەش‌دا گەلێ لاوو قەلەم بەدەستی نوێ خۆیان کوتاوەتە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریو دلسۆزانە کار دەکەن .

گومان لەوەیش‌دا نیە کە کەسێك تازە بچێتە سەر ڕێگەیەکو ، بیەوێت بەرەو ئامانجو مەبەستێك هەنگاو هەڵبگرێت پێویستی زۆری بە ڕێنومایی‌و ڕێگەپیشاندان هەیە ، تا ڕێگە ون نەکاتو تووشی هەڵدێرو کۆسپ نەبێت . بۆیە دەتوانین لەم ڕوانگەوە بڵێین : ئەمڕۆ ڕۆشنبیری کوردی لە هەموو کاتو ڕۆژێك زیاتر پێویستی بەوە هەیە کە قەلەم بەدەستانی کارامەو شارەزا ـ هەرکەس لە بواری خۆی‌دا ـ بە وردیی سەراسۆیی ئەو بەرهەمە تازانە بکەن کە پەیتا پەیتا دەکەونە بازاڕی کتێبەوەو لە کتێبخانەی کوردی‌دا جێگەی خۆیان دەکەنەوە .

هەر لەم ڕوانگەیشەوە دەڵێم : بارودۆخی ئەمڕۆی بازاڕی کتێبی کوردی بەڵگەو نیشانەی بارودۆخی ئەمڕۆی ڕۆشنبیری کوردی‌یە لە هەموو ڕوویەکی‌یەوە . واتە : سبەینێ ، یان دە ساڵ ، یان صەد ساڵی دیکە ... کاتێ یەکێك هات بەرهەمەکانی ئەمڕۆی ئێمەی هەڵسەنگاند ، بە گوێرەی ئەو بەرهەمانە دەڕوانێتە تواناو زانیاری زانایانی ئەمڕۆو ، هەر بەو پێودانەیش هەر کەلەبەرو ناتەواوی‌یەك ببینێ لە سەرمانی حساب دەکاتو ، خاڵ بەخاڵ دەیان‌نووسێو ، دوای ئەوەیش لە عاستی بێدەنگبوونی شارەزایان‌دا لەو کەمو کووڕی‌و ناتەواوی‌یانە بێدەنگ نابێتو ، بۆی هەیە بپرسێت : ئایا ئەو چەرخە شارەزاو لێهاتووی تێدا نەبووە ؟ ئەگەر هەبووە بۆ لە عاستی ئەم دیاردە خوارو خێچانەدا نەهاتوونەتە دەنگو چاویان لێ نووقاندوون ؟

من بەش بە حاڵی خۆم ـ هەرچەند خۆم بە شارەزا دانانێمو ، دەمڕاستی گۆڕەپانەکە نیم بەڵام کاڵا لە قەد باڵا ـ بە گوێرەی دەرفەتو بۆ لوان جارجار دەستم داوەتە کتێبێك یان دێوانی شاعیرێك‌و بەپێی بۆچوونو توانای خۆم ـ بە مەبەستی خزمەت ـ هەڵم‌سەنگاندووەو ، شتێکم دەربارەی نووسیوە . بەڵام گەلێ جار ئەم کارەم بووە بە هۆی ئەوەی کاتو توانای زیادی تێدا خەرج بکەمو ، لەسەر حسابی ئیشو کاری تایبەتی خۆم تەواو ببێو ، زۆریشم لەسەر بکەوێ . چونکە ـ بەداخەوە ـ ئەمڕۆ دیاردەیەك لە ناو ڕۆشنبیران‌دا سەری هەڵداوە کە مایەی داخو دەردەوڵە ؛ ئەو دیاردەیش ئەوەیە ئەگەر نووسەرێك کتێبێك هەڵسەنگێنێتو شتێکی لەسەر بنووسێتو ، نووسینەکەی پڕ نەبێ لە پیاهەڵدانو ماستاو ساردکردنەوەو ، بەرزکردنەوەی ـ بە ناحەقی ـ کتێبەکە ئەوا ئەو (ڕەخنەگرە) کارێکی وای کردوە کە شیاوی ئەوە نەبێ چاوپۆشی لێبکرێتو ، هەزار ناوو ناتۆرەی نارەوای پێدا دەگوترێتو ، ساڵیشی بە هەزار چووبێت هەر پێی دەڕژێنرێ . هەر هۆی ئەمەیشە کە گەلێ جار ڕەخنە لێگیراو دەیەوێ بە هەر نرخێ بێت چاووڕاو لە خوێنەر بکاتو ، ڕاستی بشێوێنێو ، کاری وا بکا کە خۆی بیەڕێنێتەوەو ، وا پیشان بدات کە هەرگیز (ئەو) شیاوی ئەوە نیە کە پێی بڵێن بەری چاوت کلی پێوەیە !

هەر ئەم جۆرە ڕەوتو ڕێبازەیش پاڵی پێوە نام ئەم وتارە بنووسمو ، خوێنەری ئازیز لەم چاووڕاوە زیاتر شارەزا بکەم .

لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٨٤)دا کتێبی خەلیل منەووەر بە کۆششی مامۆستایان : هەردەوێل کاکەیی‌و ، مصطفا نەریمان چاپکراو کەوتە بازاڕەوە . دوای ئەوەی کە کتێبەکەم دی‌و خوێندمەوە گەلێ شتی جێگەی سەرنجم تێدا بینی‌و ، بە مەبەستی خزمەت بە کەلەپووری ئەدەبی کوردی چەند نموونەیەك لە سەرنجەکانم کرد بە وتارێك‌و دام بە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ، ئەوەبوو بە سێ ئەڵقە بە ناونیشانی « خوێندنەوەیەکی سەربێبی دیوانی خەلیل منەووەر » لە ژمارەکانی : « ٧٤٣ و ٧٤٤ و ٧٤٥ »دا بڵاو بووەوە .

ماوەیەك دوای ئەوە کاك هەردەوێل کاکەیی بە دوو ئەڵقە لە ڕۆژانی ١١/٨ و ١٩٨٥/١٢/١٥دا بە ناونیشانی « وردەکاری‌یەك لە ڕەخنەکانی قەرەداخی » وەڵامی دامەوە ، بەڵام لە بەر ئەوەی وەڵامەکەی کاك هەردەوێل چاوبەستو لە مەبەست لادان بوو ناچار بووم بە ناونیشانی : « با چاوبەست لە خۆمان نەکەین » لە ژمارە (٧٧٣)ی ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٤ی ڕۆژنامەی هاوکاری‌دا وەڵامم دایەوە(١) .

دوایش لە چاوپێکەوتنێك‌دا لەگەل کاك هەردەوێل‌دا کەوتینە گفتوگۆو زیاتر لە باسەکە دوایو ، بە خۆشی‌و دۆستانە شتەکە کۆتایی پێهات .

دوای ئەمانە :

دوای ئەمانەو ، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی وتارەکەی من‌دا نازانم چی بیری مامۆستا نەریمانی خستەمە کە لەم ڕۆژانەدا بە ناونیشانی : « وەڵامێکی لەسەرخۆ بۆ نووسینێکی سەربێی » لە ژمارە (٨٢٥)ی ڕۆژنامەی هاوکاری‌دا جارێکی دیکە دوێژی قەتماغە بەستووی ئەم باسەی شکاندەوەو وتارەی نووسی ؟

لەڕاستی‌دا ئەگەر کاك نەریمان شتێکی نوێی پێ‌بوایە ، یان هەڵەیەکی منی ڕاستبکردایەتەوە زۆر جێگەی خۆی دەبوو و ، منیش بە پێخۆشحاڵی‌یەوە پێشوازیم لێ دەکرد . بەڵام کە ئەمیش هەر هەمان ڕێگەی چاوبەستو چاووڕاوی گرتۆتە بەرو نایەوێ دان بە ڕاستی‌دا بنێتو ، خۆیشی وا پیشان دەدات کە من نارەوام لەگەل کردوە .. ناچار بووم ئەم جارەیش ـ هەرچەند زۆرم پێ ناخۆشەوپێ بە چەرگی خۆمەوە دەنێم ـ ڕووی ڕاستی بۆ خوێنەر ڕوونبکەمەوەو ، پەردەیش لەسەر ئەو چاووڕاوە لابدەم :

مامۆستا نەریمان لە سەرەتای باسەکەی‌دا کە ڕووی قەڵەم دەکاتە من چەند بڕگەیەك لە وتارەکەی من ـ کە بە لای ئەوەوە پەسەند نین ـ وەردەگرێتو ، ڕزیان دەکاتو بێ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە بە سەریان‌دا دەڕوات . دوایی چوار خاڵ دەگرێتە دەستو لەسەریان دەنووسێتو بەوە کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێت . ئیتر بێ ئەوەی پێ لەوە بنێت کە من تەنانەت (یەك !) سەرنجی ڕاستم لەسەر کتێبەکەیان نووسیبێت !

لە بەر ئەوە ئەم ڕوون‌کردنەوانە دەنووسم :

١ ـ وتارەکەی من لە دوو ژمارەی هاوکاری‌دا بڵاونەکراوەتەوە ـ وەك مامۆستا نەریمان بۆی چووە ـ و لە سێ ژمارەدایە .

٢ ـ من کاتێك کتێبەکەیانم خوێندەوە سەرنجەکان لەوە زیاتر بوون کە بە وتارو دوو وتار بڵاوبینەوەو ، بەڵکو ئەگەر ـ وەك پێویست ـ لەسەر ئەو کتێبەم بنوسیایە دەبوو بەلای کەمەوە سووکە کتێبێکی لەسەر بنوسم ! بۆیە هاتم سەرنجەکانم بابەت ـ بابەت کردو ، بۆ هەر بابەتێك چەند نموونەیەکم هێنایەوە . بەم پێیەیش هێشتا سەرنجەکانم لە (٢٦) خاڵو بڕگە زیاترن . کەچی مامۆستا نەریمان خۆی لە قەرەی تەنها چوار خاڵ داوە ! ئەوەیش چۆن خۆ لەقەرەدانێك !!

دەربارەی خاڵی یەکەم : من نووسیومە : کە هاتن گەلێ دیاردەیان لە شیعری (خەلیل منەووەر)دا ڕزکرد دەبوو ئەوەیشیان لەبیر نەچوایە کە خەلیل منەووەر زۆر بە تەنگ ئەوەوە هاتووە نەخوێندەواری نەهێڵێو منداڵان فێری خوێندن بکا ، وەك دەڵێت :

گەر وە تەمانی دەوران بڕانی
پەرێم بیناکەر یەك گەورە خانی
کەرێش وە مەکتەب پەرێ ئەطفالان
دەرۆم (!) تەعلیمشان فرێ وە ڕەوان

ئیتر باسی ئەوەم نەکردووە کە ئەو پارچە شیعرەی من ئەم دوو بەیتەم لێ وەرگرتووە بۆ مەبەستی دیکە دەشێ یان ناشێ ، تا مامۆستا نەریمان بڵێ « بە هەڵە بۆی چووە » .

دەربارەی خاڵی دووەمیش دەڵێم : ـ بە پێی لێکۆڵینەوەی ئەمان ـ مامۆستایان : سەجادی ـ خوا لێی خۆش‌بێ ـ و مامۆستا ڕۆژبەیانی هەردوو لایان لەوەدا بەهەڵەدا چوون کە وتوویانە (خەلیل کوڕی محەمەد منەووەرە) کەچی ئەمان ـ واتە هەردەوێل‌و نەریمان ـ ئەم ناوهەڵدانە لە مامۆستا سەججادی دەکەن بە هەڵە بەڵام بۆ ڕۆژبەیانی ئەمەیان لەبیر دەچێ . ئیتر ئەم قسەی منە چ پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مامۆستا نەریمان

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

لیرمەنتۆف

وریا عمر امین

لیرمەنتۆف .. شاعیرێکی نەتەوەیی رووسە، توانی بچێتە ناخی هەموو رۆلەیێکی هاونیشتمانیەوە و بەوپەڕی ناسکیو ووردیو قوولیەوە هەمووو هەستو نەستو ئاواتو ئازارو بەها باوەکانی سەردەمی خۆی دەربڕێ . هەرچیەکی وتبێ دەنگی زۆلالی گەرووی رۆلەی نەتەوەی خۆیەتیو لە ناخی کۆمەلەکەیەوە هەلقوولاوە . وایئەیەکی بێ گەردی ژیانی ئەو سەردەمەی وولاتەکەیەتی .

بەرهەمەکانی لیرمەنتۆف لە ئەدەبی جیهانیدا بە لووتکەی دادەنێنان لە قەلەم دەدرێن . رەوانیو ئاسانیو نەبوونی پەناو پێچ لە دەربڕینا سیمای شیعرەکانیەتی ناوەڕۆکەکانی نموونەی قوولی ووردیو جوانین .

ئەم شاعیرە مەزنە لە تەمەنی (٢٧) سالی یا کوژرا . بەم تەمە یەکجار کورتەی توانی خۆی بگەیێنێتە ریزی پۆشکینو گۆگۆلو ناوی بخاتە ئەدەبی جیهانیەوە . تۆلستۆی لەبارەیەوە دەلێ (جێی داخە نووسەرو شاعیرێکی وا هێژاو مەزن وا زوو بمرێ لیرمەنتۆف پر هێزو وزە بوو . بەلاتایە زیاتر بژیایە شتی سەیرمان لێ دەخوێندەوە .).

لیرمەنتۆف لە سالی ١٨١٤ لەدایك بووە دوای تەواو کردنی قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندی لە سالی ١٨٣٢ دا چۆتە قوتابخانەی عەسکەریو دوو سالی تیا ماوەتەوە . لەم قوتابخانەدا خوێندنەوەی کتێبی دەرەوە قەدەغە بوو لیرمەنتۆف بە دزیەوە دەیخوێندەوەو دەینووسی لەم سەردەمەدا دەستی بە نووسینی چیرۆکی «فادیم» کرد تیایا باسی شۆڕشەکەی بۆگاچیۆف دەکات و بە حەتمیەتێکی مێژوویی دادەنێ کە لە ئەنجامی چەوساندنەوە بوو، میللەت گیری بەدەست رۆژیمە بۆگەنە خۆ پەرستەکەی قەیسەر خواردبوو ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە لە ئەوەکەی پۆشکینی دەکرد کە لەژیر ناوی (سەرۆك) دایەو لە هەمان کاتدا نووسراوەتەوە . بەلام رۆمانسیەتی لیرمەنتۆف لە دەربڕینا وای کرد نەتوانێ سیمای قارەمانەکەی بە شێوەیەکی واقیعی دەستنیشان بکات بۆیە وازی لێ هێناو تەواوی نەکرد .

لیرمەنتۆف زۆر زوو دەستی دایە قەلەم و یەکسەر هەلچووو گەیشتە لووتکە . ئەم جۆرە هەلکەوتانە بەسەر لووتکەی مەزنیەوە لە مێژوودا زۆر دەگمەنە . لە تەمەنی ٢٢ سالیا بە بۆنەی مردنی پۆشکینەوە شیعرێکی بە ناوی «مردنی شاعیر» دانا. ئەم شیعرە رووسیای قەیسەری هەژاند .

لە ژیانی ئەدەبیی لیرمەنتۆف دوو قۆناغ دەستنیشان دەکرێت .. یەکەم ساڵانی ١٨٢٨ تا ١٨٣٤ دەگرێتەوە لەم قۆناغەدا لیرمەنتۆف بەرەو رۆمانسیەت دەڕوا . هێزی داهێنانو چوونی بەرەو رەسەنیی هونەریی تیا بەدی دەکرێ .

قۆناغی دووەمی لە سالی ١٨٣٥ تا سالی ١٨٤١ کە سالی مردنیەتی ـ دەگرێتەوە . لەم قۆناغەدا گەیشتی ئەدەبی بەدی دەکرێ . تیایا تووشی کۆڵدانێکی دەروونی بوو . هەستی بە بێزاریو نائومێدیو رەشبینی لە هەموو شتێکا کرد وکەوتە گومان لە خۆیو لە توانینی خۆیەوە . زاڵ بوون بەسەر ئەم بارە نالەبارو ئالۆزەی ، لیرمەنتۆفی بەرەو واقعیەت برد .

پتەویی هەڵوێستەکانی لیرمەنتۆفیو راست گۆییو ئازایی لە چارەسەرکردنی کێرو گرفتەکانی ژیانی رۆژانەو سیاسیو فەلسەفی هۆی گەوهەری بوون خەڵکەکە بە پەرۆشەوە روو لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بکەن .

لە سەردەمی لیرمەنتۆفا فەسادو نائومێدی بێئارامی رەش بینیو کپی باڵی بەسەر کۆمەڵا کێشابوو وای لێ هات خەڵکەکە گوێ بە هیچ نەدەنو هەر خەریکی خۆیانو پارەو سامان کۆکردنەوە بن بەهەج رێگەیێ بێ مەسەلەی هەرە گرنگ کە نەتەوەو وولاتو دوا رۆژ بوو لە بیر چووبووەوە .

سەرنەکەوتنی راپەڕینی دیسێمبەریەکان ئەو تاڵیەی خستە دڵی خەڵکەکەوە . لە لایەکی ترەوە قارەمانێتی دیسێمبەریەکانو شیعری شاعیرەکانی خوساوە بە گیانی سەربەستیو نیشتمان پەروەری بووە قوتابخانەیەکی کاریگەر بۆ چینی گەنجان . دەورێکی باڵای لە دروست کردنی بیرکردنەوەو هەڵوێستیان بەرامبەر بەژیان بینی .

جگە لەمانە هەموو ژیانی ماڵەوەی لیرمەنتۆف زۆر تاڵو ناخۆش بوو . ئەمە وای لێکرد پەنا باتە بەر تەنیاییو بیرکردنەوەی قوولو سەرنجدان . و بچێتە ناخی مرۆڤی هاوچەرخیەوە تێکەڵ بوونی لەگەڵ رەشو رووتی لادێکان کارێکی زۆری لە هەستو بیرکردنەوەی کرد . پر بەدڵ گوێی بۆ حیکایەتو چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی جوتیارو لادێکان رایەڵ دەکرد .

لیرمەنتۆف نووسەرێکی رەسەن بوو . قارەمانی چیرۆکو نووسینەکانی دەنگ دانەوەی هەستو نەستو ئاواتو سەرنجدانە تایبەتیەکانی خۆیەتی قینی بەرامبەر تەمبەلیو چەوسانەوە ..... خۆشەویستیی بۆ ووریاییو هوشیاریو جوڵانەوەو نیش کردنو جمەوجۆل و پاپەڕین . داوای سەربەستی کردنو وەستانی دژی کۆیلەییو کۆت ..... ئەمانە هەموو لە نووسینەکانی یا بەدی دەکرێن .

قارەمانی لیرمەنتۆف مرۆڤێکی یاخی بووە . هەستێکی ناسکی ئاگرینو بیرێکی رووناکو توانایەکی یەکجار زۆری لە سەرنجدانو شی کردنەوەدا هەیە .

لیرمەنتۆف زۆری بیر لە زوو مردن دەکردەوە. رەخنەگران زۆری بەرهەمی بەم تەمەنە کورتە دەدەنە پاڵ ئەم وڕێنەیە . خۆی زۆر جار ووتوویەتی (زۆر دەترسم بمرم پێش وتنی هەموو ئەوەی لە دڵمایە).

لیرمەنتۆف بەرهەمێکی یەکجار زۆری بەجێ هێشتو دەستی لە هەموو جۆرە نووسینێکی ئەدەبی دا . شیعر بە هەموو جۆرێکیەوە .. چیرۆکی کورتو درێژو شانۆیی بەشیعرو پەخشان ... لە هەمووشیانا دوولکەی داهێنانی پێشان دا .

لەپووی پەری دڵ فرێن، لەوەنە وشەو شەو پۆژو نەسرین ، لە بولبولو قومری لەتریقەی سەر دەمی کۆریەی جوان ، لەمێرگو لالە زار، لە ئەستێرەی گەشی ئاسمان ،لە تریفەی مانگە شەو ... خۆشەویستە کەم لەمانە هەمووی جوا نترە :ـ

لە نمە نمەی باران ، لە تیشکی مۆم ، لە سەوزەگیای دەمیبەهار ، لەئاوە ڕۆی جوگەلەی ساوای شیرەخۆر، لە لەرینەوەی زیخو چەوی بنیکانی ، لەشنەی شەمال ، خۆشەویستەکەم لە هەموو ئەمانە نەرمو نیان ترە :ـ

لەچریکەی نای ، لە ئاوازی عودو کەمان ، لە قاسپەی کەوی سەرچیا ،لە هاقوی کۆتر ، لە سەدای بولبول ، لە بانگی بەربەیان.. چریەی خۆشەویستەکەم لەگوێیدا خۆشترە لە هەموو ئەم دەنگانە !.. لە گوێما بوون خەڵکەکە بە پەرۆشەوە روو لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بکەن .

لە سەردەمی لیرمەنتۆفا فەسادو نائومێدی بێئارامی رەش بینیو کپی باڵی بەسەر کۆمەڵا کێشابوو وای لێ هات خەڵکەکە گوێ بە هیچ نەدەنو هەر خەریکی خۆیانو پارەو سامان کۆکردنەوە بن بەهەج رێگەیێ بێ مەسەلەی هەرە گرنگ کە نەتەوەو وولاتو دوا رۆژ بوو لە بیر چووبووەوە .

سەرنەکەوتنی راپەڕینی دیسێمبەریەکان ئەو تاڵیەی خستە دڵی خەڵکەکەوە . لە لایەکی ترەوە قارەمانێتی دیسێمبەریەکانو شیعری شاعیرەکانی خوساوە بە گیانی سەربەستیو نیشتمان پەروەری بووە قوتابخانەیەکی کاریگەر بۆ چینی گەنجان . دەورێکی باڵای لە دروست کردنی بیرکردنەوەو هەڵوێستیان بەرامبەر بەژیان بینی .

جگە لەمانە هەموو ژیانی ماڵەوەی لیرمەنتۆف زۆر تاڵو ناخۆش بوو . ئەمە وای لێکرد پەنا باتە بەر تەنیاییو بیرکردنەوەی قوولو سەرنجدان . و بچێتە ناخی مرۆڤی هاوچەرخیەوە تێکەڵ بوونی لەگەڵ رەشو رووتی لادێکان کارێکی زۆری لە هەستو بیرکردنەوەی کرد . پر بەدڵ گوێی بۆ حیکایەتو چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی جوتیارو لادێکان رایەڵ دەکرد .

لیرمەنتۆف نووسەرێکی رەسەن بوو . قارەمانی چیرۆکو نووسینەکانی دەنگ دانەوەی هەستو نەستو ئاواتو سەرنجدانە تایبەتیەکانی خۆیەتی قینی بەرامبەر تەمبەلیو چەوسانەوە ..... خۆشەویستی بۆ ووریاییو هوشیاریو جوڵانەوەو نیش کردنو جمەوجۆل و پاپەڕین . داوای سەربەستی کردنو وەستانی دژی کۆیلەییو کۆت ..... ئەمانە هەموو لە نووسینەکانی یا بەدی دەکرێن .

قارەمانی لیرمەنتۆف مرۆڤێکی یاخی بووە . هەستێکی ناسکی ئاگرینو بیرێکی رووناکو توانایەکی یەکجار زۆری لە سەرنجدانو شی کردنەوەدا هەیە .

لیرمەنتۆف زۆری بیر لە زوو مردن دەکردەوە. رەخنەگران زۆری بەرهەمی بەم تەمەنە کورتە دەدەنە پاڵ ئەم وڕێنەیە . خۆی زۆر جار ووتوویەتی (زۆر دەترسم بمرم پێش وتنی هەموو ئەوەی لە دڵمایە).

لیرمەنتۆف بەرهەمێکی یەکجار زۆری بەجێ هێشتو دەستی لە هەموو جۆرە نووسینێکی ئەدەبی دا . شیعر بە هەموو جۆرێکیەوە .. چیرۆکی کورتو درێژو شانۆیی بەشیعرو پەخشان ... لە هەمووشیانا دوولکەی داهێنانی پێشان دا .

هەندێ زانیاری دەربارەی جەمعییەتی تعاونی کورد

و ـ احمد محمد اسماعیل

لەکتێبی « جولانەوەی جماوەریی قۆچگیری»یەوە

لە ساڵانی دوایی پیاوە نەخۆشەکە ،تەوژمی کوردایەتی پەرەی سەندبوو ، ئەو کوردانەی لە نەستەمول دەژیان لە دەوری کۆمەڵو ڕێکخراوەکان کۆبوونەوە . (کۆمەلی تعالی کورد) یەکیك لەو کۆمەلانە بوو ، کە کوردەکان لە دەوری کودەبوونەوە .

تاریق زەفەر تونای لە کتێبی «پارتە سیاسیەکانی تورکیا»دا دەڵێ «کۆمەلی تعاونی کورد ساڵی ١٩٠٨ دامەزرا بەپێی یاسای ئەساسیو سەر بە ئیدیای عثمانی بوو لە پێشدا وەکو کۆمەلێکی خەیری خۆی پیشان دەدا» .

بەلام کۆمەلی تعالی ، کە لە کاتی «هودنەکەی مۆندرۆس» کۆمەلێکی سیاسی بوو ، پروای بەوە هەبوو کە کورد ، میللەتێکەو مافی ژیانی سەربەخۆیی هەیە ، وە هەر بۆ ئەم ئامانجەش هاتبووە کایەوە.

لەو رۆژانەدا نەك تەنها کورد ، هەموو ئەو میللەتانەی کە ژێر دەسەلاتی «عثمانلی»دا بوون ، کۆمەڵو ڕێکخراوی خۆیان دادەمەزراندو لە دەوری کۆدەبوونەوە ..

ئەوەی شایانی باسە «کومەلی تعالی» رۆلێکی کاریگەری هەبووە لە ئامادەکردنو زەمینە خۆشکردن بۆ جوڵانەوەیەکی جەماوەریی کە جوڵانەوەی (قۆچگیری)یە . بەلام بەبۆنەی پەیدابوونی دووبەرەکی لە نێو کۆمەڵداو ، تاربوونی ژمارەیەك لە ئەندامە چالاکەکانی بۆ دەرەوەی وولات ـ(دەرەوەی تورکیاو ـ)و لەبەر ئەم هۆیانەو هەندێك هۆی تریش ، کۆمەل لە بەڕێوەبردنو ڕێنمایی کردنی جوڵانەوەکە دەوری نەگێڕاوە .

ئەو زاتانەی بە دامەزرێنەری کۆمەل دادەترێن ئەمانەن :

١ ـ مەلا سعید ، کە بە «بدیع الزمان سیدی نورسی» ناوبانگی دەرکردووە .
٢ ـ هەمزە مقسلی .
٣ ـ خلیل خیالی .

دوای دامەزراندنی ، دەستەی دامەزرێنەرو هەندێ زاتی دیکەش وەکو : محمد شوکری سکبانو امین عالی بدرخانو ، عبدالقادر عبیدالله شەمزینی چاویان بە بالێوزی ئەمریکیو فەرەنسیو ئینگلیزی دەکەوێتو دەربارەی کومەل ووتوویژیان کردووە .

تاریق زەفەر تونای بەگوایرەی گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەو بڵاوکراوەکان کۆمەل خۆی دوای یەکەم کۆبوونەوەی گشتیی ، ئەم ناوانە دانراون بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەل .

سەرۆك : عبدالقادر عبیدالله شمزینی .
جێگری سەرۆك : ئەمین عالی بدرخان .
جێگری سەرۆك : فریق فؤاد پاشا .
کاتبی عمومی : حمدی پاشا .
محاسب : سعید عبدالله .
ئەندام : محمد علی بدرخان
ئەندام : محمد امین بەگی سلیمانی
ئەندام : خۆجە علی افندی
ئەندام : شفیق ئەروازلی
ئەندام : شکری بابان
ئەندام : فؤاد بابان
ئەندام : فتح‌الله ئەفندی
ئەندام : محمد شکری سەکبان

ساڵی ١٩١٨ز لە دیاربکر لقی کۆمەل کراوەتەوە نزیکەی (١٠٠٠) ئەندامێکی هەبووە .

باری سەفەر

شیعری دلشادی عمرکاکی

هێندەم خۆشە ڕێبواری ڕێم—
مەستو گیژی سەفەرێکم
بۆ خەوێکی شیرین خەوتووم
هێندەم خۆشە هەتاکو دێم
هەوری سەفەر .. .
بەسەرمەوە پێچ ئەخواتو ..
نووستووم ماشێن بێشکەیەکەو
ڕام ئەژەنێ
چیت پێبڵێم ..؟
ئێستا نا وا تاوێکی تر
. خۆم بەسەر خۆمدا ئەبارێم
چیم پێ ئەڵێی ..؟
کە ئەمبینی لێرەم لەوێم
من کۆچ نیم ، کۆچ بیرینەوەم
ڕێگا بە تۆم ناگەیەنێ . .
سەفەرم لە دەرگای تۆدا تەواونابێ
کەچی هەردەم ، بەرێگاوەمو ناسرەوێم .
هەوری سەفەر مەستی کردووم ..
وا مەزانە بەڕێگاوەم .. ڕووەو تۆ دێم
باری سەفەرم غمێکە ناگاتە تۆ
چونکە هەرگیز
نە ئەگەم پێت .. نەئەکەی پێم

* * *

هێندە هاتمو .. هێندە چووم
ئەمجارەیان ..
لەم سەفەر ەگەرامەوە . .
کە پیادە بووم
دێمو ئەڵێم
تۆی بەسەرمدا ئەبارێی
چۆن خۆم هەورم ..؟!
چۆن بارانم ..؟!
چۆن بەسەر خۆمدا ئەبارێم ..؟!

چۆنە خۆشەویستەکەم

عوسمان خواکەرەم : زرنگ

خۆشەوەك لای لایەی دایك ، ،بەیوو لە بۆ چرا ، گیان بۆ
وەك گرو گاڵی منداڵ ، وەك لەش ، ژیان بۆ ئاوەدانی ..
زەنگی کاروان :ـ لە داستانەکەی شیرینو
لە شەیدایی بولبول بۆگوڵ فەرهاد ، لە خۆشەویستی

ئەوانە بۆ ئەمانە من پترخۆشەویستە کەی خۆمم خۆش دەوێت !.

خۆشەویستەکەم ئایا ئێستا توانیومە جوانیەکەت بەیەکجاری بخەمە ڕوو ؟!.. بەجارێ باسی ئەرمونیانیت بکەم ؟!.. دواسنووری پلەی خۆشی دەنگت لەگوێیدا ڕوون بکەمەوە بۆ جیهان ؟!. توانیومە هەستی خۆشەویستی خۆم بەباشی بەرامبەرت دەر بیرم ؟!..

نەخێر ، هەزار جار نەخێر نەم توانی !.. ئەم توانی !.. بۆیە لەشەرمەزاریدا پەنجەم بەپێنووسە کەمەوە شل بوو ..پێنوسەکەیشم شکاو ، گیانی نووسینی تیا نەما ..... بەرەش درا .

دەساداوای لێ بوردنت لێ دەکەم کەنەم توانی ئەو پەڕی نرخی خۆتت بدەمێ .. دەسابم بووره ، دەسابم بووره .

کوا دادگا لە ئێرانی خوێناویا ؟

شیعری : بورهان هەژار سلێمانی

ئەگەر مافی مرۆڤ مابێ
دادگاکان لەئێرانا
دێنە پێشێ .....!
چاو دەخشێنن بەناو شارا
تاببینن ،
ئافرەتانی جەرگ سووتاو
لەنێو شەقام و بازاڕا
سەرگەردانن ..
بۆ دادگایەك دەگەڕێن ..؟!
کڵپەو ناڵەی
ڕۆڵەی کوژراویان .
لە دادگەری شار بسێنن ..!

* * *

هەی دادگا ،
هەی پیاوانی کۆشك و تەلار
ئێوە چاو پۆش و مل کەچن ..؟!
بۆ سەندنی مافی هەژار
دادپەروەری ناخەنە کار ..!
کوا یاساتان ..؟!
دادگاتان سینەمایەو
فلیمەکەی بۆ هەژاران کەلکی نایە
هەی دادگا ..!
هەر دوێنێ بوو بەرەبەیان
منالێکی سەمون فرۆش
وێڵ بوو لەدوای ئانی ژیان
لەژێر زەبری پۆستال ڕەشتێکی ڕوو گرژا
هاواری ئەکردو ئەینالان ..!
تاوانەکەی ئەوەنده بوو
چونکە ناسنامەی پێنەبوو ..
بەوبەیانیە سێ سەربازیان لێکوژراپوو ..
گرتیان بردیان
تاڕاویانا کردیان بەژێر زیلێکەوە .!
کاتێ خەلکی چوونە سەری
گیانی بچکۆلەیان بینی
لەناو خوێنا مەلەی ئەکرد ..
ماڵ ئاوایی لەجیهانو
منالانی کوردان ئەکرد ..!
لەپر ئافرەتی دامان ڕەش ...!!
چووە سەر لاشەی خوێناوی
هاواری کرد بەناڵەو ڕۆ ..
تەنیا کوڕی جێماوم ڕۆ ...!

* * *

ئەوەتانێ ،
ئێتر دایکەی جەرگ سووتاو
لەو ڕۆژەوە ..!
سەرگەردانی تۆلەیەتیو
وێڵە لەدوای ئەو دادگایەی
ڕەوای خوێنی
تەنیا کوڕی
بەزۆر ـکوژراوی بسێنێ ...!

* * *

ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵ دا

پەخشان حەمەامین عبدالله

ئافرەت وەکو مرۆڤێك کار ئەکاتو ماندو ئەبێو تێکەڵ بە هەموو ئێشو ئازارە کۆمەڵایەتیەکان ئەبێت .. تا ئێستاش ، لە زۆر شوێندا دیاردەی ئەو بنچینە کۆمەڵایەتیانەی کە ئافرەتی پابەندی پاشماوەی بنەریتی لە ناو چوو ماڵەباوان کردوە . کەم تا زۆر ـ ماوەتەوە لە هەموو کاتێکدا ، لە هەموو قۆناغیو سەردەمێکدا دوا کەوتنی ئافرەت لە بواری رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریەوە نیشانەیەکی ترسناکە لە بەردەم ڕێبازی راپەڕینی هاوچەرخانەی سەرجەمی کۆمەڵداو کار ئەکاتە سەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی وئابوریو سیاسیەکانی ناو کۆمەڵو دوایان ئەخات .

دۆخی پاشکەوتنیو بە پاشکەوتوێی مانەوەی ئافرەت زیانێکی زۆر بەرەوتی مەسەلەی پێشکەوتن ئەگەیەنێو هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە ئافرەت لە هەموو بارو دۆخێکدا لە روی تیوریو پراکتیکو مافەوە سەربەست بکرێ بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ریشەیی لە ناخی کۆمەڵدا بەر پا بێت .

ئافرەت هەر چۆن بێتو لە هەر لایەك بێت بەشێکی گرنگی ئەو کۆمەڵەیەو لێی جی ناکرێتەوەو تێکەڵ بە هەموو جموجوڵ وئازارێکی سەرتاپای کۆمەڵە . .

دواخستنیو بە دوا کەوتویی مانەوەی ئافرەتی لە هەر کۆمەڵگا یەکدا بێت کارێکی زیان بەخشانەیەو پێچەوانەی بیروباوەڕی پێشکەوتوانەیە . .

بۆ ئەوەی ئافرەت ببێتە پارسەنگو لایەنێکی گرنگی مەسەلەی ئەو رزگار بۆ نەگشتیبەی تێکڕای کۆمەل کە ئەمڕۆ لە ئارادایە پێویستە لە روی رۆشنبیری کۆمەڵایەتیانەوە سەربەست بکرێو دەستی لە پێشخستنی باری کۆمەڵدا هەبێت .

لەو شوێنو ناوچانەی کە ئافرەت لە بواری نیشتمانیو نەتەوایەتیدا نەیتوانیوە دۆڵی کاربگەرانەی خۆی وەکو بەشێکی پێویست یان نیوەی کۆمەل بکێڕێت ... ئەویش هۆی ئەو دەست بەسەرا گرتنە فیکری یە بە کە بە میراتی بۆی بەچێماوە .

وەلاتی من

● عبدالحکیم گەفەرگی ●

وەلاتی من پر بهایە
لێ تێت قەب قەبا کەوایە
ئەو جهێ کەیفو سەمایە
ڤێت خۆ بۆ بکەین فیدایە

* * *

وەلاتی من جهێ شێرا
جهێ خۆشی عەگیدو مێرا
ل دۆژمنی دکەت گێرا
مستەك ئاخێ نادەت ژێرا

* * *

ملەتێ من یێ بلەزە
ل دیف دۆژمنی دبەزە
دکۆژیت هەمی ناحەزە
ل چیایێت سەختو بەرزە

* * *

وەلاتی من کوڕێ تەمە
زبەر تە هەر شەپرزەمە
هندی ساخم هندی هەمە
گەر بێم کوشتن گوری تەمە

Institut Kurde de Paris

Gyound Warer

ئاوی ژێر زەوی

ئاوی ژێر زەوی بە بەشێك لە خولی ئاو لە سروشتدا دا دەنرێت وە بە یەکێك لەسەر چاوەکانی ئاوی سازگاردا دەنرێت ، وەگرنگی ئاوی ژێر زەوی لەوەدایە کەتاکە سەر چاوەیە بۆ ژیان لەو ناوچانەدا کە ئاوی سەر زەوی تیا نی‌یەو بەشێوەیەکی گشتی کەمتر تووشی پیس‌بوون دەبێت وەك لەئـــاوی سەرزەوی ، وە لەهەندێ وولاتی پێشکەوتوودا وەکو سەرچاوەیەکی وزەی کارەبا دادەنرێت . ئاوی ژێر زەوی لەهەموو ناوچەکانی زەویدا هەیە بەلام بەرێژەیەکی جیاوازو پشت ئەبەستێت بەدوورونزیکی ئەو خەزانە ئاویانە لەڕووی زەویەوە ، دەتوانین سێ ناوچە دیاریبکەین کە بتوانین ئاوی ژێر زەوی تیا بدۆزینەوەوە ئەم ناوچانەش(۱) ناوچەی تێرنەبوو: ڕێژەی ئاو لەم ناوچەیەدا زۆر کەمەو کۆنەکراوەتەوەو تەنها بریتی‌یە لە ڕێگەی تێپەڕبونی ئاوی سەر زەویە بۆ چینە قوڵەکان بەلام ئەو ئاوەی کە لەم ناوچەیەدایە بەرزئەبێتەوە یان بەهۆی مژینی لەلایەن ڕەگـــی ڕووەکەکان‌یان بەهۆی سیفەتی دەرزیلەیی ئـــاو دەبێت (۲)ناوچەی پڕتێربوو : ئەم ناوچەیەش درێژ ئەبێتەوە لە بەرزترین خالەوە کە ئاو ئەبگاتێ لـــە کەشێکی شێداردا بۆ نزمترین خال کە ئاو دەیگاتی لە کەشێکی ووشکدا .(۳) ناوچەی هەمیشە تێربوو : ئەم ناوچانە تێرە بە ئاو بە درێژایی ساڵو قوڵی ئەم ناوچەیە لە ۷۰۰ مەتر بۆ ۱۰۰۰ مەتر تێ نا پەڕێت . ئاتاوی بەرزبونەوەی ئاو جێگیرنی‌یە لە ماوەی چوار وەرزی ساڵدا بەلکو دەگۆڕێت لە وەرزێکەوە بـــۆ وەرزێکی تر وەلە کاتی وەرزە ووشکەکاندا نزمـــە بەلام لە وەرزە باراناوی‌و شێدارەکاندا بەرزە ئاقاری ئاوی ژێر زەوی پەیوەندیەکی بە هێزی هەیە لەگەل بەرزو نزمیەکانی زەویدا بۆ نمونە لە ناوچە تەختەکان یان بەرزایی نزمو ناوچەی شێزار وەکو پارێزگای بەسرە لە وانەیە نزیك بێت لەڕووی زەویەوە بەلام لە ناوچە بەرزەکانا وەکو ناوچەکانی چواردەوری بەغداد تا ڕادەیەك قوڵ دەبێت .

سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئاوی ژێر زەوی ئەو بەشەیە لەئاوی باران کە لە ڕێگەی درزو کەلێنەکانی زەویدا خەزانەکان پڕ دەکاتەوەو دەتوانیت سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی دیار بکەین کە گرنگترینیان :«۱» ئاوی ئاسمانی : ئەمەش ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کـــە لە ئاسمانو سەر ڕووی زەویدان کە بەشێکی دەچێتە ناو زەویەوەو دەکەوێتە جوڵە تا وەکو دەگاتە پێکهاتووە ئاویەکان .(۲) ئاوە کۆنەکان : ئەمەش ئەو ئاوە سوێرانە دەگرێتەوە کە لە بۆشـــایی بەردە نیشتووەکاندا دەمێنێتەوە لەکاتی دروســـتبونیدا ، سەرچاوەکانی لە نێوان ئاوی سازگارو ئاوی دەریا یان دەریاچکەیە کە ڕێژەیەکی زۆر خوێیان تیایە«۳» ئاوەتازەکان : کە ئەمیش چەند جۆرێکە لەوانە :ـ (ا)ئەو ئاوانەی کە ڕزگاربان دەبێت لەئەنجامی ڕەق بونی لافا لە بورکاندا (ب)ئاوی بورکانی سەرچاوەکەشی چالاکی بورکانیە . دجەهەندێ ســـەرچاوەی تری ئاو کە لە دەرەوەی زەویەوە دێت لەگەڵ ئەو تێزەکانەی کە دەگەنە ڕووی زەوی «دەئەو ئاوانەی کە لە ئەنجامی گۆڕانی بەرددا دروستدەبێت . لـــە سیفەتەکانی ئاوی ژێرزەوی پلەی گەرمیەکەیەتی کە نزمترە لە گەرمای هەوا لە هاونیدا کە ئەمەش گرنگە بۆ هەندێ پیسەسازی کە پێویستی بە ئاوێکە پلەی گەرمیەکەی نـــزم بێـــت ، پێکهاتنـــی کیمیاوی‌و ڕێژەی خوێ تیایدا ، دوو هۆ هەیە کە کار ئەکاتە سەر پلەی گەرمای ئاوی ژێرزەوی یەکەمیـــان گۆڕانی پلەی گەرمی لەساوەی چوارەرزی ساڵدا بەلام هۆی دووهەم گوێزانەوەی گەرمایی‌یە لە قوڵایی زەویەوە وگەرم کردنی ئاوی ژێرزەوی بە نیسبەت خـــوێ تواوەکانی ناو ئاوی ژێرزەوی بەتایبەتی خوێیەکانی کالسیوم‌و صودیۆم وکاربۆنات‌و بیکاربۆنات‌و سلفات‌و کلوریدات‌و گەلێکی تر بە شێوەیەکی گشتی بەڕێژەیەکی هەست پێکراو هەیەو ڕێژەکەی دەکەوێتە سەر قوڵی ئاوەکەو سروشتی ئەو چینانەی کە ئەو ئاوە پیاتێپەڕ بووە . جوڵانی ئاوی ژێر زەوی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت ئەبەستێت بە جیاوازی نێوان دوو خاڵی بەرزایی لە ئاوەکە دابەش کراوە بەسەر ئـــەو ماوەیەی لەنێوانیاندایەو دوو ڕێژشتنی ئاومان هەیە ئەوانیش(۱) ڕێژشـــتنی پلێتی : کە لـــەم جۆرەدا گەردیلەکانی ئاو لە چەند هێلێکی ڕاســـتی تەریب بەیەکدا دەڕۆن‌و خێرایی ئاوەکە کەم دەبێـــــت‌و بەشێوەیەکی گشتی ڕێژشتنی ئاوی ژێر زەوی لەم جۆرە ڕێژشتنە دەبێت(۲) ڕێژشتنی تێك جـــوو : جۆری دووهەمی ڕێژشتنی ئاوی ژێرزەوی پێی‌دەوترێت تێك‌چوو ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە گەردیلەکانی ئاو بەشێوەکی سروشتی ڕێك‌و تەریب بەیەك ناڕۆت کاتێك خێراییەکەی زیاد دەکات بەلکـــو ڕۆشتنەکەی لە چەند هێلێکی تێك چوودا دەبێت‌و خێراییەکی گۆڕاوی ئەبێت لە کۆتاییدا ئەمانەوێت ئەوە بۆ خوێنەری بەڕێز ڕوون بکەینەوە کـــە ئاوی ژێرزەوی گرنگیەکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لـــە بیابانداو لە هەموو ناوچەکانی کە ئاوی سەرزەوی تیایا کەمە .

فؤاد هیدایت عمر
زانکۆی بەغداد ـ کۆلیجی زانستی
بەشی زەوی ناسی

بەراوێژەکان : ـ

(۱) ـ الجیولوجیا العامه. د. سهل السنوی . د. یحیی الراوی والاخرون ـ.

(۲) ـ الجیولوجیا للجمیع : عادل حاتم الجوزی ـ

TABLEAU DES CYCLES ECONOMIQUES DE CINQUANTE ANS SELON LA THEORIE DE KONDRATIEFF



لێکدانەوەیەکی تیۆری گەشەسەندنی ئابووری

لە نوسینی د. اسعید وەرگێڕانی : سردار قادر طه

« ویلر هۆکارە ئاوهەواییەکان لەپێشـــکەوتنی خولە ئابوریەکاندا دیاریدەکات» .

بروفیسور ریمون ویلر ، لەســـیەکانی ئەم سەدەیەدا ، لەســـەر شـــێوازێکی نوێ ڕوی‌کردە شیکردنەوەو شرۆڤە کردنی کاری هۆکارە ئاوهەواییەکان لەسەر ڕەفتاری خەلکی‌و گەشـــەپێدانی ئابوری .

شرۆڤەکردنی ویلر لەسەر ماوەی نێوان ٦۰۰ ساڵی پێش میلادو ۱۹٥۰ی میلادی‌یە ، کە زیاتر لە ۳۰۰۰ هەزار سەرچاوەو لێکولینەوەی تیادا بەکارهێناوە کەماوەی شرۆڤە کردنەکەی ۲۰ ساڵی خایاند ،کە پێڕەوێکی زانستیانەو دەرگا خستنە سەرپشت بوو بۆ پسپۆڕەکان دەربارەی گەشەو قەیرانـــی ئابوری ...

بەو جۆرەی کە تیۆری ویلری ئەمریکی بۆ سەر تیۆرە خولە ئابوریەکانی هەر یەکـــە لـــە «نیقولای کوندراتین»ی ڕوسی‌و ، (شارل‌ریست)ی فرنساوای‌و «جوزیف شومپیتر»ی نمساوی بە پێز یەکـــی دروست کرد .

پێش ئەوەی کە تیۆرەکەی ویلر بخەینە ڕوو ، چاکترە تیۆرە ئابوریەکانی ئەو کەسانەی ســـەرەو بێنینەوە یادو ، دەسنیشانی پەیوەندی نیوان ئـــەم تیۆرانە کەیەکتری تەوادەکەن رابگەیەنین ، لەگـــەڵ دیارخستنی هۆکارە ئابوری یا تەکنەلوژی یانـــاوـ هەوای پشت پێ بەستراو لەلایەن هەر تیۆرەوە ، کە گومانی تیدا نی‌یە پەیوەندی ئەو هۆکارانە بەیەکترەوە یارمەتی لێکۆڵینەوەکەو دیاریکردنی ڕێڕەوی خولـــە ئابوریەکان لە ڕووی کات‌و شوێنەوە چاکتر دەدات‌و دەردەخات ...

« تیۆری کوندراتین ».

با سەرەتا دەست بەتیۆرەکەی کوندراتیـــف بکەین کە لە ساڵی ـ۱۹۲٥ـدا سەری‌هەڵدا کورتەی ئەم تیۆرە بەو جۆرەیە کە خولە ئابوریەکان هەر ٥۰ ساڵ جارێك بەدوو قۆناغی (قۆناغی گەشـــەکردن‌و قوناغی دابەزین‌ی یەك لە دوای یەك سەرهەڵدەن کە هەر قۆناغەیان ۲٥ ساڵ دەخایەنێت .

دانەر بەپێی ئەم تیۆرەی وایادەبینێ کە سەر سمایەداریەت هەمیشە دەتوانی هۆکارە هەڵئاوساوەکـــان کە هەڕەشـــە لە ڕژێمی ئابوری دەکەن چاك بکاتەوە ، بەو جۆرەی کە ماوەی فراوانبونی ئابوری ماوەی نەبوونی ئابوری لەگەڵ هەڵکشـــانی قەیرانە ئابوریەکان بە دوادێت‌و لە ڕێگەی کارکردنە خۆبەخۆیەکانی ئامێری بازاردا سەرلەنوێ یەکســـــان بونێکی نوێی ئابوری بـــۆ ئامادەبونی قۆناغێکی گەشەکردوی تازە دەخولقێنێ . مژدەدانی بەردەوامی بەڕژێمی سەرمایەداری لە تیۆرەکەی (کوندراتیف)دا ،بوەهۆی زیانبەخشی پێی ، ئەوە بوو کە لە ساڵی «۱۹۳۰»دا دورخرایەوە بۆ سیبریاو تا ئێســـتە کەسێك هیچی لە کوندراتیف نەبیستووە ..

« شارل‌ریست »

گیروگرفتی کاش بنچینەی تیۆرەکەی شارل ریست بوو ، وای دەبینی‌کە بەکارلێکردنی لایەنـــی کاش بۆ سەر ترخ خاڵی دەست پێ‌کردنی خولـــە ئابوریەکانی بەرجەستە دەبێت‌و یەکەم کاریگەر بـــۆ سەر نرخ لەناو خولە ئابوریەکاندا لە کاریگەری لایەنی کاشەوە ڕودەدات ، دەڵێت تا لایەنی کاش هەڵناوسێ نرخ لەگەڵیدا بەرز دەبێتەوە تا هۆکارێکی چاك کەم دێتەو ئەو ڕوو چونە هەڵکشاوە هەڵدەگەڕێنێتەوەو چاکی دەکات . بەپێی ئەمەم لێکۆڵینەوەبە دەتوانیت ڕیزە شاخێکی لێچوو بەریزە شاخەکەی کوندراتیف (وەك لە وێنەکەدا دیارە) دابڕێژین .

ڕاست گوفتارو کرداری ئەم تیۆرە هەر لـــە سەدەی شازدەوە لەگەڵشەپۆلی هەڵئاوساوەو گەشە ئابوریەکانی ئەو ســـاتەو گەڕانەوەی زێڕ بۆمکسیك کە لە نیوان ساڵەکانی ـ۱۷۳٥ تا ۱۷۷۲ـوە زیادەی بەرهەمهێنانی زێڕو بەرزبونەوەی نرخ تا ســـالی ۱۸۸٥و پاشان دابەزینی شوێن پێی خۆی داسەپاند.

لەگەڵ ئەوەی کە کانە زێڕە تازەدۆزراوەکانـــی وولاتە یەکگرتوەکان لایەنێکی درەوشاوەیان بە خـــولی ئابوری نوێ بەخشی‌و ئەم خولە ئابوری‌یە سەرلەنوی لە سەرەتای سەدەی بیستدا سەری هەڵدایەوە لەو کاتەی کە دوزینەوەی زێڕ لە خواروی ئەفریقا ڕێی لەبەردەم هەڵکشـــانێکی تـــازەی کاش‌و نرخ دا خۆشکرد ... (شومپیتر عونسری نوێ زیادەکات) .

کرداری قەرزدان‌و ڕۆڵی دۆزینەوە تەکنەلۆژیەکان لە شرۆڤەکردنی خولە ئابوریەکاندا کاریگەری نوێ بون لەلای شومپیتر ، ئەم کاریگەرانە گرنگیەکی زۆری پێدرا ، بەجورێك کەلای شومپیتر هـــۆی ڕودانی یەکەم شەپۆلی ئابوری دەگەڕێتەوە بۆ دۆزـ ینەوە هەڵمیەکان‌و شەپۆلی دوهەمیش لە ئەنجامی داهێنانی هیلی ئاسێندا سەری‌هەڵداو هۆی شەپۆلی سێهەمیش لەگەشەی ئابوری دا پیشەســـازی‌یە کارەباری‌و ئوتۆمۆبێل‌و کیمیاویەکانە ، لەو کاتەی کە دواهەمین شەپۆلیش لە ئەنجامی داهێنانی ووزەی ئەتۆمی‌و لێکۆڵینەوەو بیوتەکنولۆژیەکانەوە ڕوی‌دا ، کە بەرامبەر هەر شەپۆلیکی ئەو دۆزراوانەی سەرەوە قۆناغێکی نوێی گەشەی ئابوری بەژانێکی سەختدا سەردەکەوت ، بەلگەشی بۆ ئەمە گیروگرفتـــە ئابوریەکانە «هەڵئاوسان‌و نەبونی‌و بێ‌نیشـــی» . هەروەها دەستنیشانی ئەوەی کرد کە چۆن گورانە تەکنەلۆژیە تیژ ڕەوەکانی شەپۆلی دواهەمین پێویستی بەخەرج کردنێکی زۆرو گورانکاری لە شێوە بەرهەمهێنانی ئابوری پیشەسازیدا ڕادەکێشێ .

(ئەوەی ویلر دەیبینێ) .

ڕادەگەیەنی کە گورانکاری ئاوهەوا کاردەکاتـــە سەر ڕەفتاری خەلکی‌و ئابوری هەروەك چۆن کاردەکاتە سەر ڕوەك‌و گیانەوەر ، بەپێی ئەم تیۆرە گەلیك ئاوهەوای گونجاو هەیە کە کاردەکاتە سەر پێشکەوتنی خەلکی ، و کرنگترین دەسکەوتەکان لەو ناوچە ئاوهەوا تایبەتی‌یانەدا ڕودەداو لە ناوچەکانی تردا ئەو جۆرە ئاوهەوا گونجاوە ڕونادات .

ویلر ماوەی خولی ئاووهەوا لە ٥۰۰ تا ۱۰۰۰ ساڵدا دادەنێت ، کە لەمەوە پەنجە بۆ شارستانیە کونەکان «یونان ، میسر ، یوزوپوتامسیا» درێژەدەکات‌و چۆنیەتی لەناوچونیان لەبەردەم شارستانیەتی «یونانی‌و رومانی» کە لە نیوان ساڵەکان ٥۷٥ تـــا

بڕوانە ل ۱۱

منداڵ بوون بە ڕێگای نوێ



عبدالله دەشتی

لە زانایەکیان پرســـی زانیاری ئەمڕۆ لە چ پلەیەکدایە ؟ ئەویش‌وتی جامێك ئاوە لە چاو دەریایەکدا ! یانی جامە ئاوەکە هەموو ئەو زانیاریانە ئەگر ـیتەوە کە مرۆڤی ئەمڕۆ لەسەر تا سەری جیهاندا پێی گەشتوەو دەریاکەش هەمووی زانستە .

وەلامی زاناکە لەجێی خۆیدایە چونکە ئەگەر کەمێك لە دەوروبەری خۆمان ووردبینەوەو بیرێك بکەینەوە هەست بەوە ئەکەین کە چواردەورمان بـــە گەردونێکی زۆر گەورەو پڕ نهێنی گیراوە ، کـــــە ئاشکرابوون‌و زانینی هەروا کارێکی گاڵتەو خۆڕایی نی‌یە بەڵك‌و پێویستی بە چەکێکی پێش‌کەوتوو هەیەو بزوێنێکی بلیمەت‌و ئازاو ووردبینیش سەرپەرشتی بکا ... هەر چەندە زانستی ئەمڕۆ لە هەموو ڕوویەکەوە هەنگاوێکی مەزنـــی نـــاوەو ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتریش بەرەو پێشەوە ئەچێ بەتایبەتی لە ناوەندی هەردوو کیشوەری ئەوروپاو ئەمەریکا هەر لـــــە دۆزینەوەی کۆمپیوتەرو تیشکی لێزەر هەتا دەگاتە مانگی دەستکردو مرۆڤی ئالیش ... بـــەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەســـت بەوە ئەکەین کە ئەوەی ئەمڕۆ پێویستی بەزیاترو باشتریش هەیە .. بۆیە بە بەردە ـوامی دەپرسن‌و دەڵێن : ئەمە بۆ وایـــەو ؟ ئەوە ئەبێ چۆن‌و چی بێ ؟! یانی بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕێ‌و ئەبەوی زیاتر لە نهێنی‌یەکان بگات . بۆ نمونە تـــا ئێستاش زانیاری تەواومان دەربارەی (سێ‌گۆشەی بەرمۆدا) نی‌یە ... یان ئەو کەشتیانەی دەچت بـــۆ ئەستێرەکان‌و بەچواردەوری زەویدا دەسوڕێنەوە .. یان ئەو دوو بەردەی کە بەدووجار بەسەر شارێکی ئەڵمانیادا کەوتوون ڕاستە ؟ بەڵێ لە بۆشایی‌یەوە کەوتونەتە خوارەوە .. بەلام هۆی کەوتنە خوارەوەیان ئەبێ چی بێ‌و چۆن ؟ یان حەز بەزانیاری زۆر تـــر ئەکەین دەربارەی ئەستێرەی مەریخ ... یان کلك داری هاڵی‌و چەندەها پرسیاری سەرســـوڕهێنەری تریش . بازۆری لەسەر ئەڕۆین‌و لە باسەکەمان لا نەدەین .. ئەوەندە ئەڵێین زانست ئێستا خۆی لە قۆناغێکی پێش کەوتودا ئەبینێتەوە ، بە هۆی ئەو هەموو گەڕان‌و پشکنین‌و لێکۆڵینەوانەی کە هەمـــوو کاتێك بەردەوامە لەسەرتاسەری جیهاندا ڕۆژێـــك دێت هەموو نهێنی‌یەکانی گەردونمان بۆ ئاشـــکرا ببێ‌و ئەم‌و لێلیش لەبەرچاومـــــان ڕوون بێتەوەو نەمێنێت .

یەکێ لەو زانیاری‌یە گرنگانەی کـــە زانایانی ئەمڕۆ پێی گەشتوون مەسەلەی «منالبوونە» ئەك منالبونی ڕووت‌و بەس ... بەلك‌و شتێکی نوێ‌یەو جێی تێڕامانە هەتا بەلای هەندیکیشمانەوە خەوو خەیاڵە !

بەلام وا زانست خەوو خەیاڵی کرد بە ڕاستی‌و هێنایە بەر چاوو گوێ تا هەموو کەس ببینـــێ‌و ببیستێ ،ئەو منالەی کە لە کۆئاندا تا لە دایك‌نەبوایە ئەمان ئەزانی چۆنەو چی‌یە ؟ بەلام وا ئێستا کەوتە بەر دەست‌و ڕوون بوویەوە ! بەهۆی تاقی‌کردنەوەو داهێنانی نوێ‌وە کەرەسەی پێش‌کەوتو دروست کراو هاتە کایەوە تا وای لێهات منال پێش لەدایك‌بوونی ببینرێ‌و هەوالی تەندروستی بزانرێ بەلام ئەوەی کە ئاشکرا ببێ‌و بزانن ڕەگەزی نێرە یا مێ بەئالۆزی مایەوەو نەگەشتە ئەنجام ... بەلام هەوڵ‌و کۆششی زانایان‌و ڕەنجی شەوو ڕۆژیان ئەو خەیاڵەشیان کردە ڕاستی‌و بەهەموو جیهاندا بڵاویان کردەوە ..... بەوەی منال پێش ئەوەی دروست ببێ ڕەگەزەکەی جیا بکرێتەوە ... بانی دایك‌و باوك خۆیان سەر پشکن بەوەی بیانەوێ کوڕیان ببێ یان کچ ! چۆن ؟.

لەسەرەتای ساڵی ۱۹۸۰ دیاردەیەکی سەیر لە یابان ڕووی‌دا .. ئەویش ئەوەبوو کاتێ کە سەر ـۆمێری منالە لەدایك‌بوەکانی ئەو ساڵەیان کـــرد بینی‌یان ۸۰٪ یان کچ دەرچون‌و لە ۲۰٪ پش کوڕ ! ئەم کارە بەلای زاناکانەوە شتێکی زۆر سەیرو سەرـ سوڕهێنەر بوو وایان لێهات کەوتنە پرسیارو ڕاوێژ ـکردن لە یەکتری ! پاش گفت‌وگۆو لێکۆڵینەوەـ یەکی درێژە خایەن لە مەسەلەکە لە کۆتاییدا بڕیارێکیان دەرکرد کە ئەو کەمو زۆری‌یە نەهێڵن‌و بۆ ئـــەوەی داهاتوو نەیەلن ئەم کارە دووبارە بێتەوە ... بـــەم شێوە بڕیاری تاقی‌کردنەوەیەکی بەر بڵاویان‌دا بەسەر ـتاسەری وولاتدا کە جۆرەهاو چەندەها ئافرەتیان کردە کەرەسەی تاقی‌کردنەوەکە بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێ یان کچ ١٢ ئافرەت ١٨ ساڵیان ئەهێناو هەر ئەهێناو تاقی‌کردنەوەیان لەسەر ئەکردن !. چۆن ؟.

بۆ نمونە ئەگەر بیان‌وێســـتایە ئافرەتی ١٨ ساڵ لەهەر ١٢مانگەی ساڵدا سکی پڕ‌ببێ کـــوڕی ئەبێ یان کچ ١٢ ئافرەتی ١٨ ساڵیان ئەهێناو هەر یەکەیان لە مانگێکدا کاری پیتانیان لە منالانیـــدا دروست ئەکرد جا لە دوایدا ئافرەتەکە کـــوڕی ببوایە ئەیان‌نووسی کچیشی بوایە بەهەمان شـــێوە هەتا هەر ١٢ ئافرەتەکە تەواو ئەبوو جا تەمەنەکانی تریش بەهەمان شێوە تا تەمەنی ٤٤ ساڵی بۆیەش هەر لە تەمەنی ١٨وە تا ٤٤ ساڵیان هەڵبژارو چونکە ئافرەت لەو ماوەیەدا بەشـــێوەیەکی گشتی منداڵی ئەبێ .

جا دوای ئەوەی ئەم تاقی‌کردنەوە بەر بڵاوە کۆتایی پێهات کە نزیکەی ٤ ساڵی خایاند ئەنجامی کارە مەزنەکەیان بەشێوەی خشتەیەك دارشت کـــە تەمەنی ئافرەتەکەو مانگی پیتانەکەو جۆری منالەکە «کوڕ یان کچ» یان لەســـەر دیاری کردو بەمەش خزمەتێکی گەورەی مرۆڤ‌و مرۆڤایەتیان پێ‌کرد .

لەکۆتاییدا بێ دوودڵی ئەتوانین بەدایك‌و باوکان بڵێین وا لە گێرمەو کێشەی کوڕو کچ پزگارمان بوو ئەوە نامێنێ بڵێین ئەمیان زۆر بێ‌و ئەویان کـــەم ! کارەکە بێ ترس‌و ڕاڕایی ئەکەوێتە دەست دایك‌و باوك خۆیان بەمەرجێك پەیڕەوی خشتەکە بەپێی مانگ‌و تەمەنی ئافرەتەکە بەڕێك‌و پێکی بکرێت .

Institut Kurde de Paris

کێشـــــەی چیـــــنایەتی و داب و نەریـــــتی لادێ لـــە چیرۆکـــی تەمسیلی «ژاڵە»دا

● سـەلام مەنمی ●

لە نووسینی هونەرمەند (جەلیل زەنگەنە)و دەرهێنانی هونەرمەندی لێهاتوو (ناسر حەسەن)و تەمسیل کردنی تیپی نواندنی سلێمانی ، لـە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ دا تەلەفزیۆنی تەئمیم بە چەنـد ئەلقەیەك چیرۆکی (ژاڵە)ی پێشکەش کرد ..

یەکەم جارە کارێکی هونەریی کوردی لەناوچەی کوردستانا بەم شێوەیە خەڵکی لە دەوری تەلەفزیۆن کۆ بکاتەوەو ببێتە هۆی مشتو مڕو مقۆو لێ دوان لەسەر ئەم چیرۆکە ئەمەیش خۆی لە خۆیا کارێکی پیرۆزەو جێی ستایشـــمانە بۆ گشـت ئـەو هونەرمەندانەو چاوەڕێی بەرهەمی گەورە تریان لێ ئەکەین .. لە چیرۆکی ناو براودا . (هێمن) دەبێتە مامۆستای قوتابخانەی گوندێك ، بەخۆیو هێرۆی خوشکیو جلو بەرگی ئاڵاو والاو باوەڵێکی تەنەکەوە خۆیـان بەگوندەکەدا ئەکەن بەرەبەرە دەزانین پێش بیست ساڵ لەمەوبەر باوکی ئەم مامۆستایە خەڵکی ئـەم گوندەبووەو بەدەســتی ئاغای دێ لەنـاو چووە ، .. دیارە بـە قودرەتی قـادر (مەعاریفی) ئەوسا لەبەر دڵی ئەو لەم گوندە داینناوە ، بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی بسێنێ .. !!

لەگەڵ گەیشـتنیدا گیروگرفتێـك سـەر هەڵئەدا :ـ کوڕی ئاغا حەز لە کچە مســکێنێ ئەکاتو کچەیش دڵی بـە جووتیارێکەوەیە ، لـە ڕۆژی زەماوەندا کچەکە بەدەستی پیـاوی ئـاغـا ئەکوژرێ ..

لەو لایشـەوە پیاوێکی ئاغا دڵی بەکچێکەوەیەو ئەنێرێتە خوازبێنی کچەیش حەز لە مامۆستا هێمن ئەکات ... لە ئەنجامدا ئاغای گەورە ئەمـرێ .. کوڕی ئاغایش گەڕ لە قوتابخانە ئەئاڵێنێو ئەیـەوێ داخی دڵخۆی بە مامۆستا بڕێژێ ، هـەر لەبـەر ئەوەیشـە وەك (تەڕەزان) بەشاپلێتەیەکی گەورەوە هێرش ئەباتو ئەیەوێ دڕ بە خەڵکەکە بدات هـەتـا قوتابخانەکە بسووتێنێ ، جووتیارەکانیش بەرلیسی ئەدەنو کۆتایی بەژیانی دێ ..

× × ×

بابزانین ئاخۆ چیرۆکی ژاڵە چ وانـەیـەکی پەروەردەیی داینێ .. ؟ ئاخۆ کێشـەی جووتیارانمان لەگەڵ دەرەبەگدا هەر ژنو ژن خوازیو قسـەی زل بوو .. ؟! یاخود کێشـەیەکی چینایەتی بوو کـە لەگەڵ خەباتی گەلدا شانبەشان هەنگاویان دەنا ؟

بۆ ئەوەی بەچاکی بزانین جووتیارانی ئێمە لەو سەردەمەدا لەچ بارێکدا بوون چاوێك بەو یاسانەدا ئەگێڕین کە لەلایەن شارەزاکانەوە نووسـراوە . ئەو ساتەدەگەین کە لـە سـەدا هەشـتاو پێنجی دێهات نشینەکان خاوەنی بسـتێك زەوی نەبوونو بە هەزارەهایان لێ ئەچەو سـتنرایەوەو ڕەنجو تەقەلایان دە خواردن .. جا کە جووتیار لە حاڵێکی وادا بۆی هەوڵ ئەدات بۆ ئەوەی ڕاپەڕین بەرپا بکاتو لەگەڵ چینە چەوسـاوەکانا یەکبگرێو تێبکۆشێو بەرەنگاری چەوســێنەر بووەستێ . وەك ئـەو ڕاپەڕێنە دڵێرانە کە جووتیاران بەرپایان کـردو لەوڕێگەدا خەباتیان کرد ، وەك جووتیارانی دەشتی دزەیی وارماوا و عەربەتو هۆرێنو شێخان ..

ئەگەر ئەمانە لەگەڵ (ژاڵە)دا بەراورد بکەین بۆمان دەر ئەکەوێ چەند دوا کەوتووەو ڕۆڵی خۆی نەبینیوە ..

ئەتوانین لە خۆمان بپرسین ئایا کاك جەلیـل زەنگەنە لە نووسینی ژاڵەدا تا چ ڕادەیەك سـوودی لەو ڕاپەڕینانە وەرگرتووە کە جووتیارانی عیـراق ئەو سابەر پایان کردوە ..؟! لە وەڵامـا ئەڵێین نەخێر نووسەر شارەزایی لەو ڕاپەنینانەدا نیە هەر لەبەر ئەوەیشـە چیرۆکـەکـە بەپێزەو ئـەو خەبـاتـە مێژوویـیـەی تیا ڕەنگ ناداتـەوەو ڕۆژە ڕێیەك دوورە .. هیچ نەبوایە سـوودی لە (یەکەم) مامۆستای جەنگیز ئیتماتۆف وەربگرتایە ، هـەتـا مامۆستاکەی بتوانێ دەوری چالاکیو لێهـاتوویی خۆی ببینێ ..

× × ×

لە کاتێك دا پیرۆزبایی لە هونەرمەند ناسـر حەسەن ـ دەکەم بەڕاستی دەری خسـت لە دەرهێنانی تەلەفزیۆنیدا دەستکی باڵای هـەیـەو هەولەکەی جێگەی سوپاسو شانازیەو دەسـت نیشانکرد نی ئەو دیمەنە جوانو دڵگیرانە هەر لـە خۆی دێ ، هەروەها مۆنتاژو فلاش باکی دیمەنەکان ، بەشێوەیەکی هۆشیارانەن .

(تێك ڕای سەرنجەکان) ..

١ ـ قوتابخانە بەو شێوەی دیمان ناکرێتەوە ؛ یان لەســـەر خواستی گەورەی دێ ، یاخود لەسەرداوای دانیشـــتوان ، یان بە نووسراوی فەرمانبەری ئیداری ناوچـەکـە ، یـان ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاری پەروەردە ، لەسەر یەکێ لەمانە بەرێوەبەرێتی پەروەردە لیژنەیەك بۆ بریار ئەنێرێ ، پەروەردەیش بە بەیاننامەیەکی ڕەسمی قوتابخانـە لەو گوندەدا ئەکاتەوەو مامۆستای بۆ ئەنێرێ ، بەڵام لێرەدا هەموو شـت بەرەو ڕووی مامۆسـتا کراوەتەوە !!

٢ ـ ڕاستە لە زۆر شـــوێنی نوچەی کوردستاندا ئاغاکانو خاوەن دەستەڵاتەکان حەزیان نە دەکرد قوتابخانە بکرێتەوە ، بەڵام کـە بـری کردیەوە دەستەڵاتیان نیە لەبەر ئەوەی ڕۆیـان داردەستونان خۆری سڕین ...

٣ ـ دامەزراندنی کارکوزارو ناوکێنی هەر وا ئاسان نەبوو ، مامۆستا بە جوتیار بڵێ ، سـبەی نێوەدەوام بکە .. هەتا کار گوزارێك ئـەمـەزرا ئاوی قاچی دادەهات .

٤ ـ هونەرمەندی بەتوانا (جهاد دلیـاك) دەوری مامۆستا هێمن ئەبینێو خۆی مامۆستایە ، بەڵام لە یەکەم دەرسـا کەوتە هەڵە ، ئەوە بوو هێشتا قوتابیانی فێری حەرف نەکربوو ، کـەچی ڕستەیان بە کۆمەڵ بۆ دەخوێندەو !!

٥ ـ ئەوجا جلوبەرگی ئاڵوڵا بەم شێوەیە لە گوندەکانمانا نەبوون جگە لەوەش هەرگز نەبینراوە لە گوندێك دا مامۆستا خوشکی خۆی ڕا ماڵەو ماڵ بگێڕێو هەمیشە کیسەی تووتنی لاقەش بێ !!

٦ ـ نازانم مامۆستا هێمن چۆنلـە یەکـەم هەنگاودا بۆ ئـەمو ئەو کەوتە درکاندنیەتینی .. ؟! ئەوەی بۆتۆلە بچێ پشت بەکەس نابەسـێو خۆی ڕائەگرێ هەتا ئەگاتە ئەنجامو دەست ئەشێنێ ..

٧ ـ ئێمە نەمان زانی ئاغا بۆ سـالە کوێری کوشت ..؟ هەر لەبەر هەندێ سـەرپێچیو لاساری .. ؟ ئەی کێشـەکە لە کوێ بوو .. ؟ ئەی بۆ چی بە کوشتنی ئەو هەموو لەسەرشەروالی خۆیان دانیشتن .. ؟!

٨ ـ کەس بیسـتوویەتی یەکێك نۆرەیەکی پێوەبێ لە بەرچاوی کەسو کاریشی ئـەو تـۆرەیە بوترێ ؟ شتی وا لـە قوتووی هیـچ عارێك دا نەبووە . مەگەر لە قووتووی ئەم چیرۆکەدا کە مام سلێمان ئەی گوت : تو خوا تۆ کوڕی ساڵە ئیری ؟! بۆ مجامەلەیش بوایە بیانگوتایە مام ساڵح . جگـە لەوەیش نازانم بۆچی پێیان ئەوت : ساڵەکوڕ .. ؟ خۆ چاوەکانی لەچاوی (لیلی عطار و شذی سالم) جوانتر بوون ، نەکوێر بوو ، نەخێل بوو نەپاویشی پروپوشاوی بوو ..

٩ ـ لە ساڵی ١٩٣٤دا ساڵە کوێری خـوا لێ خۆشبوو بە سلێمانی وتووە مام ..! ئێســتایش مامۆستا هێمنی کوڕی هـــەر پێی ئەڵێ مام .. ئێستای زۆر لەوسای بەگوڕترو شۆخو بەهێز تـرە وادیارە (سلێمان) یەکەم جار ڕیشی بە سـپێتی دەرهاتووە !!

١٠ ـ هونەرمەندی گەورە ، هـەنـدێ چار تەنانەت قژی سەری ئەتاشێ لە بەر سـروشـتی دەورەکە ، کەچی لێرەدا کەسیان نەیان ئەویسـت ڕۆژێك لە تەمەنیان کـەم بێتەوە ، ئەوەتـا مـام (کەریم)ی فەڕاش زلفەکـەی ئـەڵێی : (ئـالان دیلۆن)ە !!

١١ ـ کورد یەکێکە لـەو گەلانەی زۆر بایەخو گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی ئەدا ، بەتایبەتی پرسە ، تەنانەت لێرەدا دوژمنایەتیش پشتگوێ ئەخرێ .. جگە لەوەیش کە یەکێ لـە گوندێکـا ئەمرێ خێرا هەموو ئاوایی پێی ئەزانن ، جا نەخوازللا ئەو مردوە ئاغابێ .. لەمەیش سەیر تر :

أ ـ ئاغا مرد ، بۆ ســـەر قەبران برا ، نێژرا .. کەچی تاگەڕانەوەی یـەك جووتیـار پێی نەزانی !! ئەمەیش لە واقعەوە دوورە .

ب ـ هیچ بایەخ بە مەراسیمی پرسەنەدرا ، ئەمەیش شتێك نیە فەرامۆش بکرێ چونکە نەریتی باپیرانمانە ، نەیشمان دی یەکێك سەر خۆشی لـە ئاغا بکات . !

١٢ ـ ئاخۆ لە کوردەواریدا کەس بیستوویەتی لە شایی و زەماوەندا کچو کوڕ دەست بەردەنو بـە بەر چاوی خەڵکەوە خۆیان بەناو چنارو بیو باخـا بکەن .. ؟! بێگومان کاری وا هـــەرگیـز لە وڵاتی ئێمە دا ڕووی نەداوە تەنیا لە ژاڵە دا شـــتەکان ئەوەندە ئاسایی بوون مامۆســـتا هێمنو مرواری ئینجا هێرۆو برین پێچ بەرو دواخۆیان لە خەڵکەکە جیا ئەکردەوە بەشێوەیەکی دەست کرد ڕازو نیازی خۆیان ئەدرکان ..

١٣ ـ زمان لەم چیرۆکەدا هەتـا بڵێی لاوازو پەرێشان بوو توانایان نەبوو وەك دێهات نشـین گفتو گۆ بکەن ..

١٤ ـ بینەر سەری لەوە سوڕماوە کە مامۆستا هێمن خۆیو خوشکەکەیو باوەڵێکی تەنەکە بەئاوایا ئەسووڕانەوە ، ئایا ماڵەکەیان هەمووی لەو باوەڵە دا بوو .. ؟! ئەی پێخەفو قاپو قاچاخ وزەخیرە ، خۆ ئەوان بۆ سەفەر نەچوون !!

١٥ ـ نووسەر ئەو گونده بچکۆلەی کـردوە بەدوو بەشەوە : ئەمبەرو ئەوبـەرو دوژمنایەتییەکی ناهەقی لە نێوانیانا دروســـتکردوە ، ئەمەیش بە عەقڵی کەسا ناچێ ، گوند مولکی ئاغایەو هەموو مسکێنی ئەونو ئیتر ئەو چۆن لەگەڵ بەشـــێکیان ئەبێو ئەوی تریان ئەکات بە دوژمنی خۆیو نایەوێ بە منداڵانی ئەوبەر بخوێنێ ... ؟!!

١٦ ـ ئەگەرچی دەرهێنەر دەیویسـت وای نیشان بدات کە مامۆستا ئەچێتە ناو جووتیارانەوە ، بەڵام دەورێکی ئەو تۆی نەبوو زەمینەیەکی بۆ یـەك گرتنیان خۆش نەکردو دژی ئەو ڕژێمە بەو شێوەی پێویستە نەجووڵانەوە !!

١٧ ـ لـــە دیمەنێك‌دا مام کەریمی فەڕاشو فەرەجی پیاوی ئاغا لەشارەوە بەسواری گوێ درێژ دەهاتنەوە .. وەك زانیمان مـام کـەریم بارەداری هێنابوو بۆشارو بەهەچە هـەچە گەڕانەوە ، لێرەدا دوو سەرنج هەن :

أ ـ لەسەرانسەری ئەم تەمسیلەدا هەستمان بەوە نەکرد کە ئەم گونده دارستانی لێوە نزیکە ، تا خەڵکەکەی دار بکەنو بیفرۆشن ...

ب ـ بارەدارکە دەخرێتە سـەر پشتی گوێ درێژ دەبی کۆپانی لێ کرابێ ، کۆپانەکە لوڕی بێ یان عەجەمی .. کە چی گوێ درێژەکە جلی لێ کرابوو .. نازانم چۆن لقی دار پشتیان کون نەکرد بوو .. ؟! جل بۆ بارە گەنمو بارە جۆو باراش لە کەر ئەکرێ .

١٨ ـ ئەوەی لە زەماوەندا بینرا زۆر شـتی لاوەکیو دەست کردی تیابوو وەك :

أ ـ لە ڕەشبەلەکا ئافرەت لای خزمی خۆیەوە نەبێ هەڵناپەڕێ .. کەچی مامۆستا زۆر ئاسایی لە دەستی مرواریەوە زرمەی پێی ئەهات ..

ب ـ پیاوان بەڕمبازیو سواری بووك بـەڕێ دەکەن ژنان هیچ دەوریان نیە بەتەنیا پێخەســـوو بووك لەگەڵی ئەڕۆن ..

ج ـ واباو بووە زاوا لەسەریان ڕانەوەستێو کەبووك نزیك بۆوە بە قامیشەکەی دەستی بەسەریا ئەکێشێ ، کەچی لێرە زاوا تەراتێن ئەکرد .

١٩ ـ هەرچەند ئاغا زۆردارو سـتەمکار بێ وا خۆی ڕیسوا ناکات بێت بەفرتوو فێڵ کچەکـەی بە زۆر بەسەر برازاکـــەیا بداتو نهێنی خۆی لای نۆکەرێك بدرکێنێ ..

٢٠ ـ باشچاوەشی ئەو زەمانە هەروا کـــەم نەبوو ، حوکمی خۆی ئەکردو بەدوو پاروی چەور هەڵنەئەخەڵەتا ، جاری وابووە ئامر مەخفەر بووە هەر خۆی حیساب بووە ، یەکجار ئەوەندە سووکو ڕیسـوا نەبووە لەگـەڵ خزمەتکارا پاروو بگێنێو ئاغایش قاقاگاڵتەی پێ بکات ..

٢١ ـ ئەو کۆتاییە درامییە بـە عەقڵی کێ دا ئەچێ ئاغا بەوشێوەیە بخرێتە ژێر پێوە ، لەلایـەن جووتیارەکانەوە .. چونکە لەوەو بەر هیـچ جۆرە دەستوە شانێك نەبووە .. لەو لایشەوە پیاوەکانی ئاغا بە هەموو درندەییەکیانەوە دەستەوســـان وەستابوون ، ئەتوت سەیری پاڵەوانبازی ئەکەن .. هەرگیز ئاغـا ئەوەندە گێـلو گەمژە نەبووە بێت بەشاپلێتەوە ڕوو بـــە ڕووی دەستەیەك ببێتـەوە بە دوژمنی خۆیانی بزانێ هیـچ گومان لەوەدا نیـە بەتفەنگو دەمانچە بەرەنگاریان ئەبێ ، ئەم دیمەنـە لەیاری شەڕەگەڕەك ئەچێ .

٢٢ ـ مامۆســـتا هێمن قوتابی نموونەیی هەڵبژاردبوون ، ئەو منداڵە پاك‌و خاوێنانە هەرگیز منداڵی جووتیار نین .. واتە جووتیاری ئەوسـا ، لەو سەردەمەدا یەکی کورتەکیکی چلکنو دەرپێیەکی خام ، یان قوماشێکی هەرزان بەها .. پەنجـەی قاچیان لە کڵاشەکانیانەوە دیـاربوو .. جۆرەهـا نەخۆشییان هەبوو . بـەڵام خوا بـە زیادی نەزانێ لەم تەمسیلەدا هەموو سوورە سووری ڕوومەتیـان دێو کراسی نیو قۆڵیان لەبەردایە .

× × ×

لە کۆتاییدا ئەمەوێ ئەوە دەستنیشان بکەمو بڵێم : دەستەیەك لە هونەرمەندان گەڵێك سەرکەوتوو بوونو دەوری جوانیان ئەبینی ، هیوام سەرکەوتنیانەو ئیشەکەیان جێی شانازی ئێمەیە ئەم چەند خاڵەیش لە هەوڵو تەقەللای ئەوان کەم ناکاتەوەو جێ دەسی ئەوان دیارە ...

پێش ئەوەی کۆتایی بەنووســینەکەم بهێنم ئەمەوێ چەپکە گوڵی پیرۆزبایی بەو خوشـــکانە پێشکەش بکەم کە هاوبەشیان لەم کارە هونەریەدا کرد بەوپەڕی لێهاتوویەوە .

تریفە کـــــە

پیشانگای یەکەم‌دا

هونەر لەناخی ئادەمیزاددا هیواکان لە جوانترین شێوە دا بنیات ئەنێت .

خولقاندنی هونەرێکـــی ڕەسەنیش هەروا شـــتێکی ئاسان نیە . بەڵکو پێویستی بەکارکردنێکی بەردەوام هەیە تا تاقیکردنەوەیەکی باشـــش لەوزەمینەدا ئەخولقێنرێ کـە هونەرمەند باوەشی بـــۆ کردۆتەوە .

هەر بۆیە هونەرمەنـــد خاتوو (تریفە نوری) هەردەم ویستویەتی خۆی خەریکـــی هونەری وێنەکێشان بکاتو ماندوو بۆ بچێژی .

جا بۆیە خوشکە «تریفە نوری» هونەرمەند لـــــە ڕۆژانی ٥و٦و٧ـ٦ـ١٩٨٦ و بۆماوەی سێ ڕۆژ پیشانگاـ یەکی قەشـەنگی لە کتێبخانە کەلێیسراوان‌و میوانانـی پیشانگاکە گشت کارێکـــی هونەریان لە تابلۆکانیا بەدی ئەکرد وەك جوانی سروشتو ئافرەتی . کوردو باری مرۆڤ لە کوردستانی ئیراندا ـ وگەڵ تابلۆی بەنرخی تربۆیە ئێمە ئەڵێین تابلۆکانی خاتـــوو ـتریفەـ تەنیا وێنە کێشانو کاغەز ڕەش کردنەوە نەبـوو بەڵکو بیرێکی دەروونـــیو زانیاریانە بو کە هەڵـــی بژاردبوو بۆ ئـــەوەی وەك شتێکی ـواقعیـ لەناو بیری مرۆڤ دا بچەسپێ .

خاتوو ـتریفەـ هونەرمەند لە ساڵی ١٩٦٧ لە شـــاری کۆیە چاوەکانی کردۆتـەوە . ئێستا لە ساڵی کۆتایـــی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانیەیە . خاتـــــوو ـتریفەـ ئەڵێ مامۆســتایان ـبەختیـــار مصـــطفیـ و ـهاوڕێ انورـ زۆر یارمەـ تیان داوم تا گەیشـــتومەتە ئەم قۆناغەی کە هەمـــوو هونەرمەندێـــك ئارەزووی هـــەیـــە بیگاتێ ، بۆیە زۆر سوپاسیان ئەکەم .

لە وێنەکاندا مـــــن ـخەڵوزو قوماشو ڕەنگـــی ئاویـــم بەکارهێناوە .هەرـ وەها خاتوو ـتریفەـ ئەڵێ.

هونەرمەند کاتێ کـــــە ئەبێتە هونەرمەندێکـــی ـتەشکیلیـ زیاتر پێویستی بەڕاهێنانو وێنەکیشان ئەبێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لەسەر کارەکەیو هونەرەکەی پچـر پچر نەبێو زیاتر بچێتە ناخی ئەو کارە هونەریانەی کـــە ئەیەوێ بەوێنەکێشان دەریاز بێ .

گەرچی ئەمە یەکەمیـــن پیشانگامە بەڵام خوا یار بێ ئەبێ کەم تەرخەمی نەکەم و بۆم بلوی چەند پیشانگایەکی تریش پێشکەش بەخەڵکـــی خۆشەویست بکەم نەك تەنها لە کۆیە بەڵکو لە زۆربـــەی شارەکانی کوردستان ..لـــە کۆتایی دا هیوام وایە کە لـــە هونەرەکەم سەرکەوتوو بم و بتوانم لە پاشە ڕۆژدا بەتەـ واوی خزمەتی گەڵو نیشتمـ ـانەکەم بکەم .

هۆشیار عبدالرحمن

گشتی کۆیە کردەوەو بـــە (٢٧) تابلۆی هەمە جـــور بەشداری تیادا کردبوو .

Institut kurde de Paris

شانۆگەری شاری ئەوین و سەرنجێك

● شێرزاد حسن ●

لە کۆتایی مانگی یازدەداو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك شانۆگەری (شاری ئەوین) لە نووسینو دەرهێنانی هونەرمەند (طلعت سامان) لەسەر شانۆی هۆڵی ڕۆشنبیری جماوەر ـ هەولێر ـ پێش‌کەش کرا . دوای بینینی ئەم شانۆنامەیە هەندێ سەرنجو تێبینیم لەلا گەلاڵە بوو کە حەز دەکەم بەکورتی بیانخەمە بەرچاو .

سەرچاوەی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێ لەو حەکایەتانەی دەماودەم لە گوێ ئاگردانی شەوانی زستانی لای خۆمان زۆر کەس بە منالی بیستوویەتی .. بەڵام کاك (طلعت) سەرلەنوێ لە قالبێکی شانۆ ئامێزدا دایڕشتۆتەوەو زۆر هونەرمەندانە چەند کارەکتەرێکی زیندوومان بۆ دەخولقێنێو چەندەها پیلانو فرۆفێڵی هونەری خستۆتە کار تا مەبەستو ئامانجێکی فیکری گەورەو پیرۆز بدا بە دەستەوە .. جگە لەوەش هەندێ کارەکتەری لێ زیاد کردووەو لە دیالۆگێکی تێرو تەسەلدا دراماکە نەشو نوما دەکا .

کە پەردە دەکرێتەوە : دەبینین کۆمەڵێ کەس بەدوای یەکدیداو چەپی شانۆکە ڕادەکەن .. لە ڕێگای کوژانەوەو داگیرسانی ڕووناکیو مۆسیقایەکی ترسناك لەوە تێدەگەین کە خەڵکەکە بەترسەوە ڕووەو (ئەژدیها) کە مڵدەنێن .. پاشان گوێمان لە زریکەیەك دەبێو هەموویان پاشەوپاش ڕادەکەنەوە .. بیرلێدەری پیرو کەنەفت لە دوای هەموویانەوە جێدەمێنێ .. دیارە کە کەسیان زاتی ئەوە ناکا لە ئەژدیهاکە نزیك بێتەوە .. هێدی هێدی تێدەگەین کە ئەژدیها توانیویەتی بەری سەرچاوەو کانیو ڕووبارەکان بگرێو نەهێڵێ ـ شاری ئەوین ـ ئاوی بگاتێ .. زەوی تینوو .. مرۆڤو درەختیش وشك دەبن .. مەرجی ئەژدیهاش گەلێ قورسە .. لەبری تۆزێك ئاو سەری یەکێکی گەرەکە .. ئەگینا ئاو بەر نادا .. خەڵکەکە ماتو خەمبارنو بیر لە چارەیەك دەکەنەوەو نی‌یە .. کەسەکانیش هەر یەکەو بە پێی بیرو بۆچوونی خۆی .. بەپێی بەرژەوەندی چینی خۆی بیر لەو نەگبەتی‌یە دەکاتەوە .. ئەوەتانێ خەڵکە ڕەمەکی‌یەکە بیر لە نەمانی ئەژدیهاکە دەکەنەوە .. کەچی (ئاغاو بازرگان) کەلك لە بوونی ئەژدیهاو بێئاوی دەبینەو دەیانەوێ قازانج لەم کارەساتەش بکەن ـ پاشان وردتر لەم مەسەلەیە دەدوێم ـ کاك (طلعت چاکی کردووە کە تا کۆتایی ـ ئەژدیها ـکەمان لێ ون دەکا .. لێرەدا ئەژدیهاکە دەبێ بە ڕەمزی هەموو هێزێکی ڕەشو پیس کە خێرو خۆشی بۆ مرۆڤ نەوێ .. ئەگەر بەحال .. بە تۆزقال خۆشی بداتێ ئەوە بە نرخێکی گران پێی دەفرۆشێ ـ وەك لێرەدا دەبینین ئەژدیها لەبری تۆزێك ئاو سەری مرۆڤێکی دەوێ ـ حەز دەکەم لێرەدا ئەوە بدرکێنم کە ڕەمزی ئەژدیها یان دێو وەك بوونو سەرچاوەیەکی ئەفسانەیی لەنێو زۆر لە میللەتەکانی جیهاندا بوونو بناغەی هەیە .. بەتایبەتی بۆ بەرجەستەکردنی شەڕو نەگریسی بەکار هاتووە .. کە ئەم شانۆگەرییەم دی نازانم بۆ هەردوو مارەکەی سەر شانی (زوحاك)م بیر هاتەوە .. جگە لەوەش ئەفسانەکەی (ئۆدیب ـ ی پاشا)م بیر هاتەوە .. لەوێدا ـ سیفنکس ـ کە دەمبایەکی ئەفسانەیی‌یە لەتەڵێکی گرانی بۆ خەڵکی دانساوە .. هەر کەسێ نەیزانێ : دەبێ بمرێ .. (سیفنکس باڵدارەو لەشی لەشێر دەچێو دوو مەمکی پێوەیە) .. مەبەستم ئەوەیە کە من بە منالی گوێم لە چیرۆکی ـ ئۆدیبی پاشا ـ بووە .. با هەر مولکی یۆنانی‌یەکان بێ !

ئەگەر بە وردی سەیری شانۆگەرییەکە بکەین دەبینین بێجگە لە ئەژدیهاچوارده کارەکتەری تیایە .. هەندێکیان پاڵەوانی ئیجابینو خێرخوازیشن .. لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو نەمانی ئەژدیهاکە هەوڵو تەقەللا دەدەن (لەوانە : بیرلێدەری دانا ـ شاگردی بیرلێدەر ـ دڵدارە ئازایەکە ـ کچی میر ـ کچە گوڵفرۆشەکە) بەڵام بیرلێدەری داناو شاگردەکەی دەبنە پێشەنگی کاروانی خەڵکە تووڕەکە .. زۆربەی کات جڵەوی عەقڵو حیکمەتو ڕاستی بە دەست بیرلێدەرەکەوەیە ، لە پاڵ ئەوەشدا چەند کارەکتەرێکی سەلبیو خۆپەرستو هەڵپەرستی تیایە کە لە (ئاغا ـ بازرگان ـ زانا) کە ڕەنگ دەداتەوە .. ئەم سێ ملۆزمە بەرژەوەندی زاتی خۆیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبینن .. بگرە ئەوەندە پیسو نەگریسن کەلك لە بوونی ئەژدیهاو نەبوونی ئاو وەردەگرنو بە هەڵێکی چاکی دەزانن گیرفانی خۆیان پڕ بکەن . بەدرێژایی شانۆگەرییەکەش تا دێ ئاستی دراماکەو کێشەی نێوان ئەم دوو بەرەیە خەستتر دەبێتەوەو ئێمەش تا کۆتایی هەر سەرسامین .. کێ گرەو لە کێ گرەو لە کێ دەباتەوە .. کێ کێ دەبەزێنێ ؟

لە سەرەتای شانۆگەرییەکەوە چەند جارێك گوێمان لەم ڕستەیە دەبێ « لە ناخی هەر مرۆڤێکدا فریشتەو شەیتانێك هەیە » . هەڵبەتە نووسەر لەو باوەڕەدایە کە هەر دەبێ فریشتە سەربکەوێ .. بەڵام ئەم ڕستەیە بە پێچەوانەی قسەکەی (باسکال)ی فەیلەسوفە کە دەڵێ « مرۆڤ نە فریشتەیەو نە ئەهریمەن .. بەڵکو کۆمەڵێ دابەشی سەر یەکێ لەم دوو بەرەیەی دەکا : بەرەی فریشتەکانو بەرەی ئەهریمەنەکان » . بەڵێ مرۆڤ خۆی لە خۆیدا نە فریشتەیەو نە ئەهریمەن .. گورك بێچوە گورك دەنێتەوە .. گورك بێچوە گورك دەنێتەوە .. ئاسکیش : بێچوە ئاسك ! هەڵبەتە وتەی بیرلێدەرەکە ڕاستە کاتێ کۆمەڵکا بەشێوەیەکی ناڕێك نەشو نوما دەکاو قازانجو کەڵەکەکردنی سەرمایە دەبێ بە ئامانجێکی سەرەکی .. لەم بارەدا بەرەیەك مێژوویەکی پیسو بۆگەن بۆ خۆی دەخولقێنێ .. مێژوویەك کە لەسەر بەرژەوەندی زاتی بنیات نراوە .. بۆیە کە کۆمەڵکا بۆگەن دەکا لەپاڵ فریشتەدا : ئەهریمەنیش لەدایك دەبێ .. بۆیە بیرلێدەری دانا هاوار دەکا (دەبێ فریشتەی ناخ بەسەر شەیتاندا زاڵ بێ) .. خۆ هەموو مرۆڤێکی پاك‌و خێرویست خەون بەوەوە دەبینێ کە کۆمەڵێك دروست بێ سەرتاپای فریشتە بێ .. ئەمەیان داهاتوویەکی دوور یان نزیك ساغی دەکاتەوە .. بەڵام تا ئێمڕۆ لە زۆربەی کونجەکانی ئەم جیهانەدا شەیتانو فریشتەیەك لەشەڕدان !

با بەیەکەوە سەفەر بەناو شانۆگەرییەکەدا بکەین .. ئەژدیها بەری کانیاوەکانی گرتووە .. بیرەکانیش یەکە یەکە وشك دەکەن .. خەڵکی وشكو زەرد هەڵگەڕاوە .. زەویش تینوو .. لەبری قومێ ئاو ئەژدیها داوای سەری مرۆڤێك دەکا .. دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە (ئاو) ڕەمزێکی فرە مەزنو بەهێزە .. چونکە دەبێ بە سەرچاوەی بوونو سەوزیو زیندەگانی .. سەرەتا (دڵدارە ئازایەکە) لەبەر خاتری خۆشەویستەکەی بەهەڵەشەیو شێتانە بڕیار دەدا کە بچێت ئەژدیهاکە بکوژێ ، بیرلێدەری دانا ڕێگای نادا بە ئاسانی خۆی لەناو بەرێ .. چونکە ئەو چاك دەزانێ مانەوەی ـ دڵدارەکە ـ پێویستەو لە کاتو شوێنێکی گونجاوترو چاکتر لە ئێستا کەلکێکی پتری دەبێ .. بەڵام دڵدارەکە لە خەفەتی خۆشەویستەکەی بەرچاوی تاریك دەبێو دەیەوێ گیانە خۆی بە کوشتن بدا .. دانیشتوانی شاری ئەوینیش هەر چاوەڕێن .. چاوەڕێی پێشەنگی کاروانێکن .. پێشەنگێك کە بتوانێ ئەژدیها بکوژێو بەری ڕووبارو کانیاوەکان بەر بدا .

هەر لەنێو جەرگەی ئەم کارەساتەدا (ئاغا) داوا لە بیرلێدەری دانا دەکا لەسەر زەوی‌یەکەی ئەو بیرێك لێبدا (سەیرکەن تەنها « ئاغاو بازرگانەکە » خاوەن زەوین) .. چار نی‌یە هەر دەبێ بیری ئاو لەسەر زەوی یەکێکیان بێ .. بەڵام بیرلێدەر مەرجی خۆی هەیەو مەرجەکانیش ئەمانەن ..

١ ـ بیرلێدەر پارەی ناوێ .
٢ ـ ئاغا ئاو نەفرۆشێ .
٣ ـ ئاوەکە زۆر بەیەکسانی بەسەر خەڵکەکەدا دابەش بکا .

ئاغا بەدرۆ بەڵێنی پێدەدا ، بیرلێدەریش لەسەر زەوی‌یەکەی بیرێك لێدەدا .. سەیر لەوەدایە شاگردی بیرلێدەر لەنێو ئەم کارەساتەدا تەمبورێکی بەدەستەوەیەو مۆسیقا دەژەنێو گۆرانی دەچڕێو لە هەمان‌کاتیش خۆڵو قوڕی بیرەکە دەردەدا .. دەرهێنەر دەیەوێ بڵێ : مرۆڤ دەبێ وابێو لە گەرمەی کارەساتدا بەهێمنی بیر بکاتەوەو هەرگیز وره بەر نەدا .. با بگەڕێینەوە لای ئاغا کە ئێستا بۆتە خاوەنی بیرێك .. تۆ بڵێی ئاغا بە مەرجەکانی بیرلێدەر ڕازی بووبێ ؟ نەخێر .. ئاغا هەر ئاغایەو کەلك لە بێ ئاوی شار دەبینێو جامێك ئاو لێرەیەك دەفرۆشێ .. ئەو کەسەی کە پارەشی نی‌یە دەبێ بمرێ ! ئەوەتانێ بازرگان هەیەتیو پێنج جامە ئاو دەکڕێ .. بازرگان قین لە ئاغا هەڵدەگرێو قازانجی بیرەکە شێتی دەکاو بڕیار دەدا بیرەکە لە ئاغا بکڕێتەوەو بۆ ئەوەی چاکتر خەڵکی بڕوتێنێتەوە .. کەچی ئاغا بە سی هەزار لیرەش پێی نافرۆشێ .. سەیر لەوەدایە کە زۆرجار ئاغاو بازرگان برایانە دەست لەناو دەستی یەك دەنێن بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵکیو گیرفان پڕ دەکەن .. بەڵام لە ژێرەوە پیلان بۆ یەکدی دەنێنەوەو بەخیلی بەسامانی یەکدی دەبەن .. هەڵبەتە بوونی مولکایەتیو چاوچنۆکی بەرەو ناپاکی گەورەتریشیان دەبا .. ئەگەرچی زۆرجاریش ئاغاو بازرگان هاوار دەکەن کە ئەژدیها نەمێنێو بەری ڕووبارو کانیاوەکان بەربدرێ .. بەڵام ئەو هاوارەش لەترسی ئەوە نی‌یە کە خەڵکی دەمرێ .. بەڵکو لەتاو کشتوکاڵو مەرومالاتی خۆیان ، قازانجی خۆیان ، هاوار دەکەن . بازرگان دەزانێ ئاغا بیرەکەی نافرۆشێ ، بۆیە دەچێتە لای (زانا)و ژەهری لێ دەکڕێ .. زاناو بازرگان کۆنە برادەرنو لە یەکدی تێدەگەن .. زاناش وەکو ئاغاو بازرگان بەلایەوە قازانج هەموو شتێکە .. زانایەو ژەمر فرۆشە .. ژەهرەکەش ڕەمزی نەگریسیو چەپەڵی عەقڵی زانایە .. چونکە زیرەکیو زانستیش چەکێکی دوو سەرە (بۆ شەڕو بۆ خێریش بەکاردێ) ـ من کە ئەم زانایەم لەسەر شمانۆ دی هەندێ لەو (زانا فیزیاوی‌یانەی) ئەمریکام بیر هاتەوە کە دەستیان لەگەڵ هەندێ لە کارگەکان تێکەڵ کردووە .. ئەو کارگایانەی چەکی نەوەی دروست دەکەن .. لەبەرخاتری قازانجی خۆیان بە هەردو لا .. واتا (زانا فیزیاوی‌یەکانو کارگەکانی چەکی نوەوی) توانیویانە کاربکەنە سەر سیاسەتی (ڕێگان) بەرەو هەڵدێری شەڕی ئەستێرەو دونیا کاول‌کردن بەرن ـ ئەم زانایەی سەر شانۆش بەرژەوەندی خۆی لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبینێ .. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەژدیهاکەش بەشێوەیەکی ڕەمزیو ناڕاستەوخۆ دروستکەری دەستی ئاغاوبازرگانو زانایەکەیە .. چونکە ئەم سێ ملۆزمەشردەبنە شاگردی ئەژدیهاکە .. بازرگانەکە بیر، ئاغا ژەهراوی دەکاو زەرەرێکی گەورەی لێدەدە .. ئاغا کۆستی دەکەوێ .. ئەوەتانێ لەپێناو قازانجو ڕقەبەری‌یەکی زاتیو تایبەتی .. لەپێناو زەرەرلێدان لە تاکە کەسێك کۆمەڵێ کەس دەمرنو دەکوژرێنو بێ ئاو دەمێننەوە ، ئاشکرایە کە لەیەو سەرمایەدارەکاندا بەخیلی بەیەك بردنو پاشەکشەکردن زۆر ڕەوایە .. تا خۆی سەربکەوێ دێن زۆر کەس ژێر بکەوێ .. زۆرجار بیرلێدەری دا هاوار دەکا « تەنها ئاوو خاك فرۆشتنیان ! نی‌یە ! » .. بەڵام تۆ بڵێی ئاغاو بازرگانو زانایەکە لەم وتەیە تێبگەن ؟!

کە بازگان بیرەکەی ئاغا ژەهراوی دەکاو خەڵکی بێ ئ دەمێننەوە ، بازرگان بە هەڵی دەزانێو داوا لە بیرندەر دەکا بیرێك لەسەر زەوی‌یەکەی لێبدا .. ئەك جاری یەکەم بیرلێدەر دەستخەڕۆ دەبێو ئەمارەیان ئاغا لای زاناکە ژەهر دەکرێو دەیخاتە بیەکەوە .. هەڵبەتە ئەمجارەیان زانا بە گرانتر ژەرەکەی خۆی دەفرۆشێ .. بەدرێژایی شانۆگەرییەکە زاناکە دووجار شت دەفرۆشێو ئەو دوو جارش ژەهری لێ دەکڕن .. ئەگەرچی سەر زارەکی ئەلێ : « من لەپێناو خەڵکیدا هەوڵ دەدەم ! ئای لەو درۆیە ڕەشە ! زانا چاك دەزانێ ئەوان بۆچی ژەهری لێ دەکڕن .. کەچی خۆی لێ گێل دەو دەڵێ : « ئەم خەڵکە یان دەیانەوێ ژنەکانیا بکوژن یان ئەوەتا مشكو جرج زۆر بووە ! » یان زارئەوەندە ساویلکەیە دەڵێ : « گەر ئاو نی‌یە یا خەڵی ماستاو بخواتەوە » .. ئەمەیان لە قسەکەی کچی (نوري سعيد) دەچێ .. گوایە خەڵکی هاوارین کردووە نانمان دەوێو کەچی کچەکەی ـ نوری سعید ـ وتوویەتی « کە نان نی‌یە با بچن کێك بخۆن ! » .

کە ئاوش نابێو بیرەکان وشك دەکەنو ئەژدیهاش چۆڵ داداوە هەردوو بەرەکە هاوار دەکەن .. بەرەی ئاغاو بازرگانەکان دەڵێن : « بیرمان دەوێ » بیریشرلای ئەوان بوونێکی ماددی‌یە بۆ قازانجو کەڵەکەکردنی سەرمایە .. بەڵام با گوێ لە خەڵکەکە بگرین‌کە هاوار دەکەن « ئاومان دەوێ ! » ئاویش : سەرچاوەو بوونو مانەوەو زیندەگانی‌یە .. دیارە کە ئەم دو هاوارەش دوو ڕوانینی جیاوازن بۆ یەك مەسەلە ، هەر بەرەو بەپێی بۆچوونو بەرژەوەندی خی ، دوای ژەهراوی کردنی بیرەکان خەڵکەکە دەیانەوێ بازرگانەکە بکوژن .. کەچی بیرلێدەرەکە هاوار دەکا « مەبکوژن .. لەبری ئەوە بیر بکەنەوە . » ئەم دانایانە بیرکردنەوە لە خوێن ڕشتنەا بەچاکتر دەزانێ !

(میر)ی ئامادەیە کچی خۆی بدا بە هەر کەسێك کە ئەژدیهاکە دەکوژێ ، بازرگانو ئاغاو زانا ئەمە بە (دەسکەوت) دەزانن .. کەچی خەڵکەکە بە (هەڵکەوت)ی دادەنێن .. لە ڕاستیدا کاك (طلعت) زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ وشەدا کردووە .. کەمجار دەرهێنەر بەم وردی‌یە لە مانای وشە قوول بۆتەوە ـ مەبەستم دەرهێنەرەکانی ترە ـ ئەوەتانێ بازرگان دەیەوێ ببێ بە شالیار .. زاناش تاجی دەوێ .. ئاغاش داوای کچی میر دەکا .. با ئەوشمان لە بیر نەچێ کە (میر) لە خەمو خەفەتی مەرگی دوو کچەکەی کە دەبن بە قوربانی مەرجە قورسەکەی ئەژدیها : ئامادەیە لەبری کوشتنی ئەژدیهاکە هەموو شتێك پێش‌کەش بکا .. کەچی لە کۆتاییدا دەبەزنو دەکەونە سەر شانۆ .. لەترسانا بە هەر سێکیان ناوی ئەژدیهاکە دێنن .

کەواتە دراما لە توندو تیژیدایە .. لەنێوان بەرەی خێرو شەڕدا جوان پەرەدەستێنێ .. ئەم سێ کارەکتەرەش (ئاغا ـ زانا ـ بازرگان) بوونەتە ڕەمزی شەڕو نەگریسی ، (بیرلێدەری داناو شاگردەکەو خەڵکەکەش) بوونەتە بەرەی خێرو پاکی .. هەردوو لاش زیرەکنو بیر دەکەنەوە . بەرەی یەکەم بیری خۆی بۆ قازانج تەرخان کردووە .. بەرەی دووەمیش بۆ بەرژەوەندی گشتی .. لەم شانۆگەرییەدا فەلسەفەی دراما بێ کەمو کوڕی هەست پێ دەکرێ .

تا دێ کێشەی نێوان هەردوو بەرەکە خەستتر دەبێتەوە .. مانەوەی ئەژدیهاکەش بەستراوەتەوە بەو کێشەیە .. وای لێ دێ بازرگانو ئاغا لە قازانجدا یەك بگرنەوەو تا خەڵکەکە پتر بڕوتێننەوەو چیتر بیری یەکدیش ژەهراوی نەکەن .. بەڵام شاگردی بیرلێدەری دانا ئازایانە دێتە پێشو هەموو پیلانو خەونێکی دڕندانە هەڵدەوەشێنێتەوە .. لە پێناو خەڵکەکەو (کچە گوڵفرۆشەکە)و دەستگیرانەکەی خۆی .. لەپێناو خەونی بیرلێدەر خۆی ئامادە دەکا تا ئەژدیهاکە بکوژێ .. بەڵام با لەم کارەکتەرە ورد بینەوە : ئەم شاگردە وەك (دڵدارە ئازایەکە) کەللەیی‌و هەڵەشە نی‌یە .. لە سەرەتاوە بریاری خۆی نادا .. بەڵکو هێدی هێدی لە بیرلێدەرەکەوە فێری دەرسی تازە دەبێو ئینجا لە کۆتاییدا دەبێ بەو پاڵەوانەی ئەژدیهاکە بکوژێ .. واتا کامڵبوونی ئەم کارەکتەرە پلە بەپلەو زۆر لەسەرخۆ نەشونوما دەکا .

شاگرد خۆی بە گوریسێك دەبەستێتەوەو هەموو خەڵکیش بەیەکەوە گوریسەکە دەگرن .. شاگرد خەنجەرو ژەهری هەڵگرتووە .. کەواتە شاگردەکە دەبێ بە پێشەنگی کاروانی تووڕەو ئەژدیهاکوژ .. ئەوەی بیرلێدەر نەیتوانی بیکا .. شاگردەکە بۆی تەواو دەکا .. ڕووەو ئەژدیهاکە مڵدەنێ ، بەڵام لەم کارە پیرۆزەدا (ئاغاو زاناو بازرگان) بێبەش دەبن .. هەر دەبێ واش بێ .. لە کۆتاییدا شاگردەکە ـ بەخۆینەوە ـ دێتەوەو ئەژدیهاکەش دەکوژێ .. (شاری ئەوین) لینوێتی دەشکێ .. میر سەرپشکی دەکا لەوەی چی پێبەبەخشێو ئامادەشە لە جێی بیکا بە میر .. کەچی بیرلێدەری دانا سەیرێکی دەکاو شاگردەکەی لێدەگاو دەڵێ « هیچم ناوێ » ، کەچی بیرلێدەر بە (میر) دەڵێ : « تۆ لە ئایندەی (داهاتووی) ڕەهاو سەربەستی بکە ! » دەبینین شاگردەکە جێگەی بیرلێدەری دانا دەگرێتەوەو ڕێبازی ئەو هەڵدەگرێ.. ڕێبازی خێرویستنو خەڵك‌پەرستی.. جوانترین ڕستە کە لە کۆتاییدا دەبیستین ئەوەیە کە بیرلێدەر دەری دەبڕێ : « لە هەموو شوێنێك بیر لێبدەن .. نەبا ئەژدیهایەکی دیکە زیندوو بێتەوە ! » .

کەواتە بۆ مسۆگەرکردنی هەر مێژوویەکی پاك گرنگ ئەوەیە دوای نەمانی مەترسیو کارەساتو ئەژدیهاکان خەڵکی نەخەوێ .. بەڵکو هەمیشە لە بۆسەدا بێو زەخیرەی بۆ زستانێکی زۆر سەختو تووش خستبێ .

تەنها شتێك کە بەڵامەوە ناخۆش بوو : گرانیو ئاوازی ناو شانۆگەری‌یەکە بوون .. کە زۆربەی شیعرو ئاوازەکان بابەتی هاوچەرخ بوون .. چاکتر وابوو شیعرو ئاوازی سەربەخۆی هەبووایە کە زیاتر خزمەتی شانۆگەرییەکەی دەکرد .. بەڵام لەوە دەچێ تا ئێستا مۆسیقاژەنە کوردەکان لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە .. تا ئێستاش مۆسیقای زۆربەی شانۆگەرییەکان لێرەو لەوێ قەرز دەکرێ .

لە کۆتاییدا حەز دەکەم بڵێم زۆربەی ئەو شانۆگەری‌یانەی کە کاك (طلعت) دەیان‌نووسێو لە هەمان‌کاتدا دەبێ بە دەرهێنەریان لە سەرچاوەی کەلتووری کوردی‌یەوە دەیانخولقێنیو سەرکەوتووشە. ئەم شانۆگەرییەش تا کۆتایی سەرسامی کردین .. کارەکتەرەکان بەتێکڕا توانیان ئامانجی پیرۆزی شانۆگەری‌یەکە بە بینەران ببەخشن .. حەزیش ناکەم باسی چۆنیەتیو سەرکەوتنی ـ ڕووناکیو ئێکسسوار ـ بکەم چونکە لە شانۆی کوردیدا دەبێ بە شتی لاوەکیو خۆشم هیچی لێ نازانم . ئەمەی کە نووسیشم دەبێ بە سەرنجێکی خێراو ئاسایی ـ بەڵام ئەم شانۆگەری‌یە هەقی ئەوەی هەیە پتری لەسەر بنووسرێ .. چاوەڕێی قەڵەمی نووسەرانی ترین .. سەرنجانەی من بەتەنها پابەندن بە ناوەڕۆکی شانۆگەری‌یەکەو بەس .

● لە ڕۆژی (١٩٨٥/١١/٢٣)دا ئەم شانۆگەری‌یەم بینی .

Institut kurde de Paris

دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین - پاشماوە -

شەرافەتمەندانەو نیشتمانپەروەرانە بکا .. لەپێناوی پاراستنی موقەددەساتەکانی نەتەوەو گەلدا چونکە ئەو نەیهێشتووە ڕۆژێ لابکەنەوە بێ ئەوەی باشترین چەك نەبینن لەدەستاناو نەیهێشتووە ڕۆژێ لا بکەنەوە بێ ئەوەی باشترین ئازووقە نەبینن و .. هەموو شتێ لە بەردەستانا بووەو نەیهێشتووە ڕۆژێ لە ڕۆژان لاتان نەکردوەتەوە بێ ئەوەی ڕیزێ لە پیاوانی مەشق‌پێدراو نەبینن کە دوای هەموو شەڕی زیانتان ببڕێن‌و بەلکو ڕۆژێ لە ڕۆژان نەیهێشتووە لا بکەنەوەو تەشکیلاتێکی تازە نەبینن کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ ئەوەی توانای هێزە چەکدارەکان زیادبکەن‌و پتەوتری بکەن بۆ هەموو ڕووەکانی شەڕو بەرگری‌و هێرش‌و ئەمڕۆیش ئا لەم کاتەدا توانای شەرکردنمان زۆر زیاتر بووە لەوەی لە ڕۆژی ٩ی شوباتی ئەمسالدا هەمانبوو .

● توانایمان ئێستا بەرزترە ●

توانایمان لە فاودا بەرز بوو .. بەلام توانایمان ئێستا بەرزترەو هەر ڕۆژێ کە تێدەپەڕێ توانایمان بەبارمەتی‌ی خوا زۆرترو زۆرتر دەبێ ..

هەموو ڕۆژێ کە تێدەپەڕێ باشتر دەتوانن بەرگری لە عیراق بکەن‌و دەتوانن هێرش بەرنە سەر سوپای هێرشبەران لە هەر شوێنێ بێ‌و وێرانی‌و زیانی پێبگەیەنن بە مەبەستی هێنانەدی‌ی ئاشتی نەك بە مەبەستێکی‌تر .. ئاشتی‌یەکی‌وا کە لەسەر ئەوە دامەزرابێ هەریەکێ لە ئێمە ڕیزی مافی ئەوی تر بگرێ‌و هەریەکەمان ڕیزی سەربەخۆیی ئەوی‌تر بگرێ‌و .. هەریەکەمان ڕێزی هەڵبژاردەی ئەوی‌تر بگرێ‌و .. هەریەکەمان ڕیزی گرنگی‌ی هێمنی‌و ئارامی‌ی ئەو ناوچەیە بگرین کە ئێمە بەشێکین لێی‌و ڕێزی مافی گەلان‌و وڵاتانی ناوچەکە بگرێ کە ئێمە بەشێکین لێی‌و مەبەستم هەمووی ناوچەی خەلیجە .

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو قەلە ڕەشەی کە لە تاراندا کەوتووە هەست بەوە دەکا کە مەسەلەی بۆدەرەوە ناردنی شۆڕش نوکتەیەکە لەم چەرخەداو بەتایبەتی ئەگەر مەبەست لە بۆدەرەوەناردنی شۆڕش بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە بێ کە شۆڕشیان فێرکردووەو دەرسیان داداوەو چۆن گەلان ڕزگار دەکرێن‌و چۆن پێشەوایەتی‌ی گەلان دەکرێ هەرچەندە ئێمەو ئێوە دەزانین کە ئەم قەلەڕەشەیە کۆششی تێکۆشەرانی شۆڕشی بەکارهێنا کە گەلانی ئێرانیان لە ستەمی شا ڕزگارکردو پایەی بۆ خۆی وەرگرت بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەللە دڵسۆزانە تێکبشکێنێ کە دژی شا خەباتیان کردو بەدڵسۆزی‌و شەرەفەوە پێشەوایەتی‌ی شۆڕشیان کرد .

خومەینی‌و دەستە بەدەکەی بوون بە هاوسوێندی زایۆنیزم

ئەویش ئەمڕۆ بەبارمەتی خوا زیاترو زیاتر دەچنێتەوە لە ئەنجامی بەدی کە دەستەکانی تۆویان کردبوو بۆ خۆشکردنی ئاگری نیتنەو لە خەیالی ئەوەدا کە دەتوانێ قەوارەکانی عەرەب تێکبشکێنێ لە خاکیانا چونکە تەماعی دەستدرێژیکەرانەی خومەینی هەر لەوەدا نیە کە قەوارەی عیراق تێکبشکێنێ بەلکو دەکشێ بۆ هەمووی نیشتمانی عەرەبی‌و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەلانی ئێران‌و هەموو موسوڵمانان‌و عەرەب تێدەگەن کە چەندە درۆو دەلەسە بوو کە دروشمی خومەینی لە سەرەتاوە ئەوەبوو کە شۆڕشەکە هی موسوڵمانان‌و عەرەبەو شۆڕشەکە دژی زایۆنیزم .. بەلێ لە دڵی پیاوە چاکەکانا وابوو لە ئێرانا بەلام کە خومەینی‌و دەستا بەدەکەی دەستەلاتیان گرتە دەست بوون بە هاوسوێندی زایۆنیزم‌بە هەموو دوورودرێژی‌یەکیەوە کە دەیبینن‌و .. دەیخوێننەوە .

ایۆنیزمیش بەختیار بوو و بەدەوام بەختیاری ـیەکی بەهێزی نوێنەرەکانیەوە دەمردەبڕێ لە قەوارەی زایۆنا .

ڕەتلێکی بەیەکەوە پێوەستی پیاوان

سوپاس بۆخوا لەسەر هەموو شتێ‌و سوپاس بۆیا کە گەلێکمان هەیە بریتی‌یە لە کانگایەك بۆ پیان .. دوێنێ‌و پێش سێ ڕۆژو پێش چوار ڕۆژ هەچەندە بلاومان نەکردبووبوەوە کە ئێمە لە سەرکایەتی‌ی گشتیدا کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئتا چەند پیاومان هەیە مەشقدەکەن .. سەیر کەین سوپاس بۆخوا هەرچەندە دانیشتوانی عیراق ١ ملیۆنن بەلام وا دیارە ژمارەیە پیاوی پڕباوەڕی یانای تیایە کە دەتوانن ڕووبەڕووی گومڕایی‌و دەستدرێژی بوەستن‌و لە باشترین حاڵدان‌و هێزە ستەمکارەکە دەشکێنن‌و ئینشاڵا سەردەکەون بە سەریانا .

دەستەیە لە پیاوان .. شاڵاوێکی گەورەی‌وا کە ئەگەر بلاوی بکەینەوە لە زاخۆوە تا فاو بریتی دەبێ لە ڕەتلێکی پێوەست لە پیاوان کە ئێستا خەریکی مەشق‌کردنن لەسەر چەك بیجگە لەو پیاوانەی کە گلەیی‌یان لێ کردین‌و لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا ئێمە بۆڕی ئەو دەستدرێژیکەرانە دەدەین چونکە ئێمە لەسەر هەقین‌و ئەوان لەسەر ناهەق‌و ، کاتێ کە هەموو بیروباوەڕەکانی ئاسمان‌و زەوی‌و پێڕەوی‌یەکانی خواوەندی گەورەو بۆ بۆچوونەکانی مرۆڤایەتی دەکرین بە سەرپشك ، دەگەینە سەرئەنجامێکی‌وا کە چەن‌و چوونی تیا نیەو ئاشکرایە کە ئێمە لەسەر هەقین‌و ئەوان لەسەر ناهەق‌و لەبەرئەمە ئێمە سەردەکەوین‌و ئەوانیش بە یارمەتی‌ی خوا دەشکێین .

سڵاوی خوا لە جوامێران .. پشت بە خوا ببەستن .

سەرەك نیشانەی - پاشماوە -

یەکەم : چونکە هیچ جەنگێك ناتوانرێ بە لایەکدا بخرێ تەنها ئەگەر پیادە بە تفەنگەوە نەچێتە ناوەوە .

دووەم : چونکە پیادە لە زۆنگ‌و لە چیاو لە دەشت‌و لە بیابان‌و لە ناوو لە هەموو شوێنێکدا دەجەنگێ ، ئەمە ئەوە ئاگەیەنێ کە بەشەکانی‌تر ناجەنگن .. لەوانەیە یەکێك لە ئامادەبووەکان بەدڵی نەبێ‌و پێم بڵێ .. گەورەم ئەگەر ئەمە وەسفت بێ بۆ لایەك لەوەی باس‌کرا نارازیم چونکە پیاوانی ئەندازیاریش لە هەموو دۆخێکدا لە مەیدان‌دان چ بە هۆی پەکخستنی دوژمن بەو کاروبارەی دەیکەن یاخود بەو کار سووك‌کردنەی پێشکەش کەرتەکانمانی دەکەن کاتێ هێزش دەبەن . بەلام لەبەر دوو لایەن کە ئەویش پیاوانی پیادە لە هەموو دۆخ‌و زەوی‌و بارێکدا (لە شەوو لە ڕۆژو لە ڕۆژانی باران‌و لە ڕۆژانی ساماڵدا لە چیاو شیوو لە زەوی ناریك‌و لە دارستان‌دا دەجەنگن کاتێ داوای لێ دەکەین بە شێوەیەکی دەرکەوتووتر بجەنگی ، کاتێك پیادە دەچێتە ناوەوە ، ڕەگەزێکی تری پشتگیر وەك زرێ لەوێ هەیە ئەمە شتێکی ترە بەلام کاتی دەمانەوێ پیادە لە هەموو ئەو دۆخانەدا پشتگیریێ ئەو دەجەنگێ‌و ئەو پشتگیر دەبێ ،ناتوانین لە زەوی فوڕاودا ڕێ بدەین کە زرێ پشتگیریێ چونکە توانای نابێ لەم حاڵەتدا پشتگیریی دیاری‌کردنە هونەری‌و تەعبەوی‌یەکان بکا لە بەکارهێنانی زرێ‌دا .

لە بەخشینی نیشانەکانی ئازایەتی‌دا بەڕێزان احمد حسین سەرەکی دیوانی سەرۆکایێتی‌و لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن‌و فەریقی یەکەمی ڕوکن عبدالجبار شنشل وەزیری دەولەت بۆ کاروباری سەربازی‌و ژمارەیەك لە ئەندامە بەڕێزەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ئامادە بوون .

لە هەولێر - پاشماوە

دارەکان بۆ ئالوگۆڕی تووتن ، هەروەها دامەزراندنی کێڵگەی تووتن .

٧ - دروست بوون‌و پێگەیاندنی دەستی لێهاتوو لەم بارەوەو بەسەرکردنەوەی تەکنولۆژیای جیهانی‌و گۆڕینەوەی توانا لەم بارەوە .

● چالاکی لە هەموو بەشەکاندا ..

بەڕێزی ڕوونی کردەوە ، کە هەر یەك لە لق‌و بەشەکانی ئەم مەڵبەندە کاروباری دیاری پێشکەوتنی باری تووتن ڕادەپەڕێنێ .. لە دیارترین ئەو بەشانە : بەشی بە سەرکردنەوەو بە دووا داچوون ، بەشی تاقی‌کردنەوەی کشت‌وکاڵ‌و تاقی‌گا ، بەشی بەرهەم هێنان‌و خزمەتگوزاری کشت‌وکاڵ ، بەشی بەڕێوەبردن ، بەشی ووردبوونەوە ...

بەلام ، مەڵبەندەکانی تووتن هەرسێ پارێزگای ناوچەی کوردستان دەگرێتەوە ، کە سەرجەم لە سلێمانی‌و هەولێر و دهۆك ـ ٦ ـ کە هەر یەکەیان چەندان مەڵبەندی تووتنی لێ دەبێتەوە ...

● باری پێشکەوتوو ..

بەڕێزی دەست نیشانی ئەوەی کرد ، کە دوای دامەزراندنی مەڵبەندەکە ، گۆڕانی تەواو لەم بوارەدا هاتۆتەکایەوە ... وە لە بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ئەو دەسکەوتانە ئەم خاڵانە ئەدرەوشێتەوە ..

١ - مەودای چاندن گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتووە ، بۆ نموونە تووتن لە ١٩٧٩ تەنیا ٣٠٧٣٢ دۆنم بووەو ساڵی ١٩٨٥ گەیشتۆتە ٨٨٩٤٩ دۆنم ، واتە ڕادەی فراوان بوونی بەرهەم بووە بە ٢٨٩٪ .

٢ - چەندیەتی تووتن کە کراوەو دراوە بە لێژنەی وەرگرتن لە ٩٢٨٦ تەنەوە ، گەیشتۆتە ١٣٤١٠ - تەن لە ١٩٨٤و ڕادەی زۆربوون گەیشتۆتە ١٤٤٪ .

٣ - بۆ یەکەم جار لە هەموو وڵات ، دەست کرایە تووتنی - فرجینی - و ساڵی ١٩٨٠ بریتی بوو لە - ٤٨٠ - دۆنم‌و گەیشتە ٥٣١١ دۆنم لە ١٩٨٥ ؛ هەر ئەم تووتنی - فرجینە - لە ڕووی لێژنەی وەرگرتن ، ڕادەی وەرگرتنی گەیشتە ڕادەی زۆربوون بەڕێژەی ٦٧٧٪ .

٤ - لە ڕووی چۆنیەتیەوە ، هەست بە گۆڕانی تەواو کراوەو ڕادەی سەدی لەو شێوە تووتنانەدا بەرزبۆتەوە .

٥ - ڕادەی دۆنمی تووتنی ڕۆژهەڵاتی بەرزبۆتەوە لە ٢٥٠کغم‌و تووتنی - فرجینی - بە ٤٠٠کغم .

٦ - لە ئەنجامی ئەو زۆربوونە سنوپاس‌و دەستی ڕێز لە ئەنجومەنی کشت‌وکاڵی پارێزگای هەولێر نراوە .

● هەنگاوی نوێ ..

مەڵبەندی تووتنی هەولێر ، بۆ گرتنەبەری ڕێبازی زانستی فراوانتر ، دەستی کردووە بە ئامادەکردنی باس‌و لێکۆڵینەوەی بەپێز .. کە پەیوەندی بە تاقی‌کردنەوەی نوێ هەیە ، هەروەها مەسەلەی گۆڕەپان‌و پەیین‌و کاتی چاندن ...

هەر بۆ ئەم مەبەستەش ، وە بە هاوکاری لەگەڵ کۆلێجی کشت‌وکاڵ لە زانکۆی صلاح الدین‌و مووسل چەند باس‌و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەنجام دراوە .. جگە لە کردنەوەو ڕێکخستنی خولی پسپۆری کە کراوەتەوە بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی ڕاهێنان‌و ڕابەری کشت‌وکاڵ ... هەروەها چاندنی تووتنی ڕۆژهەڵاتی بە ڕێگای - دێمی - و کەلك وەرگرتن لە زەوی‌و ، تۆمارکردنی هەندێ بەرنامە لە تەلەفزیۆن دەربارەی بایەخی تووتن‌و باری پێشکەوتنی ...

ئەنگۆلاو - پاشماوە

● کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ئەنگۆلا ●

■ ئەنگۆلا بۆ یەکەمین جار لە ساڵی « ١٤٨٣ » وە هێرشێکی داگیرکەرانەی کراوەتە سەر لەلایەن وڵاتی پورتوگالەوە .

■ لە ساڵی « ١٤٨٩ »دا وڵاتی پورتوگال یەکەمین نوێنەری خۆی لە ئەنگۆلادا دامەزراندووە .

■ لە ساڵی «١٦٢٢»دا « خاتو ، آن جنکە » گەیشتۆتە « لواندا »ی پایتەختی ئێستای ئەنگۆلا ، بۆ مۆرکردنی پەیمانێکی دۆستایەتی لەنێوان پورتوگال‌و ئەنگۆلا ، کە ئەوسا بە ژێردەستەی ـ مستعمرە »ی « ماتیمبا دەناسرا » ..

■ لە ساڵی « ١٦٦٣ »دا بۆ یەکەمین جار دان‌نراوە بە مافی ناوخۆیی کەلی ئەنگۆلا « لە ئێستا بە ئۆتۆنۆمی دەناسرێ » ، واتە لە شێوەی ئۆتۆنۆمی ئەم سەردەمە بووە .

■ ١٩٥٦/١٢/١٠دا جولانەوەی میللی بۆ ڕزگارکردنی ئەنگۆلا دەستی پێکردووەو ، لە هەمان ڕۆژیشەوە ئەم جولانەوە ڕزگاری خوازیانە یەکیان گرتووە :

١ - حیزبی یەکگرتووی ئەنگۆلا .

٢ - جولانەوەی نیشتمانی بۆ سەربەخۆیی ئەنگۆلا .

■ لە ساڵی « ١٩٥٧ »دا ، جولانەوە نیشتمانی‌یەکان پەیڕەوی خەباتی چەکداری‌یان کردووە ، وەکو تاکە ڕێبازێك بۆ ڕزگارکردنی ئەنگۆلا لە ئیستیعماری پورتوگالی .

■ لە ساڵی « ١٩٧٤ »دا ، کە ڕژێمی تاقەکەسی لە پورتوگال کۆتایی پێدێت ، ئیتر ڕێکەی گفت‌وگۆ لەبەردەم جولانەوە نیشتمانی‌یەکانی ئەنگۆلا میری‌ی تازەی پورتوگال دەکرێتەوەو ، ١٩٧٥/١١/١١ دا گفت‌وگۆکە بە ئەنجام دەگا ئەنگۆلا دوای خەباتێکی دوو سەدەیی دە سەربەخۆیی خۆی‌و ، ئەو ڕزگاری‌و سەربەستی مەبەستی بووە زامنی دەکات ..

● ئەنگۆلا لە چەند دێڕێکدا ●

■ کۆماری ئەنگۆلا دەکەوێتە خۆری ڕۆژئاوای ئەفەریقیا .

■ پێوەرەکەی « ١٫٢٤٧ر » کیلۆمەتر چوارگۆشەیە .

● ژمارەی دانیشتوانی « ملیۆن کەسە .

■ لە ١٦٧٥/١/٤دا ، سەرەکی کردوو ، سەرکردەی پێشووی ئەنگۆلا ، « ئۆگستینۆ نیتۆ » گەراوەتەوە بۆ « لواندا » .

■ لە ١٩٧٥/١١/١١دا ، ئەولەیەژێر چنگی داگیرکەراندا ڕزگاری بووەو سەربەخۆیی ڕەگرتووە .

■ لە ١٩٧٥/١٢/١دا ، بۆتە ئەمی نەتەوە یەکگرتووەکان .

■ لە ١٩٧٧/١٢/٤دا ، یەکەکۆنگرەی جولانەوەی نیشتمانی‌ی میللی لە ئەنگۆلادا بەستراوە .

■ لە ساڵی ١٩٧٩دا ، سەرەکی‌ەمزیی » وڵاتەکە « ئۆگستینۆ نیتۆ » ، دوایی کردووەو ، دوای ئەویش « جوزی ئەد » ، جێگەی گرتۆتەوەو بۆتە سەرکۆمار .

■ بەم جۆرە ئەنگۆلای خوێن‌و خات ، دوای دوو سەدە لە تێکۆشان‌و بەربەرەکێی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی‌و ئیمپریالیزمی جیهانی لە ئەنجامی خەباتی سەل‌کردنەوەی ڕۆژەبەزو چاونەترسەکانی ، سەربەخۆیی زامن‌ووەو ئێستا یەکێکە لەو وڵاتە سەربەخۆیانەی‌ەوە ڕووی هەموو ڕژێمێکی داگیرکەرو چەوسێنەر دەوەستێ‌و لایەنگیری جوڵەکانی پێشکەوتنخوازی دەکات لە هەموو جیهاندا

لێکدانەوەیەکی - پاشماوە

١٤٧٥ بۆماوەی ١٠٠ سال بەردەوام بون‌و بەسەرەتای شارستانیەتی چاخی نوێ کۆتای پێهات درێژدەکات.

ویلر دەست‌نیشانی ئەوە دەکات کە لە خوولە ١٠٠٠ ساڵیەکاندا خولێکی ٥٠٠ ساڵی هەیەو جیادەکرێتەوە بە بونی چەند ڕوداوێکی گرنگ وەك (سەرهەڵدانی مەسیحیەت‌و ئیسلامیەت) . بەلام گرنگترین خول لای ویلر خولی ئاوهەوایە کە ١٠٠ ساڵە بۆ سەلماندنی ڕاستی خولی دواهەمین «واتە خولی ئاوهەوا» لە تیورەکەیدا ، وڵاتە یەکگرتووەکانی بەنمونەیەکی بێوێنە هەڵبژاردووەو کاتی گەشە ئابوریەکان تەواو لەگەڵ کاتە ئاووهەوا گونجاوەکاندا دائەنێت‌و کاتی نەبونیەکانیش لەو ساتانەدا کە ئاوهەوا لەبارنەبووە ، دەڵێت ، گەشەسەندنی ئەمریکا لە کاتی ئاووهەوای شێدارو نیمچە گەرمدا بوەو ڕودانی قۆناغە نەبونیەکان لە کاتی ئاوهەوای زۆر سارد یا گەرمدا ڕوی‌داوە تەنها گەڕانەوە بۆ ئاووهەوا ئابوریەکەی ساڵی ١٩٥٠و هەڵسەنگاندنی کاتی نەبوونی‌یە ئابوریەکەی ساڵی هەفتاکان ادەمان‌گەنینە ڕاستگۆی تیۆرەکەی ویلر شایەنی دەست‌نیشان کردنە ، کە دانەری ئەم کتێبە ، خولی کوندراتیف بە نیو خولی ویلر دادەنێت ، کەبەمەش لێکدانەوەی لێکۆڵەرەوەکان دەبێتە یەك . کوندراتیف ئامێری گەشەو نەمان بەهۆی لێکدانەوەیەکی ئابوری ڕووت پیشان دەدات ، ئەگەرچی ویلر بەزیادەکردنی هۆکار ـی ئاووهەوا لێکدانەوەکەی کوندراتیفی دەوڵەمەند کرد .

لە گۆڤاری البنولە - ژمارە ٢٢١ی ئاکتوبری ساڵی ١٩٨٥وە وەرگێڕراوە .

وتەی - پاشماوە

ڕژێمی خومەینیان ناوێ‌و بۆ لەناوبردنی فیداکاریی دەنوێنن .. لە عیراقی بەعسیش‌دا ڕۆڵەکانی گەل تێکڕا بە عەرەب‌و کوردو کەمایەتیەکانەوە لە دەوری ئالای نیشتمان‌و سەرکردەی دڵسۆز صدام حسین گردبونەتەوەو سنگیان کردوە بە قەڵغان‌و هێرشی سەرنەگرتووی دوژمنی پێدەگێڕنەوە . .

ئەمە ڕاستی دۆخ‌وباری هەردوو وڵاتە ... ئیتر ڕەگەزپەرستان بەتەمای چین .. ئەگەر بەتەمای ئەوەبن ڕژێمە گەندەڵەکەی دیمەشق شتێکیان بۆ بکا ئەوە خەباڵیان خاوەو ئەم ڕژێمەی ئەوان ئومیدیان پێیە چەند دەکا ناتوانێ خۆی لە کەوتن‌و لە هێرشی نیشتمانیەڕومرانی سوریا بپارێزێ .. خۆئەوە قەزافیش باری کەوتوەو چەند دەکا نازانی چۆن‌و لەکوێ خۆی بشارێتەوە ..

ئەنجومەنی - پاشماوە

ئەنجومەنی پەرلەمانی کوێتی ناردو لە بروسکەکەدا دەری‌خست کە ئەو کاروبارەی دوژمنانی نەتەوەی عەرەب دەیکەن بە مەبەسی تۆقاندنی گەلی کوێت‌و تێکدانی ئاساییش‌و ئارامی ناوچەی کەنداوی عەرەبە .

بەڕێز سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی هەلوێستی گەلی عیراقی بۆ پشتگیری کردنی بڕا کوێتیەکانی بەرامبەر ئەو کارە تێکدەرانە نوێ کردەوە.

هاوکاری - پاشماوە

دکەم ب شێوی کشتی ژ هەمی وەلاتیا کو بهێن خو تەئمین بکەین ژ «حوادث شخصیە» ئەڤە ژلایەکی و ژلایەکی دێ ڤە ئەز گەلەك عاجزی و داخاخو «تاسف» دیار دکەم کو هندەك جارا خەلەتیا رویدانێ ژ شوفیرایە چنکو یان ئەو شوفیر نە شەهرەزایە یان یێ سەرخۆشە یان بلەز دهاشوت .. ئەفجاو لفێ حالەتی کومبەنیا مە نەشێت بەرەڤانیت ژڤان توخمە شوفیرا بکەت چنکو ئەو دناوانبارن ..

ئەفجا هیڤیدارم کو شوفیرێت بەرێز پیچەك خو هوشیاربن لهاژوتنێ‌و بتر پارێزیا ڕوحا خو و ڕوحا وەلاتیا بکەین و زور سوپاس بو ڕۆژنامە هاوکاریا هێژا ..؟

- سوپاس بو سەیدا «حسن ڕەشید دێرەشی» جێگری ڕێڤەبەرێ کومبانیا تەئمینێ لدهوکێ .

بۆمبێژوو - پاشماوە

سەرچاوە بهێنێتەوەو باسی ئەوە بکات کەملا جەمیل لە کوێدا باسی خەلیل منەووەری کە ؟ یان من کەی سەرچاوەم هەڵسەنگاندووە تا : « ئەی بۆ ناوی ئەو هەشت سەرچاوانی نەهێناوە کە هەڵمان سەنگاندوون‌و لانا دواوین » !؟

دەربارەی خالی سێیەمیش : ئەم خاڵك هەردەوێلێش قسەی لەسەر کردبوو و بەنی وەلامم داوەتەوە . ئەوەندە لەسەر ئەو وەلامەدەکەم :

بەداخەوە مامۆستا نەریمان دەیەوێ بەیەك مافی ئافرەت لە مافی پیاو زیاتر دەکات چاوت لە خوێنەر بکات ؛ چونکە من وتوومە :

بۆچی بۆ دەربڕینی هونەری (ی منەووەر) شیعری هەجوی (تفت)و تو دەکەنەوەو ، بۆ دەربڕینی هونەری شێخ ڕەزا بەلکە بەدەستەوە ناگرن تا کێشەکە لارەسەر نەبێت ؟

هەروەها خالی چوارەمیش کاك هەر باسی کردبوو ، منیش وەلامم دایەوە ، بەلام گوتم ، وتارەکە زۆری لێ قرتابوو بەشێکی ئەو قرتاندنە بەر ئەم بڕگە کەوتبوو .

بە هەرحاڵ مامۆستا نەریمان لێرەدا دوو وەلامی بۆ ئەم خاڵە دروستکردووە :

یەکەم : ڕەقابە .

دووەم : سەرچاوەکەی ئەمان دەسخەتی شاعیر خۆیەتی . بۆ خاڵی یەکەم دەڵێم : مامۆستا نەریمان دەڵێ : « ئەلیەین (!) ئەم دیوانە لە ساڵی (١٩٨١) بە موافەقەتی ڕەقابەوە پێشکەش بە دەزگای ڕۆشنبیری کرا لە نیسانی (١٩٨٣) وە تا مایس (١٩٨٤) لە چاپخانەدا بوو » . مامۆستا نەریمان خۆی دەزانێ کە موافەقەتی ڕەقابە تەنها ساڵێك دەخوات‌و ، دوای ساڵەکە دەبێ موافەقەی تازەی بۆ وەربگێڕێتەوە . واتە ئەم کتێبە دوای تەواوبوونی ماوەکەی چاپکراوەو ، ئەو کاتەیش دەکرا شتێکی‌زیادەی وەك ئاگاداریێکی بچکۆلە بخرێتە سەر . بەلام ئەوەی من پێ بزانم کتێبێك کە دەزگای ڕۆشنبیری چاپی بکات موافەقەی ڕەقابەی ناوێت .

■ ماویەتی ■

Institut kurde de paris

هەرجارەی نووسینێك ..

هەڵەی چاپ و، ئەرکی سەرشانی بنووس

محمدی مەلا کریم

بنووس بۆچی ئەنووسێ ؟
هەر حەزئەکا بنووسێ ،
یا شتێکی هەیەو ئەیوێ بە خەڵکی ڕابگەیەنێ،
یا ئەیوێ ناوی بەسەر بەرگی کتێبو
لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە ببریسکێتەوە ،

یا ـ بەپێی داب‌و نەریتی ئەمڕۆ کە هەموو شتێ دەسەزی خۆی هەیە ـ ئەبەوێ چەند پووڵێکی بێتە گیرفان ،

یا چەند یەکێ لەمانە ، یا هەموو ئەمانەی مەبەستە ؟

بەر هەرکام لەم (یا)یانە بکەوێ ، ئەو کە نووسینەکەی خستە سەر قاقەز ، بەتەنیا خۆی لیا سەربشك نامێنێتەوە .

نووسین کە نووسرا ، ئەمڕۆ بێ یا سبەی ، یا هەرکات ، کەسانێك هەر ئەیخوێننەوە . بەڵام بە هەمووحاڵێ ئەتوانم بڵێم ٩٨٪ی ئەوانەی ئەنووسن، بۆئەوەیش ئەنووسن خەڵك نووسینەکەیان بخوێننەوەو بەشی هەرهزۆری ئەمانەیش مەبەستیانە قسەکانیان بەگوێ خەڵکەکەدا بچن‌و بەدڵیان بن .

لە ڕوانگەی ئەم ڕاستی‌یەوەیە ئەوەندە بە دەربەسی ڕوونەدانی هەڵەوەم لە چاپکردنی کتێب‌و وتاراو ، لەسەر بنەمای شانازی کردنمە بە بەرهەمی قەڵەمی خۆم ، کە هەڵەیەکی چاپ لە نووسینێکما ئەبینم . واتەزانم سووکی‌یەك بەرانبەر بە خۆیشم‌و بە خوێندەوارەکانیشم کراوەو ، بەش‌بەحاڵی نووسینەکەیشم واتەزانم کەسێکی بێدڵو دەروون ڕۆڵەیەکی ئازیزمی گرتووەو تێرتێری لێداوەو سەری شکاندووە . هەڵەی چاپ کە ئەبێ بەهۆی ترنەگەیشتنی واتای ڕستەی نووسراوو خراپ مەعنا لێدانەوەی ، دەق شیعرەکەی (نالی)ی مەزنی بەسەرا ڕاستدێ کە ئەفەرموی :

لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ
بێ‌خەتا کەس نی‌یە پازی کە لە ئەولادی درێ

بەڵام لەگەڵ ئەمەیش کەس ناتوانێ نکوولی لەوە بکا کە وەك چۆن چاوەقوولەو ڕشانەوەی سالەکانی مێژین ، هەموو ئەم خەڵکەیان ئەگرتەوە تاکو تەرانیەکیان نەبێ ، دەردی هەڵەیش بەشی هەرهزۆری لەچاپدراوە کوردی‌یەکانی گرتووەتەوە ، نەخواز زەڵا ئەوانەیان کە بڕگەی دەوڵەتی بڵاویان ئەکاتەوەو، هۆیەکەیش نە هەر ئەو کەمتەرخەمی‌یەیە کەوا لە زۆرتری لقەکانی پرۆژەکانی ئەو بڕگەیەدا بەدی ئەکرێ‌و ، نە تەنها ناکارامەیی هەندی لەوانەیە لەو پرۆژانەدا کارئەکەن ، ئەگینا ئەی لە چاپەمەنی‌یەکانی بڕگەی تایبەتیدا چۆن ؟

• دەسنیشانکردنی هۆی هەڵەی چاپ بەو جۆرە هۆیانە ، ئەکێشێتەوە بۆ پشت‌گوێ خستنی هۆی ڕاستەقینەو نەدۆزینەوەی‌و ، لەئەنجاما بۆ چارنەکردنی دەردەکەیش .

هۆی ڕاستەقینەی هەڵەی چاپ خۆمانین خۆمان ، خۆمانی بنووس ! خۆمانی خاوەن وتارو کتێب دانەر ! ئێمە ئەگەر ڕێزی خەڵکمان بەڕاستی لە دڵدا بێ‌و ، ڕێزی بەرهەم‌و بیری خۆمان بگرین‌و، مەبەستمان بێ زادەی مێشکمان بە دڵو دەروونی خوێندەواران ئاشنا ببێ‌و ، تەنها بەوەندە دەس‌بەردار نەبین کە ناومان بەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەوە جێگیر ببێ‌و ، خەڵکی نووسین لە گیرفانماندا ، ئەبێ بزانین چۆن ئەنووسین . ئەگەر نەیشزانین بنووسین پەنا بەرینە بەر دۆستێکی زانا یا فێرمان بکا یا بۆمان بنووسێتەوە . زانینیش هەر ئەوە نی‌یە ئەلفو بێ لە یەك جوێ‌بکەینەوە ، ئەبێ خەتمان خۆش‌خوێن بێ ، بەکاوەخۆ بنووسین ، وشە لە وشەو تیپ لە تیپ جیاکەینەوەو ، نوختەو وبڕگوڵو کەوان‌و کەوانۆلکەو داش لە جێی خۆیانا دانێین . نوختەی تیپێك نەخەینە پال تیپێکی‌تر . هەر تیپێ بە شێوەی تایبەتی خۆی بنووسین . ئەبێ ئەوە بزانین کە تیپڕێکخەرانی چاپخانەکانی عیراق ٩٩٪ زیاتریان عەرەبن .

ئەوانەی ئەیانەوێ ئەرکی سەرشانی خۆیان بەڕاستی بەجێ‌بهێنن‌و بیخەنە ئەستۆی بنووسان‌و ئاکارکەرانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان‌و تیپڕێکخەرانی چاپخانەکان ، کەسانێکن هەستیان بە لێ‌پرسینەوە نی‌یەو ماندووبوونی سەعاتێکی خۆیانیان لە ئازارو دەردەسەر چەشتنی هەمیشەی خوێندەوارانی نووسراوەکانیان بەلاوە گرانترو بایەخدارترە .

من ئەم قسانەم لە مەبنەت‌و شەونخونی سالەهای ڕۆژنامەنووسی‌و ، لەگەڵ چاپخانەو چاپەمەنی‌و تیبی پیرۆزی کوردی ژیانەوە ئەکەم . باری ئەمڕۆی چاپەمەنیی کوردی ، لەڕووی هەڵەی لە ژمارە نەهاتووی چاپەوە ، مۆری نەنگە بە ناوچاوی کولتووری کوردی‌و بنووسی کوردەوە . بۆیە لێرەوە کە هیچم بەدەست نی‌یەو کارێکم پێ ناکرێ ئەڵێم : هەر بنووسێکی خراپ‌نووسی کورد ، تا چاوێکی ڕەخنەگرانە بەخۆیا نەگێڕێتەوەو ، هەڵوێستی لە مامەڵەکردنیا لەگەڵ وشەی کوردی ڕاستەکاتەوە ، نابێ هیچی بۆ بڵاوبکرێتەوە ، چونکە نووسینەکانی بە سەرشانێ هەڵەوە ئەکەونە سەر کاغەزو ، ئەوە بۆ خۆیشی شوورەیی‌یەو ، بۆ خوێندەواریش دارکاری‌یەو ، بۆ کاربەدەستی گۆڤارو ڕۆژنامەیش ئازارو سزایەو ، بۆ ئابوورِیی نیشتمانی‌یش زیان‌و بەفیڕۆدانەو ، بۆ کولتووری کوردی‌یش شایان نی‌یە .

جا کێ بەم هەموو ڕازی‌یە ؟

لە ڕۆژانی ٣ـ٥ـ١٩٨٦ تا ٢٠ـ٥ـ١٩٨٦ لقی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی پێشانگەی سێیەمی تایبەتی هونەرمەند بەختیار مستەفای کردەوە ،

لە چالاکییەکا دەزگاکەمان

هونەرمەند . . . بەختیار مستەفاو پێشانگەی سیەمی

تیەتی

هونەرمەند لە ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی لەدایك‌بوە ،دەرچووی ئەکادیمەی هونەرەجوانەکانی زانکوی بەغدایە ساڵی ١٩٨٠ ئەندامی کۆمەڵەی تەشکیلی‌و نەقابەی هونەرمەندانی عیراقە ،

سەرۆکی بەشە تەشکیلی‌یە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ، دوو پیشانگای تایبەتی لە بەغداد کردۆتەوە ..

ئێمەش دوای گەشتێ بەناو پێشانگاکەدا ، ئەم چەند پرسیارەمان خستە پێش مامۆستای هونەرمەندەوە .

● چۆن تەماشای گۆڕانکاری ، لە هونەرە کە تاندا دەکەن ؟

● بەرێزتان سەرەکی بەشی تەشکیلی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلیمانین ، کارکردنتان بەو شێوەیە کارناکەنە سەر کارە هونەریە تایبەتیەکانتان !

● ڕاتان چی‌یە بەرامبەر بینەرانی پێشانگا؟! بەتایبەتی هەندێ لەو پەراوەدا تۆماریان کردوە لە هەندێ بەرهەستان ناگەن ؟.

هەواڵێك

لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی پێشانگایەکی هاوبەشی بۆ هەردوو هونەرمەندی لاو هۆزێن غریبو نیان نامق دەکاتەوە لە مانگی ٧ لە هۆلی مۆزەخانەی سلێمانی .

ـ گۆڕان نکاری لە بەرهەمەکانمدا بە ئاسانی ڕووی نەداوە ، بەڵکو لە ئەنجامی گەلێك تاقی‌کردنەوەی گران دروست بوون ، شەو پۆژم لەگەڵیا کردۆتەوە سەرەتا نەمدەزانی سەرەو کوێم دەبەن ، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو لام ، دەربڕین بوو، ناشمەوێت بکاتە پلەی دووبارەبوونەوە ، لەشێوەو قالبێکی بێ گۆڕان ، هەمیشە حەزم بەو تازە بوونەوانە هەیە کە بە تاقی‌کردنەوەی بەردەوام ئامانجی پێش‌کەوتن بهێنێتە ئەنجام ، بەتایبەتی لە شێوەدا تا بتوانم هەموو هەستی خۆم دەربڕم‌و ڕاو بۆچونی تایبەتیم بەرامبەر بە گشت مەبەستەکان ڕوون بکەمەوە ، هەموو هەنگاوێك پێویستی بە دیراسەی بێ‌وچانە . ئەوەی گرنگە سەرچاوەی بەرهەمەکانم دەورو بەرو خۆشی‌و ناخۆشی مرۆڤن .

کە لەسەر بناغەو پرۆگرامێکی زانستی کۆشکی بیرو هەستخۆم بنیات ناوەو خۆش‌ختی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵی ئامانجی سەرەکیمە لێرەئەوانەی تر بۆ بینەران‌و دەبیران جێ دەهێڵم ...

ـ بێ‌گومان سرۆکایەتی بەشێکی وا کاتی م دەبات بەڵام ، کە بمەوێ‌تکی هونەری تایبەتی بکەمو سەرقالیەکانم پشتگوێ دەخەم‌و ئەو هەڵەیەت خۆم نادەم . جگەرەش کاتی تایبەتیم هەیە بەهەمەکانی خۆم‌و کەدی پەیمانگاش لە بواری بەهەر دایەو خۆ هیلاك کردنەو بەدوای ئەو شتەدا نەگەڕێ کە تەنها لە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیدا هەیە هەیە دەیەوێت لە بەرهەمەکاندا بیان بینێتەوە ، چونکە هەندێ جار بینەر تەنها هاوبەشیەکی ویژدانی دەکا لەگەڵ کارێکی هونەریدا ،یان هەندێ جار بینەر چاوەڕوانی چیرۆك یان سەرگزوشتە لە کارێکی نوێدا دەبێتە هۆی جەماشەکردن‌ی بینەرو پشت بەهەستی خۆی نابەستێ‌و لە تابلۆکە دوردەکەوێتەوە ڕەنگیش کارێکی دەرونی دەکاتە سەر هەستی مرۆڤ .

نەسرین

چیرۆك بۆ منداڵان

کەلەشێری سپی‌و کەلەشێری ڕەش

وەرگێڕانی یاسین

ڕۆژێ دوو کەلەشێر لەسەر تەپۆلکەیەکی گڵ پێك گەیشتن ، یەکێکیان سپی‌و ئەوی تریان ڕەش‌بوو ، کەلەشێرە سپی‌یەکە ڕوانیە ڕەشەکەو پێ‌ووت :ـ ئەبینم لە کەلەشێر ئەچیت ؟!

+ بەڵێ منیش وەك تۆ کەلەشێرم برا ...

ـ بەڵام ڕەنگت ڕەشە !

+ بۆچی ڕەنگەکەم لەڕەگەزی کەلەشێرم دوورنەخاتەوە ؟!

سپی‌یەکە بە لووتبەرزی‌یەوە پێ‌ی‌ووت :ـ

ـ ئەی ئەتوانین وەکو من بقوتینیت ؟

+ ئەتوانیت گوێم لێ بگریت ...

ڕەشەکە ئەوەی ووت‌و سەری بەرزکردەوەو بەدەم نگێکی بەرزو زوڵاڵ قوفانی .

کەلەشێری سپی پێ‌ی‌ووت :

ـ هەرچۆنێك بێت من لە تۆ ئازاترو بەهێزترم .

+ ڕەنگت هیچ کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر هێزت .

ـ کەواتە باتاقی‌بکەینەوەو بزانین کاممان بەهێزترین .

+ فەرموو ، بابزانین .

ئەمەیان ووت‌و کردیانە شەڕ ، بە پەلاماردان‌و دەنووك هاویشتن تەواو خۆیان ماندووکرد ، کەمێك وەستان‌و پشوویەکیان بۆداو تێك هەڵچوونەوە ، ئەمجارەیان هەرچەندە گەلێك جار یەکتریان هێناو بردو پەڕی زۆری هاردووکیان‌لوەری ،بەڵام کەسیان ئەتریانی بۆ نەبەزینرا ، چوتوانای هاردوو کەلەشێك یەك وابوو ... وازیاننا‌و لەیەك دوور کەوتن ، بەڵام سپی‌یەکە بەهۆزێك بڕوای نەئەکرد کەلەشێرێکی ڕەش و خۆی وابێت !

ڕۆژێکیان ، شێری ڕەش لەبەردەم کۆیەیدا ڕاوەستابوو ، ئاینیە جووجەلەکانی کە ناوەدا بڵاوبووبونەوەو سەدەم هەڵیەزو دابەزەوەو بەخۆشحاڵی‌یەوە دەنووکیان لەزەوی ئەدا‌و دەنگەگەنمیان ئەخوارد .. لەپڕدا بینی واکەلەشێری سپی هاتووەتە ناو جووجەلەکانەوەو دانەکەیان ئەخوات ، ئەوانیش بەترسەوە لێی دوور کەوتنەوە ،کەلەشێری ڕەش بەتووڕەیی پەوە پێ‌ی ووت :ـ

+ کێ ڕێ‌ی پێ داویت بێیتە ئێرەو دانی وردیلەکانم بخۆیت ؟

ـ بۆچی بەتەمایت پرست پێ‌بکەم ؟!

+ دیارە هەر بەلووت بەرزی‌و لەخۆبایی‌یەوە قسەم لەگەڵ ئەکەیت !

ـ گەرپێت خۆشە ، ئەوا نرخی خۆتت پیشان ئەدەم .

+ ئەی دوێنێ خۆتت تاقی نەکردەوە !

سپی پەلاماری ڕەشەکەی دا ، شەڕێکی توند لە نێوانیاندا دروست بوو ، ئەوەندەی نەبرد ڕەشەکە سەر کەوت‌و سپی‌یەکە بەزی‌و ڕای‌کرد ، لەو لا ترەوە بۆی دانیشت‌و بەسەرماوییەوە لە ڕەشەکە ورد ئەبووەو لەبەرخۆیەوە وتی :ـ

ـ تا لەم نهێنی‌یە نەگەم ئەم ناوە بەجێ ناهێڵم .

گەڕایەوە لای ڕەشەکەو پەهێمنی‌یەوە پێ‌ی وت :ـ

ـ تکا ئەکەم ، پرسیارێکم هەیەو بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە .

+ فەرموو .

ـ دوێنێ تۆ دەرەقەتم نەهاتیت ، ئەی ئەمڕۆ چۆنت توانی وابکەیت ؟

ڕەشەکە پێ‌ی وت :ـ

+ هەمیشە خاوەن ماف بەهێزترە ، باڕەنگیشی ڕەش بێت .

کەلەشێری سپی ، پاش کەمێك بیرکردنەوە ، بەدەربڕینی خۆشەویستی‌یەوە وتی:

ـ من ئەمەوێت لەگەڵتا ئاشت ببمەوەو هاوڕێت ، تۆش داواکەم ڕەت مەکەرەوە کەلەشێری ڕەش وەڵامی‌دایەوەو وتی : ـ

+ ئەوەی هاوڕێ‌یەتی بوێت هەرگیز داواکەی ڕەت ناکرێتەوە .

هەردوو کەلەشێر یەکتریا ن ماچکردو ، لەو ڕۆژەوە بوونە هاوڕێ‌و خۆشەویستی یەکتر .

لە کۆمەلە چیرۆکی «الدیك الابیض والدیك الاسود»ی عارف الخطیب، وەرگێڕراوە .

بو زاخاوی مێشك

ئاسۆیی :ـ

١ ڕۆژنامەیەکی کوردی‌یە لەلایەن «پیرمێردەوە دەرئەکرا ـ مەڕ .
٢ بریسکە .
٣ (تۆ) بەتایبەتی .
٤ دوو پیتی وشەی «نۆك» وەڵامدانەوە بەوشەیەکی کورت .
٥ ڕیش .
٦ پارچەخامێکی ڕەنگاو ڕەنگە بۆ ڕاوەکەو بەکار دێ .

ستونی :ـ

١ شوێنی بەیەك ستنی دوو دڵدار .
٢ دووپیتی ووشەاوین) ـپاداشتی ئیش .
٣ بەها ـ پاش ژەیەك .
٤ دوو پیتی وشەی (شۆڕش) ـ دیتی‌و شەی «جێگا» .
٥ گوریس ـ دژ) .
٦ .....
٧ ووشەیەك کە بانست یا ئەدەبدا بەکاربێت .

ـ دیاری ـ



هەڵهێنانی ژمارەی پێشوو



لە چاپکراوەکانی

دەزگاکەمان

شۆڕشی نیبراهیمخانی دەلۆ ١٩٢٠

زنجیرەی ژمارە ١٣٦ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی «شوڕشی نیبراهیم‌خانی دلۆ»یە کە مامۆستای نووسەر مستەفا نەریمان بەتێرو تەسەلی دەربارەی شۆڕشەکە دواوە لە ساڵی ١٩٢٠دا‌و لەبەرگێکی قەشەنگ‌دا لەم ڕۆژانەدا کەوتە بەردەست خوێنەران.

بۆسەنامە

ـپەڕی ماتەمینی‌و غەمباریەوە پرسەی کۆچی‌دوایی مامۆستا موسی عبدالصمد لە کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکەن‌و داوا لە یەزدانی مەزن دەکەن هەرگیز پەژارەی وایان نەبەتەوە ڕێ‌و خوای لێخۆشبێ‌و سەبووری بۆ گشت دۆست‌و بڕادەرانی

دەزگای گشتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بە بەڕێوەبەری گشتی‌و تێکڕای فەرمانبەرانی دەزگاکەوە بەو جەنابی ئەحمەد ئەفەندی

ئاوڕێك لە

ڕابووردوو

● ڕۆژنامەی «ژیان» ، لە ژمارە ٥٤١ی ڕۆژی ای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٧ی‌دا ، ووتارێك بەناونیشانی «شێوەی نووسینمان» بڵاوکراوەتەوە ، کە دیارە نووسەرەکەی پیرەمێردی نەمرە ، تیایدا وەڵامی چەند بۆچوونێکی نێو ووتارەکەی مامۆستا ئەحمەدی عەزیز ئاغا هەرامەتەوە ، کە لەژمارەیەکی پێشتردا بڵاومان کردەوە ، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە نووسینی ناوبراو :ـ

(شێوەی نووسینمان)

عەزیز ئاغا کە خاوەنی «ئەلفوبێ»ی کوردی‌یە ، لە «ژیان»دا بۆ زبان داستانێکی ژیانی زبانی کوردی‌ی نووسیبوو ..

زۆرم پێ‌خۆش بوو کە ئەم گفتوگۆیەی شێوەی نووسینی کوردی هاتەناوەوە ، بەڵکو ئەمە خوایە لەپێشەوە زیانەکەمان ، دوای ئەوە قالبی نووسینەکەمان بخرێتە شیرازەیەکەوە کە هەموو لەو جزوبەندە دەرنەچین‌و نەتراز ـێین‌و پەرش‌و بڵاو نەڕۆین، هەرایی (ڕێژە) املاو ڕەنگ ڕێژیی وێژە زۆر ئاسانە !!

ئێستا ئەوی بۆ ئێمە پێویست بێ‌و گرێ لە کاروبارو گفتارو مشوارمان بکاتەوە پاکژی زبانە ، ئەوسا کە کوردی‌ی خاوێن‌و بژێرداو بێ بەهەر ڕەنگێکی بنووسین ئەبینە دزی مایە ، بۆچ ئەمەوێ بڵێم هەم ئەبەزین ، هەم سەروگۆیلاکی ئەشکێنین و سەروبۆتەڵاکی تێك ئەدەین ،ڕاست‌و دروستەو ڕەوا ئەوەیە کە هەرچی لە وتن‌و نووسیندا لەوانی وەردەگرین بە «ڕێژە» املای ئەوان بینووسین ، خۆ ئەگەر توانمان خستمانە سەر شێوەی خۆمان ئەوسا بەپیت‌و دانەی چ بەسەریەکەوە چ جوێ جوی بنووسین دروستە .. ئەگینا تا زبانەکەمان بۆ ساغ نەبێتەوەو نەخرێتە بۆتەوەو قال نەبێ بە هەرچ قالبێکی داڕێژی قەلبەو ناڕەواجە .

سامان

هاوکاری

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە

تەنیشت

(المعهد القضائی)

تەلەفون

٤٢٥١٨٤٦

٥ خەت

Institut kurde de Paris